حیزب
وزەی گەنجان دەمژێت
4

ڕۆڵی پیاوان
لەکاتی سکپڕی ژناندا چییە؟
13

خوێندکاران
هەڕەشەی خۆکوشتن دەکەن
17

نم نم
سەرنووسەر: شوان ئادەم ئەیڤەس
لە خەڵکەوە بۆ خەڵک
رۆژنامەیەکی کولتووری گشتییە
www.Nnmnm.com 21
نرخ: 750 دینار
یەکشەممە 2010/4/25

## باوکێک کچو کوڕێکی خۆی دەکوژێت

پیاوێکی دانیشتووی یەکێک لەگوندەکانی شاری کەنگاوەری پارێزگای کرمانشانی خۆرهەڵاتی کوردستان، لەهەوڵێکی خۆکوژی دا کچو کوڕێکی خۆی دەکوژێت.
ئەو پیاوە سەرەتا کچە ١٠ساڵانەکەیو پاشان کوڕەکەی بەچەک دەکوژێتو ئینجا بەهەمان چەک گوللەیەک بەخۆشییەوە دەنێت، بەڵام خۆی نامرێتو هۆکاری ئەو ڕووداوەش بۆئەوە گەڕێنراوەتەوە کە ئەو پیاوە نەیویستووە «هەژاریو چارەڕەشی» ببێتە چارەنووسی دوو منداڵەکەی، هەروەک خۆی باسی لێوەکردووە بنەماڵەکەی هێندە هەژارو دەستکورت بوون، نەیانتوانیوە بژێوی ڕۆژانەی منداڵەکانی دابین بکات.

# هونەرمەندێک دوو کچی خۆی لاقە دەکات

3

## وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی:
## موچەی ٣٠ هەزاری کەمئەندامان دەکرێتە ١٢٠ هەزار دینار

3



## کێشەیەکی کۆمەڵایەتی
## کوژرانی دوو هاووڵاتی لێدەکەوێتەوە

سەنگەر حەسەن لەچەمچەماڵ

شەوی ٢١ی ئەم مانگە لەناحیەی شۆرشی سەر بەقەزای چەمچەماڵ دوو هاووڵاتی بەناوەکانی ئاشتی عەزیزو گەرمیان عەزیز دەکوژرێنو دوو ئاسایشیش برینداردەبنو تۆمەتبارێکیش دەستگیردەکرێتو ئەفسەرێکی پۆلیسیش، هۆکارەکە دەگەڕێنێتەوەبۆکێشەیەکی کۆمەڵایەتی کە بەهۆیەوە سێ کەس تەقە لەهاووڵاتیەک دەکەنو دەیکوژن، دواتر بەدوو ئۆتۆمبێلی پاترۆڵو ئۆپڵ بەرەو کەرکوک هەڵدێنو لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە درێژەی هەیە.

کاروان محەمەد ئەفسەری پۆلیسی فریاکەوتنی چەمچەماڵ، جەخت لەوەدەکاتەوە کە ئەو سێ کەسە بەئۆتۆمبێلەکانیانەوە لەبازگەی بانی مەقانیان داوەو دوو ئاسایشیان بریندار کردووە، «کاتێک تۆمەتبارەکان گەشتونەتە بازگەی بانی مەقان ئاسایشێکیان بریندار کردووەو ئاسایشێکیش تەقەی لەئۆتۆمبێلەکان کردووە پاترۆڵەکە کەوتووەتە ناو چاڵێکەوە، شۆفێری ئۆتۆمبێلەکەی تریش تەقەی لەو ئاسایشە کردووەو برینداری کردووە».

هەر لەدرێژەی لێدوانەکەیدا، ئەو ئەفسەرە باسی لەوە کرد لەکاتی تەقەکردنی ئاسایشو تۆمەتبارەکاندا هاووڵاتیەکی مەدەنی دەکوژرێتو پاشتر لەبازگەی قەرەهەنجیر بەهۆی ڕووداوێکی هاتووچۆوە شۆفێری ئۆپڵەکە دەستگیر دەکرێت.

عەقیدی یاسایی عوسمان عەبدوڵا بەڕێوەبەری پۆلیسی قەرەهەنجیر، ئاماژە بەوە دەدات کە کاژێر هەشتی ئێوارە بنکەکەیان ئاگادارکراوەتەوە لەوەی دوو ئۆتۆمبێلی نیسان پاترۆڵو ئۆپڵ ڤیکترا هەستاون بەتەقەکردن لەناو ناحیەی شۆڕش، ئەوانیش دەسبەجێ هەر ئەو شەوە تۆمەتبارێکیان دەستگیرکردووە کە دانی بەوەدا ناوە کە کەسێکی کوشتووەو هەڵهاتووە.

## پزیشکێکی کورد
## لەئاوی یۆناندا دەخنکێت

تایبەت بە نم نم

بەهۆی نغرۆبوونی کەشتیەک کە لەوڵاتی تورکیاوە بەرەو یۆنان بەڕێکەوتبوو، گەنجێکی کوردی خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان، ڕۆژی ٢١ی ئەم مانگە، گیان لەدەست دەدات.
ئەو کوڕەی لەئاوەکەدا خنکاوە ناوی تورەج مێهدی خانییەو خەڵکی ناوچەی دیواندەری باشوری خۆرهەڵاتی کوردستانەو ئەندامی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بووە.
تورەج مێهدی خانی ناسراو بە د.تورەج، پێشتر لەگەڕەکی ڕزگاری شاری سلێمانی سەرقاڵی کاری پزیشکی بووەو دواتر چووەتە وڵاتی تورکیاو دەیەویست وەک پەناهەندە بچێتە یەکێک لەوڵاتە ئەوروپییەکان، بەڵام لەئەنجامی نغرۆبوونی ئەو کەشتییەی گەشتی پێدەکرد،




## نەخۆشییە سێکسییەکان لە ۆرکشۆپێکدا

پێشەوا محەمەد لەسلێمانی

ڕێکخراوی میدیای سەربەخۆ لەکوردستان، لەڕۆژانی ١٩- ٢١ی ئەم مانگە، وۆرکشۆپێکی سەبارەت بەو نەخۆشیانەی لەڕێگەی سێکسەوە دەگوازرێنەوە لەسلێمانیو هەولێر ڕێکخستو د.لیزان هەردی پسپۆڕ لەبواری نەخۆشییەکانی هەناو، خوێنو سێکس وەک وانەبێژ تیشکی خستەسەر ئەو نەخۆشیانەی لەڕێگەی سێکسکردنەوە دەگوازرێنەوەو باسێکی تایبەتیشی سەبارەت بەڤایرۆسی HIV\AIDS پێشکەش کرد.
د.لیزان هەردی، ئاماژەی بەو جۆرە وۆرکشۆپانەی گەڕاندەوە بۆزیاتر وشیارکردنەوەی کۆمەڵگەلەبارەی ئەونەخۆشیانەی لەڕێگەی سێکسەوەدەگوازرێنەوە، «لەوڵاتی ئێمە باسکردنی نەخۆشییە سێکسییەکان تابۆیە، ئەمەش وایکردووە هۆشیاریمان سەبارەت بەو نەخۆشیانەی لەڕێگەی سێکسەوە توش دەبنو دەگوازرێنەوە زۆر کەمە».
د.لیزان هەردی لەمیانی دیمانەیەکی تایبەتیدا لەگەڵ نم نم کە ژمارەی داهاتوو بڵاودەبێتەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە وشیاری کۆمەڵگەی کوردی بەرامبەر بەنەخۆشی ئایدز لەئاستی نەبووندایە، هەربۆیە لەرێی کردنەوەی ئەوجۆرە وۆرکشۆپانەوە دەیەوێت ئەو پەیامە بەخەڵکی بگەیەنێت، کە نەخۆشی ئایدز چارەسەری هەیەو ئەگەر نەخۆش فەحسی خۆی بکات لەڕێگەی دەرمانەوە بەبەردەوامی چارەسەر دەکرێت، «دەشمەوێت ئەو ڕاستییە ڕوونکەمەوە کە ئایدز تەنها لەڕێگەی سێکسکردنەوە ناگوازرێتەوە، بەڵکو لەڕێگەی ئاڵوگۆڕی خوێنو بەرکەوتنی سرنجو ئامێری پزیشکیشەوە دەگوازرێتەوە».

## ژنێکی گەنج
## لە پیرانشار خۆی دەسووتێنێت

ژنێکی گەنجی خەڵکی ئاوایی گرتکسپیانی ناوچەی لاجانی پیرانشار بەناوی کاڵێ ساڵحیان کە کورپەی ساواشی بەبەرەوە بووە، بەهۆی کێشەی خێزانییەوە ئاگر لەجەستەی خۆی بەر دەداتو بەهۆی زۆریی ڕێژەی سوتاوییەکەوە، هەینی پێشوو گیان لەدەست دەدات. ئەگەرچی دوای ئەو ڕووداوە کاڵێ دەگەیەنرێتە نەخۆشخانە، بەڵام دوای دوو ڕۆژ بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ ڕۆژی ٢٣ی ئەم مانگە بەهۆی خەستی برینەکانیو زۆریی ڕێژەی سوتاوییەکەیەوە لەنەخۆشخانە گیانی لەدەست دەدات.
خۆکوژیو خۆسوتاندن لەنێو دانیشتوانی خۆرهەڵاتی کوردستان ڕوو لەپەرەسەندنەو ساڵانە چەندین کەس دەبنە قوربانی.

بۆ زانینی هەواڵو زانیاریی زیاتر سەردانی ماڵپەڕی نم نم www.Nnmnm.com بکەن

# گۆرانیبێژێک بەزۆر دوو کچی خۆی لاقە دەکات

## تەمەنی یەکێ لەکچەکان حەوت ساڵانو ئەویدیکەیان ١٣ساڵانە

**گۆرانیبێژێکی میللی کەرکوک دوای ئەوەی لەڕێی کۆمەوە دەستدرێژی سێکسیی دەکاتە سەر دوو کچی خۆی، لەلایەن ژنەکەیو کچەکانییەوە سکاڵای یاسایی لەسەر تۆمار دەکرێو پاشتر دەستگیر دەکرێت، هاوکات ژنو کچەکانیشی لەڕۆژی ڕووداوەکەوە شوێنی مانەوەو نیشتەجێبوونی خۆیان بەجێشێشووەو شایەتحاڵێکیش ئاماژە بەگرژیو ناکۆکی پێشتری نێوان تۆمەتبارو خێزانەکەی دەکات کە زۆرجار بەسەرخۆشی گەڕاوەتەوە ماڵو ئازارو ئەشکەنجەی ماڵو منداڵەکەی داوە.**

**ئاکۆ محەمەد شوانی لەکەرکوک**

ئـــەو دوو کچەی دەســـتدرێژیان کراوەتەسەر یەکێکیان حەوت ساڵانو ئەویدیکەیان ١٣ساڵانەو ڕۆژی ٢٠ی ئەم مانگە لەگـــەڵ دایکیان دەچنە بنکەی پۆلیسی عەرەفەی کەرکوکو سکاڵای یاســـایی لەسەر باوکیان - گۆرانیبێژێکـــی نێو بۆنەو ئاهەنگە میللییەکانـــی کەرکوکـــە - تۆمار دەکەن، بەتۆمەتی ئـــەوەی لەدواوەو لەڕێی کۆمەوە بەزۆر لەگەڵ هەردوو کچەکـــەی خۆیدا ڕای بـــواردووەو دەستدرێژی سێکسی کردونەتەسەر.

بۆبەدواداچوونی زیاتری ئەو ڕووداوە نم نم پەیوەندی کرد بەبەرپرسانی باڵای بنکەی پۆلیسی عەرەفەوە، بەڵام هیچ کامیان ئامادەنەبوون لەوبارەوە لێدوان بدەن.

نم نم، لەڕێی سەرچاوەیەکی تایبەتی خۆیەوە کـــە نزیکـــو ئـــاگاداری وردەکاری ئیفادەدانـــی تۆمەتبارو سکاڵاکاران بووە، ئەوەی ئاشکراکرد کە دوابەدوای تۆمارکردنی سکاڵای دوو کچەکـــەو دایکیان لەســـەر تۆمەتبار، هێزەکانی پۆلیس چوونەتە ماڵەکـــەو دەســـبەجێ گۆرانیبێژە تۆمەتبارەکەیان دەســـتگیرکردووە، "لەماڵەکەدا حەبی بێهۆشـــکەرو چەندین جۆری مەشروباتو چەند سیدییەکی سێکسی دەستی بەسەردا گیراوە".

ئەو ســـەرچاوە تایبەتە ئەوەشـــی نەشاردەوە کە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا لەگەڵ دوو کچەکـــەو باوکیان دا، دەرکەوتووە هەردوو کچەکە بەزۆر دەســـتدرێژی سێکســـیان لەگەڵ کراوە، "لەلێکۆڵینەوەکانماندا بۆمان دەرکەوتوە کە بەشێک لەجەستەی ئەو دوومنداڵە ئازاریان پێگەیشتوەو شوێنی ئەشکەنجەدان بەجەستەیانەوە دیاربووە".

سەبارەت بەئەنجامدانی ئەو جۆرە تاوانانە لەڕووی یاســـاییەوە، هیوا ساڵح پارێزەر لەدادگای کەرکوک ڕوونیکـــردەوە کـــە ئەنجامدانی تـــاوان لەلایەن بـــاوک بۆ منداڵ یاخود مامۆســـتا بۆقوتابی لەچاو تاوانـــی ئاســـایی دوو بەرامبەرە، "تاوانبار بەبڕیاری یاسای سزادانی عێراقـــی، بە مـــادە **٣٩٣**ی چرب مشدد، دەســـگیردەکرێتو سزای یاساییەکەشی لەسێدارەدانە".

لەڕووی ئایینیشـــەوە مەلا وەهاب سەنگاوی بەرپرسی لقی کەرکوکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، ئیدانەی ئەو ڕووداوی دەستدرێژیکردنەی کردو ڕایگەیاند کە لەئایینی ئیســـلامدا، "تاوانی لەو شـــێوە، گوناهێکی گەورەیەو لای خوای گەورە لێخۆشـــبوونی ئەســـتەمە، ئەو جۆرە زوڵمو تاوانانە لەئیسلامدا، جێگای نابێتەوەو زۆر قێزەونە، پێویستە ئەو کەسانەی ئەو کارە دەکەن بەسزای یاساییو دینی خۆیان بگەنو خـــوای گەورە لەو دونیا بەعەزابی خۆیان دەگەیەنێت".

بەپێـــی زانیاریی ســـەرچاوەکانی پۆلیســـی کەرکوک، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕووداوی هاوشێوە لەو شارەدا بەرەو زیادبوون دەچنو تائێستاش چەندین کەســـیان بـــەو هۆیەوە دەســـتگیرکردووە، "ئەنجامدانی کرداری سێکســـی باوک بۆ کچو خوشـــک بۆ براو مام بـــۆ برازا ئەنجامـــدراونو کەســـەکانیش دەسگیرکراون".

لەبارەی تەشەنەسەندنی ئەو جۆرە ڕووداوانەوە، پارێزەر هیوا ســـاڵح ئـــەوەی خســـتەڕوو کە پێشـــتر لەکۆمەڵـــگای کوردییـــدا تاوانی هاوشـــێوە زۆر کەم بووەتەوە، بەڵام لەدوای هاتنەناوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆعێراق بەربڵاوبونی هاتووچۆی هاووڵاتیان لەنێو شـــارەکاندا، ئەو جۆرە ڕووداوانە زیاتر تەشـــەنەیان ســـەندووە، "زیادبوونی ئەو جۆرە کارانە مەترســـی بۆسەر کۆمەڵگا دەبێت، بۆیە پێویستە ئەو کەسانەی ئەو کارانە دەکەن، بەسزای خۆیان بگـــەن، تاوەکـــو ڕێگـــری بکەن لەدیاردەبوونی تاوانی لەو جۆرە".

نم نم، لەبەدواداچوونی ئەو ڕووداوە وردەکاری زیاتـــری لەبـــارەی نـــاوی تۆمەتبـــارو قوربانییەکان دەستکەوت، بەڵام لەبەر تەواونەبوونی لێکۆڵینـــەوەکانو دەرنەچوونـــی بڕیاری کۆتایـــی دادگا، هەندێ لەزانیارییەکانـــی بڵاونەکـــردەوە، ئەوەنـــدە نەبێت کە لەئێســـتادا تۆمەتبـــار بەبڕیـــاری دادگای کەرکوک دەستبەسەرکراوەو لەژێر لێکۆڵینەوەدایە، تا ئەوکاتەی دادگا، بڕیاری کۆتایی لەبارەوە دەردەکات.

دووساڵ لەمەوپێشو لەڕووداوێکی هاوشێوەدا، کوردێکی تەمەن **٣٦**ساڵە لەهۆڵەندا ســـێ کچی خۆی بەزۆر دەکات ژنو دوای تۆمارکردنـــی سکاڵای یاسایی لەلایەن کچەکانەوە، تۆمەتبار تاوانباربوونی دەسەلمێو تائێستا لەنێو زینداندایە، ئەمجۆرە ڕووداوانـــەش لەتـــەواوی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستانو عێـــراق دەگمەن نیـــنو ڕووداوی هاوشێوە ڕوودەدەن.

## ئاسۆس نەجیب، وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی:

# دەرماڵەیەکی تایبەتی دەدرێتە توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی رایدەگەیەنێت کە لیژنەیەکیان بۆهەمواركردنەوەی یاسای خانەنشینیو بیمەی کۆمەڵایەتی پێکهێناوەو بەسەرکەوتنی کارەکانی دەتوانرێت خەڵکی لەبری ئەوەی هانا بۆکەرتی گشتی بەرێت، پەنادەباتە بەر کەرتی تایبەتو لەوێ کاردەکات، چونکە لەگەڵ هەموارکردنەوەی یاساکە، کرێکار مافی ئەوەی دەبێت پێشینەی هاوسەرییو زەوی نیشتەجێبوون وەربگرێت.**

**بەرزان عەلی حەمە لەهەولێر**

ئاســـۆس نەجیب، تاقە ژنە وەزیری کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردســـتانەو ناخۆشترین شت کە روبـــەڕووی بوەتە لەمـــاوەی چەند مانگی وەزیرییـــدا بانگکردنیەتی لەلایەن رۆژنامەنووســـانەوە بەکاک ئاسۆس.

وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی خاتو ئاســـۆس نەجیـــب لەمیانی یەکەمیـــن دیمانەیـــدا لەگەڵ نم نم وێڕای ستایشـــکردنی رۆژنامەکە بۆ چاپکردنی پاشکۆیەکی تایبەت بەنابینایـــان بەرێنووســـی برایل، مژدەی ئەوەشی دا کە بڕیاریان داوە چاپخانەیەکی گەورەی برایل بهێننە کوردســـتانو پێداویســـتییەکانی نابینایان چاپ بکەنو زیاتر ئاشنایان بکەن بەوجۆرە رێنووسە.

**بەرزان: پلانو بەرنامەت بۆ چوار ساڵی داهاتووی وەزارەتەکەت لەچیدا خۆی دەبینێتەوە؟**



ئاسۆس نەجیب

**ئاســـۆس:** وەکو کارنامەی وەزارەت تموحـــم زۆر زۆرە، چۆن لەئەوروپا نابینایەک پێویســـتی بەکەس نییە خزمەتـــی بکات، پێمخۆشـــە لای ئێمەش وای لێ بێت، لەتەلەفزیۆنو پاســـەکانداو لەهەمـــوو هۆیەکانی گواستنەوەو هاتوچۆکردندا دەیبینم ئاســـانکاری بـــۆ کەمئەندامانو نابینایـــان کراوە، ئەو سیســـتمی موچەیەی لەوێ هەیە لای ئێمە نییە. بەرنامـــەی کارمان ئەوەیە کە چۆن بتوانیـــن مووچـــەی کەمئەندامان زیادبکەیـــن، هەنـــگاوی یەکەمان ناوەو داواشمان کردووە لەئەنجومەنی وەزیـــران، هـــەر کـــە بودجەکە پەسەندکرا زیادەکەش وەردەگرین.

**بـــەرزان: ئەگەر بەپێـــی ناوەکەی بێت (وەزارەتـــی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی) واتا کاریش بۆ خەڵک دەدۆزێتەوە؟**

**ئاســـۆس:** وەزارەتەکـــەی ئێمـــە لەچەنـــد بەشـــێک پێکهاتـــووە، بەڕێوبەرایەتی گشـــتی چاودێریو گەشـــەپێدانی کۆمەڵایەتیمان هەیە، بەڕێوبەرایەتی گشتی چاکسازیمان هەیـــە، بەڕێوبەرایەتـــی گشـــتی کارو دەســـتەبەری کۆمەڵایەتیمان هەیـــە، ئـــەوەی کـــە پێشـــکەش دەکرێت بەکەمئەندامـــان لەلایەن بەڕێوبەرایەتی گشـــتی چاودێریو گەشـــەپێدانی کۆمەڵایەتییەوەیە کە ســـێ بەڕێوبەرایەتیمان لەهەولێرو سلێمانیو دهۆک هەیە، ئێمە بنکەی مەشقی پیشەییمان هەیەو هەلی کار دەدۆزینەوە، ئەوەی بێکارە دەچێتە ئەو بنکەیەو فۆڕم پڕدەکاتەوە، کاتێک کە بزانین لەکۆمپانیایەک یان شوێنێک هەلی کار ڕەخســـاوە، دەیاننێرین، یاســـای کار هەموار کراوەو تەنها پێشکەشکردنی ماوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، لیژنەشمان پێکهێناوە بۆ هەموارکردنی یاســـای خانەنشینو بیمەی کۆمەڵایەتی، بۆنمونە هەندێ کەس لەکەرتی تایبەت کاردەکات، تائێســـتا بەوجۆرە نییە کە بڕواتە کەرتی گشتییەوەو ئەو خزمەتەی بۆ ئەژمار بکرێت، کە ئەو یاســـایەمان هەموارکـــرد، کرێکار مافی ئەوەی هەیە ســـولفەی زەواج وەربگرێت، زەوی نیشتەجێبوون وەربگرێت، ئەو کاتە بەپێچەوانەوە خەڵک لەکەرتی گشتییەوە دەچێتە کەرتی تایبەت.

**بەرزان: ئێوە وەک وەزارەت تاچەند رۆڵتان لەرێکخستنی ژیانی خێزانیی دا هەبووەو دەبێ؟**

**ئاســـۆس:** ســـەرکەوتنی هەمـــوو حکومەتێک بەندە بەســـەرکەوتنی وەزارەتـــی کاروکاروبـــاری کۆمەڵایەتییەوە، ئێمە لێرە سزادراوو کەمئەندامو بێوەژنو قەیرەو بێکار، نابیست، نابیناو نەخۆشی ئۆتیسمو بیرکۆڵمان هەیە، هاوکاری دەدەینە ئەو هەمـــوو چینو توێـــژە، دیارە ئەرکەکەی ئێمە قورسترە لەزۆربەی وەزارەتەکانی تـــر، چونکە هەموو ئـــەو توێژانە پێویســـتیان بەڕێزو خزمەتکردنە.

**بـــەرزان: ئێـــوە موچەیەکتان هەیە بەبڕی ٣٠هەزار دینار، ئایا ئەمە وەک سیستمی سۆشیالییەکەی ئەوروپایە؟**

**ئاسۆس:** من هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەو موچەیەدا نەبووم، ســـێ هەزار زۆر کەمـــەو وەکـــو خزمەتێـــک ناژمێردرێت بۆئەوانەی وەریدەگرن، بەرنامەیەکـــی زۆر تۆکمەمـــان بەدەستەوەیە بۆجێبەجێکردنی یاسای تۆڕی پاراســـتنی کۆمەڵایەتی، من لەگـــەڵ ئەوەدا نیم ئـــەو پارەیە بەو بڕە دابەش بکرێت، ئەو بەرنامەیەی کە بەدەستمانەوەیە ئەو سی هەزارە نامێنێتو دەبێت بـــە ١٢٠هەزارو ئەوکات ڕێســـای خـــۆی دەبێت، بۆنمونە ئەو کەسەی خانووی خۆی هەبێت ئەو ١٢٠هەزارە وەرناگرێت، چونکە ئێستا کەسمان هەیە کە ئەو ســـی هەزارە وەردەگرێتو موچەی ترو سەیارەو زەویو خانوشی هەیە.

**بەرزان: چیتان بۆ خاوەن پێداویستی تایبەتو نابینایان کردووە، بۆ نمونە ڕێژەیەکـــی زۆر نابینا هەیە، بەڵام هەندێکی کەمیـــان خوێندەواری برایلیان هەیە؟**

**ئاســـۆس:** پـــڕۆژەی زۆرمان هەیە بۆکەمئەندامان، مـــن هەر بڕیاری ئەوەشـــم نەزانیوە کە دەبێت هەموو دامـــودەزگاکان ڕەمپەیان هەبێت، پاش مانگێـــک ڕەمپەیەکم لەبەردەم دەرگای وەزارەتەکەم دروســـتکرد، چونکە کەمئەندامان دەهاتن، بیرم لـــەوە کردەوە چۆن ســـەردەکەون، فەرمانێکی وەزاریشم دەرکردووە کە ڕەمپە بۆ کەمئەندامان دروست بکەن، لەسەردانێکم بۆ سلێمانی بۆ سەنتەری کۆمپیوتەر، بڕیارمدا چاپخانەیەکی گەورەی برایل بێنینە کوردستانەوەو ئەو کەســـانەی کە نابینان سود لەو چاپخانەیە وەربگرن، بڕیاریشم داوە کە کتێبخانەیەکی دەنگی لەوەزارەتی کارەوە بۆ نابینایان دروست بکرێت، داواشمان کردووە موچەی نابینایان زیـــاد بکرێت، لەمانگی سێشـــەوە بڕیارێـــک لەئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچوو مووچـــەی خوێندکاران لەپەنجا هەزارەوە کرایە سەد هەزار.

**بەرزان:لەگەڵ دایکەسزادراوەکانیاندا چەندین منـــداڵ لەزینداندان، ئایا وەکو زیندانییەکیان لێ نەهاتووە؟**

**ئاســـۆس:** لەبەرئەوەی خۆم دادوەر بووم لەداواکاری گشتی، هەستم بەو هەڵەیە کردووە، بەڵام نەبوونی جێگاو نەبوونی بینای تایبەتو شوێن هۆکار بووە، ئێستا بەنیازین چەند قاعەیەک لەناو چاکســـازییەکەدا دروســـت بکەینو ئەو دایکانـــە جیابکەینەوە کە منداڵیان لەگەڵدایە، تا دووساڵ لای دایکەکە دەبنو دواتر دەدرێنەوە بەکەسوکارەکەی.

**بـــەرزان: هەنـــدێ لەهاووڵاتیان تائێســـتاش بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لەکێشە کۆمەڵایەتییەکانیان ســـەردانی شـــێخو مـــەلاو نوشتەنوسەکان دەکەن؟**

**ئاسۆس:** دیارە هۆی سەرەکی دابو نەریتەکەمانە، بەڵام خۆشـــبەختانە ئێســـتا دەبینم ئەو خێزانانەی کە کێشـــەیان هەیە پەنـــا دەبەنە بەر دادگا، زۆر کەیـــس هەبـــووە کە ڕەوانەی توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانمان کردووەو کێشەکە چارەسەرکراوە، توێـــژەرە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی باش دەبینن، من لەوەتەی دەســـت بەکاربـــووم دەوری زیاترم داوە بەتوێـــژەرە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ ئەوەی ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییانە بگەڕێنـــەوە بۆوەزارەتـــی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیو لەدامو دەزگاکانی تـــر زۆر کارنەکەنو داوای دەرماڵەیەکی تایبەتیشم بۆ کردوون.

**بەرزان: هیچ بەرنامەیەکتان هەیە بۆسنوردارکردنی کرێکاری بیانیو خستنەگەڕی بێکارانی ناوخۆ؟**

**ئاسۆس:** هەموو کەسێک ناتوانێت داخڵـــی هەرێم بێت، ئەم ڕێنماییە پێشتریش هەر هەبووە، بەڵام ئێستا تۆزێک تۆخترمـــان کردووەتەوە، هەموو کرێکارێکی بیانی سەربەست نییە بێتە هەرێمەوە، ئەو کرێکارانەی دێنە کوردستانەوە پێویستە فەننی بنو لای خۆمان دەســـت نەکەون، ئەوانەی کـــە فەننی نین لەڕێگای قاچاخـــەوە داغڵ بوون، ئێســـتا لەئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕێک پارە دیاری کراوە، وابزانم پەنجا ملیۆن دۆلارە کە هەموو ئەو کرێکارانەی بەقاچاغ هاتوونەتە کوردســـتانەوە ڕەوانەی وڵاتەکانی خۆیان بکەینەوە، ئەگەر بشـــیانەوێت بێنە هەرێمەوە دەبێت بەو ڕێنماییانەی ئێمەوە بێن.

**بەرزان: تا چەند ئاگاداری ڕەوشی پێشێلکاریی نێو زیندانەکانی؟**

**ئاسۆس:** ئەوانەی ئێمە سەرپەرشتیان دەکەین چاکسازی ژنانو گەورانو منداڵانە، چاودێرییەکی زۆر باشمان هەیە، خۆم زوو زوو دەچمە ناویانەوە بەبێ ئـــەوەی بەڕێوبەرەکە ئاگادار بێت، ئاگامان لەخواردنەکانیانو چارەسەرە پزیشکییەکانیان هەیە، بۆیە پێشـــێلکاری نییـــە، چونکە پاســـەوانەکەمان داری بەدەستەوە نییە، ئێستا ئەوەی دهۆک کامێرامان بۆ داناوە، نیـــازی ئەوەمان هەیە کامێرا لەهەموو هۆڵەکان دابنێین، خۆشم سندوقی ســـکاڵام داناوەو کلیلی سندوقەکانیش لای خۆمەو نایدەمە دەست هیچ فەرمانبەرێک، خۆم دەچم سندوقەکان دەکەمەوەو ســـکاڵاکان دەخوێنمـــەوەو بەدوواداچوونیان بۆ دەکەم.

# دز ... دانیشتوانی سلێمانی هەراسان دەکات

## "شەوێک تاچووینە ماڵی باوکم‌و گەڕاینەوە، ١٤مسقاڵ ئاڵتون‌و ملیۆنێک‌و ٥٠٠ هەزار دینارمان دزرا"

**دانیشتوانی سێمانی ئاماژە بەوە دەدەن کە ڕێژەی دزی زیادیکردووەو دز ماڵەکانی هەراسان کردوون‌و بەرپرسانی پۆلیسیش هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ گەورەبوونی شارو نەبوونی بنکەی پۆلیس لەگەڕەکە تازەکان‌و ئامارێکی ڕەسمیش ئەوە دەسەلمێنێت کە لەچوار مانگی ڕابردوودا ٢٠کەس بەتۆمەتی دزیکردن دەستگیرکراون**

ڕامان سەعید لەسلێمانی

هەرچەندە هێزەکانی پۆلیس بەشەپۆل دزەکان دەستگیردەکەن، بەڵام تەشەنەسەندنی دزیکردن لەشاری سلێمانیدا هاووڵاتیانی بێزارو نیگەران کردووەو ئەوەش بەهەڕەشەو مەترسی دەزانن بۆسەر خۆیان.

کامەران ڕەزای تەمەن ٣٥ساڵ دانیشتوی گەڕەکی کانیسپیکەیەو ماوەی چەند هەفتەیەکە ماڵێکی دراوسێیان دزی لێکراوەو ئەوەش بوەتە هۆی ترس لەوەی دز ماڵەکەی ئەویش وێران بکات، "هەرچەندە خەڵکی ئەم ناوچەیە زۆرینەی هەژارن، بەڵام وامان لێهاتووە کە نەوێرین ماڵ چۆڵ بکەین، چونکە دەترسین ماڵەکانمان ڕووبەڕووی دزی ببێتەوە".

شیلان نوری تەمەن ٣٠ساڵ دانیشتوویەکی گەڕەکی سەرچنارەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، شەوێک دزیان لێکراوەو ئاڵتون‌و پارەی ماڵەکەیان دزراوە، "شەوێک تاچووینە ماڵی باوکم‌و گەڕاینەوە، ١٤مسقاڵ ئاڵتون‌و ملیۆنێک‌و پێنج سەد هەزار دینارمان دزراو نەمانزانی کێ بووە"، هەربۆیە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەگەر حکومەت کار نەکات بۆ کەمکردنەوەی ئەو دزییانە، ئەوا هیچ کەسێک لەماڵی خۆی دڵنیان نابێت، بەجێی بهێڵێت.

بەوتەی بەرپرسانی پۆلیس شەوو ڕۆژ تیمەکانی پۆلیس بەنێو شاردا دەگەڕێن‌و لەچەند هەڵمەتێکی جیای تیمەکانی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی‌و پۆلیسی نەهێشتنی تاوان پێنج باندی دزیکردن دەستگیرکراون، کە ١٦پیاو دوو ئافرەتیان تێدابووە.

بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی عەمید نەجمەدین قادر، ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو دزییانە بەزۆری لەگەڕەکە تازەکان‌و قەراخی شاری سلێمانیدا دەکرێن، کە تائێستا بنکەی پۆلیسیان تێدا نەکراوەتەوە، "لەماوەی چوار مانگی ڕابردوودا پێنج باندی دزی دەستگیرکراون، کە هەستاون بەدزینی ئاڵتونی ماڵان‌و مۆبایل‌و چەندین کەرەستەی تری ناو ماڵان".

ناوبراو، جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموو ئەوانەی بەتۆمەتی دزیکردن دەستگیرکراون دراونەتە دەست دادگاو هەر یەکەو بەپێی تاوانەکەی سزا دەدرێت.

ئەو بەرپرسەی پۆلیس، دانیشتوانی سلێمانی دڵنیادەکاتەوە کە تیمەکانی پۆلیسی فریاکەوتن هەوڵەکانیان چڕتر دەکەنەوە بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسانە، "ئێمە سەرو ماڵی هاوڵاتیان دەپارێزین‌و لەپێناو بنەبڕکردنی تاواندا بنکەی پۆلیس لەگەڕەکە تازەکان دەکەینەوە، ناهێڵین هیچ کەسێک ئارامی سلێمانی بشێوێنێت".

بەوتەی پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی بڵاوبونەوەی دزیکردن پەیوەندی بەبێکاری گەنجانەوە هەیە.

دڵشاد نەجمەدین توێژەرێکی کۆمەڵایەتییەو باس لەوە دەکات کە لەهەر کۆمەڵگیایەکدا دیاردەی بێکاری بڵاوببێتەوە، بەتایبەت لەناو گەنجاندا، کۆمەڵێک دەرهاویشتەی ناپەسەندی دیکەش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت لەوانە: خودانە مادە بێهۆشکەرەکان، دزیکردن‌و دروستکردنی باندی مافیای جۆراو جۆر، "پێویستە بۆبیرکردنەوە لەچارەسەری هەر کێشەیەکی لەو جۆرە لەهەرێمی کوردستاندا، کێشەکە لەبنەڕەتەوە چارەسەر بکرێت، کە بێکارییەو هەلی کار بۆ گەنجان دەستەبەر بکرێت".

# فرۆشی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لەدابەزیندایە

## "٨٦٪ خەڵکی دەڵێن ئەگەر ئەو بابەتانەی خۆمان دەمانەوێت لەڕۆژنامەکاندا هەبێت دەیانخوێنینەوە"

پێشەوا محەمەد لەسلێمانی

ڕۆژنامەفرۆشێک پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە فرۆشی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لەئێستادا بەبەراورد بەچەند مانگی ڕابردوو بەڕێژەی ٢٠٪ دابەزیوە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە کەم هەفتە هەیە بڵاوکراوەیەکی نوێ دەرنەچێ.

هەندێک لەڕۆژنامەنووسان دابەزینی ئاستی فرۆشی ڕۆژنامەکان دەگەڕێننەوە بۆ زۆری ڕۆژنامەو گۆڤارەکان.

کەمال ڕەئوف، سەرنوسەری ڕۆژنامەی هاوڵاتی ئاماژە بەوە دەدا کە ڕۆژنامەکان بەڕادەیەک زۆربوون کە خوێنەر فریای کڕین‌و خوێندنەوەیان ناکەوێت، هەروەها دابەشکردنی چەند ڕۆژنامەیەک بێبەرامبەر ئاستی فرۆشی ئەوانیدیکەشی دابەزاندووە، "پێش ڕۆژنامەی ئەهلی خوێنەر لەخوێندنەوەی ڕۆژنامە حزبییەکان تۆرابوو، بەڵام ئێستا ڕۆژنامە ئەهلییەکان خوێنەریان ئاشتکردۆتەوە".

هەندێکی تر لەڕۆژنامەنووسان باس لەوە دەکەن کە دابەشکردنی ڕۆژنامە بەبێبەرامبەر هیچ پەیوەندییەکی بەدابەزینی ئاستی فرۆشی ڕۆژنامەوە نییە، ئەوەتا ستران عەبدوڵڵا، سەرنوسەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ باس لەوە دەکات کە، "ئەگەر ڕۆژنامەیەک باش بێت‌و بابەتیی بێت خوێنەری خۆی هەر دەبێت، ڕۆژنامەیەکی تر کە بەلاش دابەش دەکرێت هیچ کاریگەرییەک لەسەر ئەو ڕۆژنامەیە دانانێ".

ڕایەکی تر هەیە کە باس لەوە دەکات دابەزینی ئاستی فرۆشی ڕۆژنامەکان پەیوەستە بەڕانەگرتنی میزاجی خوێنەر لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان.

ئەنوەر حسێن بازگر سەرۆکی لیژنەی بەرگری لەڕۆژنامەنووسان لەسەندیکای ڕۆژنامەنووسان، ئاماژە بەوە دەدات کە لەگەڵ ئەوەی تاکی کورد زۆر ناخوێنێتەوە، بەڵام "ڕۆژنامەکانیش میزاجی ئەو کەمە خوێنەرەشیان تێکداوە کە چاودێریی ڕۆژنامەکان دەکەن‌و دەیانخوێننەوە"، هەربۆیە بازگر جەخت لەوە دەکاتەوە هەبوونی ئینتەرنێت، هۆکارێکی دیکەیە لەوەی کاریگەرییەکی خراپ لەسەر فرۆشی ڕۆژنامەکان دابنێت.

لەلایەکی دیکەوە مامۆستایەکی زانکۆ، باس لەوە دەکات کە لەگەڵ ئەوەی بازاڕی فرۆشی هەرێمی کوردستان زۆر زوو دادەخرێن‌و ڕۆژنامەکان زۆر ناگەن بەخوێنەران، جگەلەوەش جەنجاڵی‌و قەرەباڵغی شارەکانیش وایکردووە خوێنەر بەئاسانی دەستی نەگاتە ڕۆژنامەکان، هەروەک هەڤاڵ ئەبوبەکر، مامۆستای زانکۆی سلێمانی دەڵێت: "زۆر بەدڵنیاییەوە دەیڵێم کە خوێنەر لەوڵاتی ئێمە کەمی نەکردووە، بەڵکو ئەوە ئاستی ڕۆژنامەکانن دابەزیون‌و هیچیان بۆ خوێنەر تێدا نییە، ئێمە ڕاپرسییەکمان کردووە ٨٦٪ خەڵکی دەڵێن ئەگەر ئەو بابەتانەی خۆمان دەمانەوێت لەڕۆژنامەکاندا هەبێت‌دەیانخوێنینەوە".

بەوپێیەی بەیەک گەیشتنی ڕۆژنامەو خوێنەر لەلایەن کەسێکەوەیە کە پێیدەوترێت ڕۆژنامەفرۆش، بۆیە ئەو ڕۆژنامەفرۆشانە لەنزیکەوە ئاگاداری ئاستی فرۆشی ڕۆژنامەکانن.

مەلا موحسین، ڕۆژنامەفرۆشێکی سلێمانییەو پێنجشەممەی پێشوو خەڵاتی سۆرانی مامە حەمەی بۆ ئازادیی ڕۆژنامەگەریی پێبەخشراو ئاماژە بەوە دەدات کە بەشێوەیەکی گشتی فرۆشی هەموو ڕۆژنامەکان‌دابەزیوە، "لەئێستاداو بەبەراورد بەچەند مانگی ڕابردوو کە چەندین هەڵبژاردنی تێدابوو، فرۆشی ڕۆژنامەکان بەڕێژەی ٢٠٪ دابەزیوەو هۆکارەکەشی دووبارەبوونەوەی ئەو بابەتانەیە کە لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاودەکرێنەوە".



خوێنەران لەڕۆژنامە کوردییەکان دەتۆرێن

فۆتۆ: سوران نەقشبەندی

# پشتی چووینە ژڤانێ ئەڤینیێ

# ترۆمبێلا وان وەرگەڕیاو کۆری گیانێ خۆ ل دەست دا

**د نەخۆشترین رویدان دا ل دهۆکێ، کۆرەکی دەزگرا خۆ ل ترۆمبێلەکێ سوار کرو بەرەڤ جهەکی چوون بۆ دیتنا ئێک دو ژ نێزیکو ئەنجامدانا ژڤانێ ئەڤینیێ، بەلێ ژ نیشکەکێ ڤە ترۆمبێل وەرگەریاو کۆری گیانێ خۆ ژ دەست دا.**

لڤین نێروەیی ل بادینان

سەرۆکێ دادگەها تاوانان ل دهۆکێ خۆیاکر، ڕۆژانە سێ هەتا چار کێشەیێن هەمە جۆر ل دادگەها تاوانان ل دهۆکێ برێڤە دین و پتریا وان ژی دهێنە ئێکلاکرن. ئەڤ جارە کێشەیەکا سەیر ل دادگەهێ هاتە ئێکلاکرن لێ چ کەس ل سەر وێ کێشێ نە هاتنە گرتن و حوکمکرن.

### شوفێر ل بەر پییان چوو

دەربارەی ریدانێن ڤێ چیرۆکێ ئێک ژ کەساو کارێن خێزانا وی کۆری بۆ نم نم دبێژیت: ئەڤ کێشە ل سالا ٢٠٠٩ رویدابوو، ل باژێرکێ شێلادزێ کو سەرەب قەزا ئامێدیێ ڤە یە، گەنجەکێ ٢٠سالی ب ناڤێ "ج" دگەل هەڤالەکێ خۆ یێ خودان ترۆمبێلا مارسیدس رۆژەکێ بەرەڤ کارێ خۆ دچیت، ژ نیشکەکێڤە دبینیت دەزگرا وی یا ل سەر جادێ دا ئەو ژی بەرەڤ قوتابخانێ چیت، کۆری ترومبێلا هەڤالێ خۆ ل بەر راوەستاندو دگەل سوار بوو و بەرەڤ جهەکێ بەرزە چوون دا کو ژ چاڤێن خێزانا کچێ دویر بکەڤن، لێ ڤێ دویرکەفتنێ مالا وان هەلوەشاندن‌و ئەڤینیا وان بڕکاند.

### کچ دبێژیت قەزا و قەدەر بوو

ئەو کچا بریندابووی د پەیوەندیەکا تێلەفونی دا بۆ نم نم گۆت: پشتی ئەم دەرکەفتین مە سوحبەت دکرن، ئەم ل پشتا ترۆمبێلێ روینشتبووین‌و نێزیکی ١٥دەقیقان ئەم ب رێڤەچووین، ژ ئەگەرێ لەزا شۆفێری ترۆمبێل نەهاتە کونترولکرن‌و ژ نیشکەکێڤە ترۆمبێلا مە ل ترۆمبێلەکا ئوپل داو پاشی وەرگەریاو مە خۆ نەدیت، من هند خۆ دیت ئەز یا د نەخۆشخانێ ڤەو بریندارم و پاشی ئەز ئاگەهداربووم کو دەزگرێ من گیانێ خۆ ل دەست دایە.

هەروەها دبێژیت: د سەر وێ چەندێ را کو دەزگرێ من گیانێ خۆ ل دەست دا ئەز ژی بریندابووم و هەتا نوکە ٢٢٪ عەجز بۆ لەشێ من چێبوویەو شۆفێرێ مە ژی کو هەڤالێ وی بوو ب گرانی بریندابوو و پاشی نوشداران گۆتێ تە ٦٠٪ عەجر دێ د لەشی دا مینیت.

### ترۆمبێلا دی ژی داخازا قەرەبووکرنێ دکەن

د ڤێ کێشێ دا سەرەرای وێ چەندێ کو شۆفێر ب گرانی بریندابوو و ترۆمبێلا وی یا مارسیدس ژی ژ کارکەفت، شوفێر تاوانبار بوو، شۆفێری ل دادگەهێ بەرەڤانیەکا تمام ژ خۆ کرو ئەڤ چەندە ب قەزاو قەدەر ل قەلەم دا، لێ دادگەهێ کێشە هەر برێڤە بر.

قوبحەتا ژ قوبحەتێ مەزنتر کو ب سەرێ شۆفێری هاتی، دەما شۆفێری ل ترۆمبێلەکا ئۆپل دای دو کەس بریندارکر بوون و ترۆمبێلا وان ژی ژ کار کەفت بوو، لەوما خودانێن وێ ترۆمبێلا ئۆپل ژی سکالایەک دژی وان ل دادگەهێ تومارکربوو و داخازا قەرەبووکرنێ دکر.

بەکر سەدیق کو پارێزەرێ شۆفێرێ تۆمەتبار بوو، گۆت: شۆفێر بۆ قوربانی گەلەک تشتان، نوکە گەلەک ئاگەه ژ خۆ نینەو لدویڤ راپۆرتێن پزیشکی شۆفێرێ تاوانباری تووشی ڤالنجا مێشکی بوویە، لێ کچێ گۆت: "ئەز داخوازا چ قەربووکرنا ناکەم‌و ئەز ل تاوانباری دبوورم، چونکو قەزاو قەدەر بوو و ب چ مەرەمێن خەلەت ئەڤ چەندە نەهاتیە کرن".

دادگەهێ پشتی ئەڤ کێشە گەنگەشەکری ب سەرکێشیا هەر سێ دادوەرێن دادگەها تاوانان، بریار هاتە دان کو ئەڤ کێشە بهێتە داخستن‌و "تاوانبار" ژی بهێتە ئازادکرن‌و قەرەبووکرنێ بدەتە کەسێن زیان ڤێکەفتی.

# ئاهەنگی هاوسەریی پێویستییە یان زیادە مەسرەفی؟

## "ئەگەر یەکێک ژن بهێنێتو ئاهەنگی بۆ نەکات وەک ئەوە وایە شلەی بێ گۆشت بخوات"

**جگە لەوەی بەشێکی زۆری کچانو کوڕان باس لەوە دەکەن کە ئاهەنگ گێڕان لەکاتی هاوسەرییدا یادگارییەکی زۆر خۆشە، بەڵام هەر ئەو کچو کوڕانەش بیروڕای جیاوازیان لەسەر ئاهەنگ گێڕانو نەگێڕانی هەیە، ئەوەش بەهۆی چەندین هۆکاری ئایینیو ماددیو کۆمەڵایەتی.**

ساوێن عەبدوڵڵا لەسلێمانی

کاتێک کوڕێـــک ژن دەهێنێت، بەدوو جۆری جیاواز ڕادەگەیەنرێت، لەجاری یەکەمیانداو پاش ئەوەی کچەکە لەکوڕەکە مارە دەبڕدرێت شەکراو دەخورێتەوە، کە زۆربەی جار ئەم بۆنەیە لەهۆڵی تایبەت بەشەکراو خواردنەوەدا ئەنجام دەدرێت، دوای قۆناغـــی دەزگیرانداریو لەکاتی گواستنەوەشـــدا ئاهەنگی گواســـتنەوە دێتـــە پێشـــەوە. لەئێستاشـــدا بەهۆی زۆری هۆڵەکانـــی ئاهەنـــگ گێڕانو پێویســـتییەکانی تری، بۆتـــە خولیای گەنجانو هەندێجاریش وەک مەرج لەلایەن کچانەوە بەسەر کوڕاندا دەسەپێنرێت.

### ئاهەنگ گێڕان پێویستییە یان زیادە مەسرەفی؟

تنۆکو کامەران بەمەبەســـتی ئاهەنگ گێڕان ســـەردانی یەکێک لەهۆڵەکانی شـــاری ســـلێمانیان کردبوو، لەکاتی قسەکردندا تنۆک باسی لەوە دەکرد کە ئاهەنگ گێڕان تا دواهەناسەی ژیان وەک یادگاری بۆ هاوســـەرەکان دەمێنێتەوە، "جگەلەوەی بۆ سەرەتای هاوسەرگیرییم ئاهەنگ دەگێڕم، هەموو ساڵێکیش هەر بەئاهەنگ یادی ئـــەو ڕۆژە دەکەمەوە، هەروەها مەرجێکی شوکردنیشـــم بوو، چونکە وەک ڕۆژێکـــی زۆر مێژوویی دەمێنێتەوە".

ئالان ڕەئوف، ٢٢ســـاڵ، کە ماوەی دوو هەفتەیە چوتە نێو ژیانی هاوسەرییەوە، ئاماژە بەوە دەدات کە زۆر دڵخۆشە بەوەی توانیویەتـــی ئاهەنگ بگێڕێت، "ئەگەر یەکێـــک ژن بهێنێـــتو ئاهەنگی بۆ نەکات، وەک ئەوە وایە شلەی بێ گۆشت بخوات". بەڵام لانە حسێنی تەمەن ٢٠ساڵ بۆچوونێکی پێچەوانەی هەیەو باس لەوە دەکات کە هیچکات ئاهەنگ گێڕان مەرج نییە بۆخۆشەویستییەکی زیاتر لەنێوان ژنو مێرددا، "من ئاهەنگ بەشـــتێکی زیادە دەزانمو تەنها پـــارە بەفیڕۆدانە، ماوەی دووساڵە شوم کردووەو ئاهەنگیشم نەکـــردووەو زۆر لەژیانو شـــوکردنو مێردەکەشم ڕازیم".

### تەنها لەبەر یادگارییەک خۆم تاوانبار ناکەم

بەشێک لەکچو کوڕە گەنجەکان لەگەڵ ئەوەی زۆر بەتامەزرۆییەوە باس لەخۆشی ئاهەنـــگ گێڕان دەکەن، بـــەڵام لەبەر هۆکاری جیاواز ناتوانن ئەو خەونەیان بێننەدی.

کاروان فایەق، ٢٤ساڵ ئاماژە بەوە دەدا کە لەگەڵ ئەوەی خۆیو دەزگیرانەکەشی زۆر حەزیـــان لەئاهەنگ گێڕانە، بەڵام بەوتـــەی کاروان لەبـــەر نەبوونی پارە ناتوانن ئاهەنگ بگێڕن، "ڕاستە ئەگەر کوڕێـــک ژن بهێنێـــت دەبێت پارەی تەواوی بۆ ئەو پرۆسەیە هەبێت، بەڵام ئەی ئەگەر گەنجێک ئەو پارە تەواوەی نەبوو نابێت ژن بهێنێت؟".

هەندێکی تـــر لەگەنجان لایەنی ئایینی دەکەن ڕێگر لەبەردەم ئاهەنگ گێڕانیان لەکاتی هاوسەرییدا.

ڕۆشنا کامیل، ١٩ساڵ، چەند هەفتەیەکی تـــر دەچێتە نێو ژیانی هاوســـەرییەوە، بەڵام لەبەر "حەرامی" ئاهەنگ گێڕان نایەوێت ئاهەنگ بکەن، "ئاهەنگ گێڕان حەرامەو خوای گەورە سزای بۆ داناوە، بۆیـــە نامەوێت تەنها لەبەر یادگارییەک خۆم تاوانبار بکەم".

### لەڕووی ئایینیەوە حەرامە

حەسەن عەبدوڵڵا، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی عائیشـــە، ئاماژە بەوە دەدا کە لەبەرئەوەی لـــەو ئاهەنگانەدا کچو کوڕ تێکەڵاودەبنو دەســـتی یـــەک دەگرن، ڕەشـــبەڵەک دروســـتدەبێتو ئەوەش لەئایینی ئیسلامدا حەرام کراوە، "ئەو شوێنەی ڕەشبەڵەکی لێبکرێتو مەشروبی لێ بخورێتەوە، بەردەوام غەزەبی خوای لێدەبارێت".

### خەرجی ئاهەنگ گێڕان زۆر دابەزیوە

ئاسۆ عوسمان، خاوەنی هۆڵی ئەکواپارک لەشاری سلێمانی، ئاماژە بەهەرزانبونی نرخی هۆڵەکانی ئاهەنگ گێڕان دەکاتو باس لەوە دەکات کە ڕۆژانە بەشێوەیەکی بـــەردەوام ئاهەنگـــی گواســـتنەوەو شـــەکراوخواردنەوە لەهۆڵەکەیانـــدا سازدەکرێتو نرخەکانیشیان جیاوازە، ئاهەنگی شەکراوخواردنەوە نرخەکەی ١٥٠هەزار دینـــارەو جێگەی ٤٥٠کەس دەبـــێ، ئەوەش لەکاتێکـــدا کە خۆیان خواردەمەنیو شیرینی بهێنن، جۆرێکی تر بەپێی ژمارەی کەسەکان دەیکەن واتە شـــیرینیو خزمەتی تەواو لەسەر ئەوان دەبێتو بۆهەر کەســـێک پێنج هەزار وەردەگرن، بۆ ئاهەنگی گواســـتنەوەش ٣٥٠هەزار وەردەگـــرنو خواردەمەنیو مۆدێلو دیکۆرات بەپێی داواکاری بوکو زاوا دەبێت، "لەئێستادا خەرجی ئاهەنگ گێڕان لەچاو جاراندا دابەزیوە، چونکە لەئێستادا خاوەن ئاهەنگ پێویستناکات تیپی مۆســـیقا بانگ بـــکات، بەڵکو بەئامێـــری دی جـــەی ئاهەنگەکەی بۆ بەڕێدەکرێت".



هەندێ لەگەنجان ئاهەنگگێڕان بە کارێکی حەرامو زیادە دەزانن

# تا کەی گەنجان لەحەساری حیزب دا دەمێننەوە؟

ڕێباز هیوا

هەموومـــان دەزانین زۆرتریـــن ئەندامو لایەنگـــری حیزبـــەکان گەنجانن. ئەوان لەپۆســـتە جیاوازەکانـــی خـــوارەوەدا کاردەکـــەن، بەبـــێ ئەوەی لەئاســـتی سەرکردایەتیکردنی حیزبەکەیان بونیان هەبێت. حیزبەکانی کوردستان ئەوانەی مێژوی دروســـتبونیان بۆ پەنجا شەست ساڵ بەر لەئێستا دەگەڕێتەوە نەیانویستوە گەنج لەئاستی سەرکردایەتیو بەڕێوەبردنو ئاراستەکردنی حیزبدا بێنە پێشەوە.

حیزب تونیلێکە ئەوانەی بەرۆحی گەنجانەوە تێدەچن دەبێـــت بەرۆحی پیرییەوە لێی بێنەدەرەوە. پیری بەو مانایەی ئیتر توانای تازەگـــەریو پێشـــکەوتنو جوڵەو کاری جیاوازی نەبێت. ســـەرکردایەتی حیزب مامۆستای دەســـتەمۆکردنو گوێڕایەڵیو خەساندنی گەنجێتی کادرەکانێتی. ئەوانەی مل نادەنو دەیانەوێت بەرۆحی گەنجێتییەوە بەرەنگاری بکەن تائێســـتا ئەنجامەکەیان شکستو دۆڕان بووە.

ئـــەو گەنجە عاقڵـــە گوێڕایەڵانەی مایەی سەرئێشەنین بۆ حیزبو کۆپیەکی تەواوی ســـەرکردایەتی خۆیانن، لەنازو نیعمەتی حیزب بێبەش ناکرێنو لەخوانی حیزب پشـــکیان بەر دەکەوێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە پشـــکی ئەمان لەچاو گەورەکانیان زۆربچوکو کەم بایەخە، بەڵام خۆ لەئەندامە گەنجـــە هاوڕێکانیان زۆرباشـــترن کە جگەلەدەمو چاوێکی بێزراوی نەویستراو لەلایەن سەرەوە خاوەنی هیچیتر نین.

دەســـەڵاتو پۆســـتو ئیمتیازاتی مادیو مەعنەوی بەچەند پلەیەک دەست پێدەکات. سەرۆکو ســـکرتێر لەپلە یەکەمی هەموو ئیمتیازەکاندایە، ئەوانەی خوار خۆی دەبێت جورئەتی بینینی ئەو ئیمتیازانەیان نەبێت. لەپلەی دووەمدا ئیمتیازو بڕیارەکانیان کەم دەبێت، بەڵام بەشێوەیەکە هەموو دەرگامان لەبـــەردەم ویســـتی ئەوانـــدا والایە ئەم بەرپرسانەی پلەی دووەم کەسانێک لەپلەی سێیەم دادەنێن، بەخەویش بیر لەدەسەڵاتو سەروەتو سامانەکانیان ناکانەوە.

کۆمەڵە کەســـێکی گوێڕایەڵی بێدەنگ، دواجار دەبێتە پارێزی سەروەتو سامانی پیـــاوە گەورەکانی حیزب، ئیتر پلە بەپلە دەســـەڵاتو ئیمتیاز تادەگاتـــە کادری ئۆرگانەکانی خوارەوە دەســـەڵات دابەش دەکرێت، هەر گەنجێک زیاتر لەهەموان بێدەنگترو دڵســـۆزی بەرپرسەکان بێت شیرینی دەسەڵاتی زیاتر بەنسیب دەبێت.

لەپاش چەندین ســـاڵ کارکـــردن بەم میکانیزمە، حیزبەکان توشی چەقبەستن بوونو گەنجەکانی ناوی خەســـێندرانو هیچ کوڕێکی نێو حەســـاری حیزبەکان جورئەتی دەرچونی نییە لەم دۆخە. دواجار ئەم دۆخـــە ڕەنگدانەوی دەبێت لەســـەر ئاستی کوردســـتانو شۆڕدەبێتەوە بۆنێو خێزانو پەیوەندییـــە کۆمەڵایەتیەکانیش، کوڕی حیـــزب وا پەروەردەکراوە لەگەڵ ســـەروی خۆی بێدەنگـــو لەگەڵ خواری خۆی دڵڕەق بێت، ئەوانەی لەخێزانەکەیدا گوێڕایەڵن لەپێشتربن لەوانەی بەئاسانی مل نادان. ئەو خزمو هاوســـێو هاوڕێیانەی گەڕەک وەلائیـــان بـــۆ حیزبەکەی ئەم هەیە خۆشەویســـتربن لەوانەی لەدەرەوەی حیزبەکەی ئەمەوەن.

نابێت ئەوەشـــمان لەبیربچێت دیاردەی تەکتولیش کاری خۆی لەسەر هێنانەپێشەوەو پشتگوێخســـتنی ئەندامانـــی نێو هەمان حیزب کردووە. تەنانەت کەسایەتیەکانی ســـەرکردایەتیو مەکتەبـــی سیاســـی کادرەکانی خوار خۆیـــان بەپێی دوورو نزیکی لەخۆیانەوە دابەشکردووە. ئەوانەی دەروێشی ئەوبن، ئەمیش قسورناکات لەپلە بەرزکردنەوەو دەمچەورکردنی. بەم شێوەیە گەنجەکانی نێو حەساری حیزبەکان کە زۆرینەی گەنجەکانی کوردستان پێکدێنن، ڕۆبۆت ئاســـا چاوەڕوانـــی مەرحەمەتی کەسێکن پەنجە بنێت بەکۆنترۆڵەکەیاندا تا بەویستی ئەوکەسە بجوڵێت.

# ئۆپۆزسیۆن لەمینبەری مزگەوتەکانەوە

مەریوان نەقشبەندی

خەڵکانێک پەیدابـــوون دەیانەوێت حکومەتی هەرێمو ســـەرکردایەتی سیاســـی واز لەکێشـــە نەتەوەییو سیاسیو ئابوورییو کۆمەڵایەتییەکان بێنێـــتو ســـەرقاڵی دۆســـێی سوکایەتیکردن بەئایین بێت.

لەم چەند مانگەی دواییدا هەڵمەتێکی ئۆپۆزســـیۆنی حزبی لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنـــەوە دەســـتی پێکردووەو دەیانەوێت ســـەرکردایەتی سیاسی کـــورد لەســـەرقاڵبوون بەکێشـــە ناوخۆیـــیو دەرەکییەکانی هەرێمی کوردســـتانو بەتایبەتیـــش ئـــەو کێشـــانەی پەیوەندی بەئاسایشی نەتەوەیـــی هەیـــە دووربخەنـــەوەو بەدۆسێی سوکایەتیکردن بەئایینو نەریتە کۆمەڵایەتییەکان مەشـــغوڵی بکەن.

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە هەندێ لەئیمامو خەتیبی مزگەوتەکان خۆیان کردۆتە بەشـــێک لەم سیاســـەتەی ئۆپۆزســـیۆنو بـــاس لەهەمـــوو چارەسەرێک دەکەن تەنها دادگاو یاســـا نەبێت، لەڕاستیدا پەنابردن بۆ وتـــاری هاندان بۆ تۆڵەکردنەوە یاخود ئیجرائاتی دەرەوەی یاســـا سوکایەتیکردنە بەدەزگای دادوەریو حوکمی یاسا لەکوردستاندا، من وەک ڕۆژنامەنوسێکو شـــارەزا لەبواری ئایینەکان، مەشغوڵکردنی وەزارەتی ئەوقافو پەرلەمانو حکومەتی هەرێم بەمەسەلەی سوکایەتیکردن بەئاینو پیرۆزییـــە ئاینیـــەکان بەهەوڵێکی دەرەکـــی دەزانم کـــە بەهاوکاری چەندین دەزگای ئیســـتیخباراتیو مەرجەعی ئایینی دەرەکی لەڕێگای چەند حزبو کەســـێک لەهەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت.

لەکاتێکدا ڕۆژی هەینی ٢٠١٠/٤/١٦ ڕۆژی ژینگەی کوردستان بوو، کە دەبوو تیایدا مامۆســـتایانی ئایینی لەوتارەکانیان ئەم بابەتەیان بۆخەڵکی باس بکردایـــەو بەموســـڵمانانی کوردستانیان بگوتایە کەوا پاراستنی ژینگەکەمان بەشـــێکە لەئاسایشی نەتەوەییو ئەرکی هەموو ئیمانداڕو بێئیمانێکیشـــە، کەچـــی هەندێ لەئیمـــامو خەتیبەکان لـــەم ڕۆژەدا باسیان لەگۆڤارێک کردوە کە گوایە سوکایەتی بەئیسلام کردوەو ئادابی گشتی تێدا شکێنراوە.

هەندێ لەو مامۆستا وتاربێژانە هێڵە ســـوورەکانی وەزارەتی ئەوقافیان بەزاندوەو ناوی گۆڤـــارو دەزگاو کەســـایەتیان هێناوە، پێشـــتریش دوو دێڕی شیعرێک کە لەیەکێک لەرۆژنامەکانـــی کوردســـتان بڵاوکرابـــۆوەو تیایدا ســـوکایەتی بەگومبەزو منارەی مزگەوت کرابوو، کرایە بابەتی چەندین وتاری هەینی مزگەوتەکان، تەنانـــەت دۆزینەوەی چەند پەرەیـــەک بەدڕێنراوی لەناو چەند سندوقێکی سێو کە لەئێرانەوە هاتبوە کوردســـتان کرایە بابەتی چەندیـــن وتاری هەینـــیو تیایدا حکومەتـــی هەرێـــم تۆمەتبارکراو بەکەمتەرخەمیان وەســـفکرد، بەڵام ئەم ئۆپۆزسیۆنەی ناو مزگەوتەکان هەرگیز باســـیان لـــەو ئیجرائاتە یاســـاییانە نەکرد کـــە بەرامبەر شـــاعیرەکەی دهۆکو پۆلیسەکەی باوەنـــوور کراو بەپێچەوانەشـــەوە هەندێ لەئیمامو خەتیبی مزگەوتەکان گاڵتەیان بەیاســـا کـــردو داوای تۆڵەسەندنەوەی جەماوەریان کرد.

تۆ بڵێی مامۆســـتایانی ئایینی ئەو ڕاستییە نەزانن کە ئایینی ئیسلام خـــوای گـــەورە بـــۆ مرۆڤایەتی ناردوەو بەم جۆرە ئیشـــە لابەلایانە لەناوناچێت؟ باشە ئەمریکاو خۆرئاوا بەو هەموو هێزە مادیو سەربازییو سیاسییەی خۆیان نەیان توانیبێت خەڵکی لەئیسلامو بەها پیرۆزەکانی دووربخەنەوەو ئێســـتاش سەرەرای ئاکامە خراپەکانی ١١ی سێپتێمبەر لەسەر ئایینی ئیسلام کەچی ساڵانە ٢٠هەزار کەس لەئەمریکا موسڵمان دەبن، کەواتە باشتروایە حزبەکانو وتارخوێنـــی مزگەوتەکان خۆیانو خەڵـــکو پەرلەمـــانو حکومەتی هەرێم بـــەرووداوی لابەلاو کردەوەی کەسێکی نامەسئول کە لێرەو لەوێ سوکایەتی بەپیرۆزییەکانی ئیسلام دەکات مەشـــغوڵ نەکـــەنو داوا لەپەرلەمانو حکومەتو دەســـەڵاتی سیاسی کوردســـتان بکەن بەدوای چارەسەری کێشە نەتەوەییەکانمان بگەڕێت، بەدوای چاکسازی سستمی کۆمەڵایەتیو پەروەردەییو ئابووریی کوردستان بگەڕێت.

پێویستە مامۆســـتایانی ئایینی دوا لەســـەرکردایەتی سیاسیو لیستە کوردییەکانی ناو پەرلەمانی عیراق بکەن کە لەســـەر مـــادەی ١٤٠ی دەســـتوورو چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغداو هەولێـــر بکەن، پێویســـتە خەڵکی کوردســـتان هان بدرێت بڕۆنەوە بـــۆ گوندەکانیـــانو حکومەتیش ناچاربکـــەن هاوکاریـــان بکات، پێویســـتە مامۆســـتایانی ئاینـــی تەئکیـــد لەســـەر باشـــترکردنی سستمی تەندروستیو پەروەردەیی بکەنو خەڵکی کوردســـتان فێری پێکەوەژیان بکەن، ئەرکی یەکێتی زانایانی ئیســـلامی کوردســـتانو وەزارەتی ئەوقافیشـــە لەم ڕێرەوەدا هـــاوکاری مامۆســـتایانی ئایینی بێتو هەڵسەنگاندنو بەدواداچوونی هەبێت بۆ وتارە باشو خراپەکانی مزگەوتەکانی کوردستان.

naqshbandy@gmail.com

# خۆکوشتنی گەنجان لەزیادبوندایە

دیبەجەبار

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی Worhd Psychiatry Association ڕێژەی خۆکوشتن لەنێو هەرزەکارانی تەمەن ١٥بۆ١٩ساڵ لەبەرزبونەوەدایەو ساڵانە نزیکەی یەک ملیۆن کەس خۆیان دەکوژن کە زۆربەیان گەنجو هەرزەکارن.

ڕێکخراوی جیهانی پزیشکانی دەروونی ئەوەشیان خستۆتەڕوو کە لەم چەند ساڵەی دوایدا ڕێژەی خۆکوشتنی کچانو ژنانی تەمەن ١٤ بۆ ٣٠ساڵ لەبەرزبونەوەدایە.

سایتی ئەلیکترۆنی suicide.org بڵاویکردەوە کە لەسەر ئاستی جیهانو لەهەر چل چرکەیەک کەسێک خۆی دەکوژێت، ئەوەش وایکردووە ڕێژەی خۆکوشتن لە٥٠ساڵی ڕابردوودا لەسەر ئاستی جیهان، بەڕێژەی ٦٠٪زیاد بکات.

زانای دەروونی بریتانی د. مارک ماکلور لەلێکۆڵینەوەیەکی نوێدا گەیشتووە بەو دەرئەنجامەی کە ئەو ئامارو داتایانەی لەسەر خۆکوشتن لەنێو گەنجاندا بڵاوکراونەتەوە زۆر ترسناکەو ڕێژەکە گەیشتوتە ئاستێکی مەترسیدار کە پێویستە چارەسەر بکرێت، "زۆربەی ئەوانەی خۆیان دەکوژن بەپلەی یەکەم کوڕانن هەرچەندە ڕێچکەی خۆکوشتنی ژنانیش بەپێی ساڵانی ڕابردوو زیادی کردووە".

ئەو پسپۆڕە دەروونییە هۆکاری خۆکوشتنی گەنجان دەگەڕێنێتەوە بۆبێئەزموونی کە بەهۆیەوە توانای ڕووبەڕووبونەوەی ناخۆشیەکانی ژیانیان نامێنێو "قەیرانی باوەڕ بەخۆنەبوونی گەنجان پاڵنەری خۆکوشتنیانە".

د. مارک ماکلور ئەو باوەڕ بەخۆنەبوونەی گەڕاندەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار لەسەرویانەوە: گرفتە دەروونییەکان، کێشەکانی خێزانو هاوسەری، بێکاری، تاوانکردنو ترسی ڕووبەڕوبونەوەی دادگاو بەندیخانە.

لێکۆڵینەوەکەی دکتۆر مارک هۆکارێکی تری خۆکوشتن دەگەڕێنەتەوە بۆکێشەکانی ژیانو داخوازییە زۆرەکانی گەنجان لەم سەردەمەداو بڵاوبونەوەی مادە هۆشبەرو کهولیەکان لەنێو گەنجانو ئالودەبونیان بەو مادانەوە.

ئەگەرچی شێوازەکانی خۆکوشتنی گەنجان جۆراوجۆرە، بەڵام بەزۆری بەدەرمان خواردنو خۆخنکاندن کۆتایی بەژیانیان دێنن. لێکۆڵینەوەکە ئاماژە بەوە دەدات کە پیاوان بەڕێگای توندوتیژی خۆیان دەکوژن وەک پەنابردنە بەر خۆکوشتن بەفیشەک یان خۆبریندارکردن یان خۆهەڵواسین یان خۆفڕێدانەخوارەوە لەشوێنی بەرز، بەڵام ژنان بەزۆری بەهۆی خواردنی دەرمانەوە خۆیان دەکوژن، ئەوە جگەلەخۆکوشتنی ژنانی وڵاتانی دواکەوتوی خۆرهەڵات کە پەنا دەبەنەبەر خۆسوتاندن.

د.ڕۆزی ئۆکونۆر پسپۆڕی کۆمەڵایەتی ئاماژە بەوە دەدات کە زۆربونی کێشە لەنێو وڵاتاندا هۆکاری ئەو خۆکوشتنەیەوپێویستەچارەسەربکرێت، "خەڵکی چاوەڕێی زۆرشتن لەگەنجان، ئەگەر ئەوانیش خۆیان بکوژن کەواتە کۆمەڵگا ئیفلیج دەبێت".

د. ڕۆزی ئۆکنۆر پێیوایە گەنجان بەپەنابردنەبەر خۆکوشتن دەیانەوێت لەناخۆشییەکانی ژیان خۆیان ڕزگاربکەن، بۆیە پێویستە گەنجان ڕابهێنرێن لەخواستەکانیاندا زیادەڕۆیی نەکەن، چونکە سەردەمی ئێستا گەنجان هەرچی بکەن هێشتا ناتوانن هەموو شتێکی ژیان بەدەست بێنن، "ڕوبەڕوبونەوەی خۆکوشتنی گەنجان ئەرکێکی مرۆیی هەمومانە تا هاوکاریان بین بەسەر گرفتەکانی ژیاندا سەرکەوین، چونکە خۆکوشتن نیشانەی کۆمەڵگایەکی نەخۆشی ناتەندروستە".

# حیزب وزەی گەنجان دەمژێت

## "ڕێکخراوەکانی لاوان قۆرخکراونو تەنها چەند کەسانێک سودی لێدەبینن و لەخەمی کێشەکانی لاوان نین"



گەنجان شەڕی سەربەخۆیی دەکەنو حیزبەکانیش هەوڵی کۆنترۆڵ کردنیان دەدەن

**لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراوی گەنجانو لاوان لەهەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، بەڵام بەهۆی باڵادەستی عەقڵی پیرو کارنەکردن بۆیان، گەنجان پێشوازییەکی گەرم لەو ڕێکخراوانە ناکەن، هاوکات هەڵسوڕاوێکی بواری ڕێکخراوەیی باس لەباڵادەستی حزب بەسەر ڕێکخراوەکانو سەربەخۆنەبوونیان دەکاتەوە، کە وایکردووە نەتوانن نوێنەرایەتی گەنجان بکەن.**

میهرەبان سلام لەهەڵەبجە

بەوتەی چاودێرانی کۆمەڵایەتی، لەئێستادا گەنجان لەڕێکخراوەکانی گەنجانو لاوان تۆراونو ڕوویان تێناکەن، هاوکات لەناو گەنجانیشدا بۆچوونی جیاجیا لەسەر دوورکەوتنەوە لەو ڕێکخراوانە هەیەو هەریەکەیان پاساوی دیاریکراوی خۆی هەیە بۆپاشەکشێی لاوانو نەوەی نوێ لێیان.

### ڕێکخراوەکانی گەنجان تەنها ڕووکەشیان جوانە

بەشێک لەگەنجان هۆکاری نەچوونیان بۆنێو ڕێکخراوەکانی تایبەت بەگەنجان بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە ئەو ڕێکخراوانە کار بۆ گەنجان ناکەنو تەنها چەند کەسانێک لێی سودمەند دەبن.

بورهان عەبدوڵا گەنجێکی شاری هەڵەبجەیەو لەگەڵ ئەوەی خوێندنی تەواوکردووە، بەڵام ئێستا بێکارە. ئەو گەنجە باس لەوەدەکات، کە ڕێکخراوەکان لەدەرەوە ڕووکەشێکی جوانیان بۆخۆیان دروستکردووەو هەڵگری پێناسێکی کولتوریی گەنجانە نینو لەبەردەم جێبەجێکردنی داوا سەرەتاییەکانی گەنجان دا کەمتەرخەمو بێبەرهەمن، "کاری ڕێکخراوەکان ئەوەیە کار بۆگەنجان پەیدابکات، بەڵام لەکوردستاندا کارەکان بەپێچەوانەوەیە".

بەشێکی تریش لەگەنجان پێیانوایە ئەو ڕێکخراوانە نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی گشتی لەخزمەی ئاواتو خواستی گەنجاندابن، هاوکات پێیانوایە ڕێکخراوەکانیش "قۆرخکراون".

شیروان جەلال، ٢٥ساڵ، ئاماژە بەدەستوەردانی حیزب دەکات لەوردەکاریی ڕێکخراوەکانی لاوان، بەجۆرێک دەسەڵات لەڕێکخراوەکاندا، "بووەتە سیستەمی دەرەبەگایەتی، شێوازێکی بۆماوەیی بەخۆیەوە بینیوە، بۆیە ڕێکخراوەکان هەوڵ نادەن کێشەکان چارەسەر بکەن، بۆ ئەوەی تەنها چەند کەسانێک سودی لێ ببینن".

### عەقلییەتێکی پیر ڕێبەری گەنجان دەکات

بەشێک لەگەنجان باس لەوە دەکەن کە دەبێ ڕێکخراوەکانی گەنجانو لاوان کار لەسەر بەرفراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەو ڕوانینیان بکەنو هانی سەربەخۆیی هزریی و مادییان بدەن، نەک ئەوەی ببنە داردەستو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی حیزبو ئایدۆلۆژیایەکی داریکراو، بۆئەوەش بەپێویستی دەزانن ئەو ڕێکخراوانە لەلایەن کەسانێکی عەقڵ کراوەو گەنجەوە بەڕێوەببرێن، نەک ئەوانەی بەجەستە گەنجو بەتواناو بیرکردنەوە پیرن.

شنیار جەمال،٢٤ساڵ، بەپێویستی دەزانێت هەموو ڕێکخراوێک ستافێکی گەنجی هۆشیار پێکبێنێت بۆ ئاراستەکردنی کارو چالاکییەکانی لاوان بەئاراستەیەکی کراوەدا، بەڵام "ئەوەی لەپشت ڕێکخراوەکانەوە دەبینرێت، ئەقڵیەتێکی پیرەو گەنج بەڕێوە دەبات، ئەو کەسانەش کە سەردانی ڕێکخراوەکان دەکەن، تەمەنای ئەوە دەکەن زوو بگۆڕێنو گەورە ببنو پیرببن بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ڕێکخراوەییان پێبدرێت".

بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە، ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی لاوان کۆسرەت کاروان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە گەنجان خۆیان نایەنە پێشەوەو خۆیان دەشارنەوە، "بەدرێژایی مێژووی ڕێکخراوەکەی ئێمە کەسێکی بەتەمەنی تێدا نابینی، بەڵام ئەو گەنجانەی ئەو قسانە دەکەن لەکاری ڕێکخراوەیی نازانو بێئاگایانە ئەو قسانە دەکەن".

### گەنجان ئینتیمایان ماوە؟

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ژینۆ جاسم، وەک توێژەرێکی کۆمەڵایەتی لەوە دەدوێ کە بەشێکی زۆری گەنجان بەهۆی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی وەک ئینتەرنێتو مۆبایل، کە وایان کردووە بەئاسانی هەر زانیارییەک بتەوێت بەئاسانی دەستکەوێت، وایان لەگەنجان کردووە پێویستیان بەسەردان ڕێکخراوەکان نەمێنێت.

لەلایەکی دیکەوە ئاودێر کەمال وەک شارەزایەک لەکاری ڕێخراوەیی دەدواو ئاماژەی بەوەدا کە هەرچەندە گەنج بەداینەمۆی دروستبوونی ڕێکخراوەکانو جموجوڵی کۆمەڵگا دادەنرێن، بەڵام "گەنجانیش ئینتیمایان بۆهیچ نەماوەو ناتوانن خۆیان بسەپێنن".

ئاودێر، دان بەو ڕاستییەشدا دەنێت کە ڕێکخراوەکان تائێستا نەیانتوانیوە نوێنەرایەتی لاوان بکەن، چونکە "ڕێکخراوەکان ئالودەی حیزبو سیاسەتن، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی ئەو ڕێکخراوانە لەلایەن ئەو حزبو لایەنانەوە ئاراستە وەرگرن نەوەک لەخەمو پێویستییەکانی گەنجانەوە".

# بێکاریی و کاریگەرییە دەروونییەکانی لەسەر گەنج

هۆشیار سادق

بێکاری واتە گیرفانی بەتاڵو کاتی بەتاڵی، کە ئەم دوانەش دووژمنی مرۆڤن، بەتایبەت گەنجان کە هیچ جۆرە ئەزمونێکی ژیانیان نییەو نازانن ئەم حاڵەتە چۆن تێپەڕێنن، دەرئەنجام ئەم بێکارییە چەندین کێشەی دەروونیی و کۆمەڵایەتیی و هەندێجار یاسایشی بەدوادا دێت.

### خۆبەکەم زانین

لەناو خێزانی کوردییدا ئەو کوڕو کچانەی خاوەن گیرفانی خۆیانن، لەبڕیاردانداندا تاڕادەیەک سەربەخۆو لەنێو خێزاندا شوێنێکی تایبەتیان هەیە، چونکە ئەوان بەو پارەیەی هەیانە بەشدارن لەبەڕێوبردنی ماڵدا. ئەگەرن مونەی ماڵێک بێنینە بەرچاومان کە دوو کوڕی پێگەیشتویان هەیەو یەکێکیان کار دەکاتو ئەویتریان هیچ کارێکی نییە. بەئاسانی ئەوە دەبینیێ خێزانەکەی بەچاوێکی کەمتر سەیری ئەو کوڕەیان دەکەن کە کارناکات، بەڵام ئەویتریان گوێی لێدەگیریێو بەقسەشی دەکرێت.

لێرەوە گرێ خۆ بەکەم زانینو هەست بەبێ تواناییو بێدەسەڵاتی لەلای کوڕی دووەم سەر هەڵ دەدات. لەو قسەو باسانەی لەنێو خێزاندا دەکرێت لەسەر هەر بابەتێکی خێزانی ئەم خۆی لێ بەدوور دەگرێتو پێی بکرێت ئەو دانیشتنەش بەجێدەهێڵێت.

### ڕۆڵی نیگەتیڤی خێزان

بەداخەوە خێزانی کوردیی بەشێوەیەکی گشتی تێگەیشتنی نییە بۆ ئەم حاڵەتی بێکاریی و زۆرجار لەبری ئەوەی دڵی کوڕو کچەکەیان بدەنەوە سەرزەنیشتیان دەکەن بەدەست بەتاڵیی و تەمەڵیی و کارنەکردن. ئەم سەرزەنشتکردنەو شکاندنو ئیهانەکردنە ئەوەندەی تر کەسی بێکار دەڕووخێنێت.

هەندێجار ئەم جۆرە ڕفتارانە دەبێتە هۆی شەڕو ناخۆشی، ئەمەش وا لە گەنج دەکات لەماڵەوە بتۆرێتو ماڵەوەی لێ ببێت بەدوژمن، بەمشێوەیە ئەو هەرزەکارە یان ئەو گەنجە بێئەزمونە زۆربەی کاتەکانی لەدەرەوە بەسەر دەبات. لێرەوە ئەگەری زۆرە ڕێڕەوی ژیانی دەگۆڕێتو بەئاقاری کارو ڕفتاری خراپو هاوڕێی خراپدا دەچێت.

### بەرەوتاوان

گەنج کە پشتی لەماڵ کردو زۆربەی کاتەکانی لەدەرەوەی خێزان بەسەربرد بێگومان توشی هاوڕێی خراپ دەبێتو هەر ئەوانیش بەرەو چەندین تاوان پەلکێشی دەکەن، لەوانەش پەنابردنە بەر دزیی و تاڵانکردنی خەڵکی لەپێناو بەدەستهێنانی پارەو ساماندا، هەندێجار لەپێناو پارەدا تاوانی کوشتنیشی بەدوادا دێت.

یەکێکی تر لەدیارترین ئەو کارانەی ئەم گەنجانە دەیکەن پەنابردنە بەر قەرزکردنە، بەبێ ئەوەی توانای دانەوەیان هەبێت، چونکە گەنجێکی بێکار، نازانێت کاتەکانی بەچییەوە بەسەر بەرێت، بۆیە دەبینی لەنێو گەنجە بێکارەکاندا ڕێژەی ئەوانەی مادەی هۆشبەر بەکاردەهێنن زیاترە، ئەوەشمان بیرنەچێت کە لەنێو ئەم گەنجانەدا شەڕکردنو یەکتر بریندارکردن دەبێتە دیمەنێکی چەندبارە بووەو بەمشێوەیە تاوان لەنێویاندا ڕوو لەزیادی دەکات.

### خەیاڵپڵاوی

یەکێک لەسیفەتەکانی گەنجێتی بەدەستهێنانی هەموو شتێکی ئەم دنیایە، هەر لەکچی جوانو سەیارەی مۆدێل بەرزو خانوی گەورەو هەرشتێکی خۆشو باش کە بەخەیاڵیدا دێت، بەڵام ناخۆشی ئەم خەیاڵە لەوەدایە لەزۆربەی کاتەکاندا لەگەڵ واقیعی ئەو کەسەدا نایەتەوە، چونکە خۆی لەبنەڕەتدا بابەیەکی ڕووتو بێکارو نەفرەتلێکراوە، بۆیە هەندێک لەوانە واز لە خەیاڵی خۆیان ناهێنن و هەمیشە لەگەڵیدا دەژین لەلای هەندێکیان دەگاتە نەخۆشی دەروونی بەوەی لەبەخەیاڵ هەموو شتێکی هەیەو لەواقیع هیچی نییە. ئەم خەیاڵپڵاوییە کەسایەتیەکی بۆدرووست دەکات هەمیشە درۆ دەکات بۆئەوەی ڕاستی خۆی بشارێتەوە.

کە لەگەڵ کچێکدا قسە دەکات دەڵێت من خاوەن سەیارە، خانوو، پارەو ئاڵتون هەموو شتێکم. ئەم خەیاڵپڵاوییە وا لەو گەنجە دەکات لەناو خەڵکییدا بەچاوێکی سوک تەماشا بکرێت.

### بێکاری لەنێو ژناندا

کە باس لەڕێژەی بێکاری دەکرێت یەکسەر بیرمان بەلای پیاواندا دەچێت، بەبێ ئەوەی ئەوەی باس لەنیوەی ئەم کۆمەڵگایە بکەین کە ژنانن، ئەوانیش لەڕووی دەروونییەوە بێکاری کاریگەری خراپیان لەسەر بەجێدەهێڵێت، بەڵام ئەمان ناتوانن لەچوارچێوەی ماڵ بێنە دەرەوە هەروەها کەسیش داوایان لێناکات لەبەڕێوبردنی ماڵدا هاوکاری بکەن.

ئەو کچانەی خاوەن کارێک نینو مانگانە موچەیەکیان نییە، بەردەوام چاویان لەدەستی باوک، برا، هاوسەرەکانیانە، تا جلو بەرگیان بۆبکات یان لەبازاڕکردندا پارەی پێبدات. ئەم کچانە کە شویان نەکردووە ئەم کارانە ماڵیان لێدەکات بەدۆزەخو هەرچۆنێک بێت بڕیاری شوکردن دەدەن.

ئەوانەی شویان کردووە ڕووبەڕووی بێ پارەی دەبنەوە، هەندێ کەسی کەم لەم ژنانە مل دەنێن بۆ هەندێ تاوان لەوانە: دزی، لەشفرۆشی، خۆکوشتنو شەڕو ئاژاوەی ماڵ.



# کارلۆس تیڤێز چووە لیستی داواکراوانی ریاڵ مەدرید

لەچوارچێوەی هەوڵەکانی یانەی ڕیاڵ مەدریدی ئیسپانی بۆبەهێزکردنی ریزەکانی، ناوی کارلۆس تیڤێزی ئەرژەنتینیو هێرشبەری یانەی منچستەر ستی ئینگلیزی خستە ناو ئەو لیستەوە کە دەیەوێت بۆ وەرزی داهاتوو بۆندیان لەگەڵ ئیمزابکات.



ڕۆژنامەی سەنی بەریتانی بڵاویکردەوە: ئەگەر یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی بۆندەکەی کارلۆس تیڤێز نوێ نەکاتەوە، ئەوا یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی هەوڵەکانی چڕتر دەکاتەوە تا ئەو یاریزانە ڕازی بکاتو بۆندی لەگەڵ ئیمزا بکات، چونکە لێپرسراوانی یانەی ڕیاڵ دەیانەوێت بەمەبەستی زیاتر پتەوکردنی ریزەکانی یانەکەیان لەوەرزی داهاتوودا بۆند لەگەڵ تیڤێزی ئەرژەنتینی ئیمزا بکاتو تەنانەت ناوەکەشی خۆستۆتە ئەو لیستەوە کە ناوی چەند یاریزانێکی دیکەی تێدایەو دەیانەوێت بەرەسمی بۆندیان لەگەڵ ئیمزا بکەن، هاوکات پێدەچێت یانەی ریاڵ بەرامبەر گواستنەوەی تیڤێز فرناندۆ گاگۆی ئەرژەنتینیو یاریزانی یانەکە بدات بەیانەی مانچستەر سیتی.

تیڤێزی تەمەن **٢٥**ساڵ لەئێستا تووشی چەند کێشەیەک بووە لەگەڵ یانەکەیداو وەک پێویستیش مووچەی هەفتانەی پێنادرێت، بۆیە دەیەوێت لەوەرزی داهاتوودا ریزی یانەکەی جێبهێڵێت.



# ریزبەندی یاریزانانی تێنسی سەر زەوی

رۆجیە فیدرەری سویسری، پارێزگاری لەریزبەندی یاریزانانی تێنسی سەر زەوی جیهان کرد.

رابیتەی تێنسی سەر زەوی جیهان، کە مانگانە باشترین یاریزانی تێنسی سەر زەوی دەستنیشان دەکاتو لەنوێترین ریزبەندی یاریزانانیدا رۆجێ فیدرەری سویسری بەکۆکردنەوەی **١٠**هەزارو **٦٩٠**خاڵ لەپلەی یەکەمی ریزبەندییەکە مایەوەو نۆڤاک دیۆکۆڤیجی سربیش بەحەوت هەزارو **٣٩٠**خاڵ بەپلەی دووەم هات.

رافایل نادالی ئیسپانیش دوای ئەوەی پاڵەوانێتی مۆنتی کارلۆی بەدەستهێنا کۆی خاڵەکانی گەیاندە شەش هەزارو **٩٨٠**خاڵو لەپلەی چوارەمەوە خۆی گەیاندە پلەی سێیەم.


خوان مارتن دێل پۆترۆی ئەرژەنتینیش پلەی چوارەمی مسۆگەرکردو پێنج هەزارو **٧٢٥**خاڵی کۆکردەوەو ئاندی مۆرای بەریتانیش کۆی خاڵەکانی گەیاندە پێنج هەزارو **٤٨٥**خاڵ و دابەزییە پلەی پێنجەم، نیکولای داڤیدینکۆی روسیو ئاندی رۆدیک ئەمریکیو رۆبن سۆدەرلینگی سویدیو فێرناندۆ ڤێرداسکۆی ئیسپانیو جۆ ویڵفێرد تسۆنگای فەرەنسی بەپلەکانی شەشەم تا دەیەم هاتن.

# کێبڕکێی کاسیاسو ڤاڵدز لەسەر مۆندیال

بەڕێوبەری کارەکانی یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی پێیوایە ڤیکتۆر ڤاڵدێزی گۆڵچی یانەی بەرشەلۆنە بۆبەشداریکردن لەیارییەکانی مۆندیالی ئەفریقای باشوور، شایەنی ئەوەیە ببێتە گۆڵچی سەرەکی هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئیسپانیاو بەتەوای پشتی پێببەسترێت، چونکە لەئێستادا ئاستیڤاڵدز لەئیکەر کاسیاسی گۆڵچی سەرەکی یانەی ڕیاڵ مەدریدو هەڵبژاردەی ئیسپانیا بەرزترە، بۆیە پێویستە ڤیسێنتی دلبۆسکی راهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا بیر لەبانگهێشتکردنی ئەو گۆڵچییە بکاتەوە، چونکە یارییەکانی ریاڵ مەدریدو بەرشەلۆنە ئەو راستییە دەسەلمێنێت کە ئەو دوو گۆڵچییە کامیان شایەنی ئەوەن ببنە گۆڵچی سەرەکی هەڵبژاردەی ئیسپانیا، هەروەها نابێت ئەو راستییەش لەبیر بکرێت کە لەئێستادا یانەی بەرشەلۆنە کە باشترین یانەی ئەوروپاو جیهانیشە ڤیکتۆر ڤاڵدز پارێزگاری لەگۆڵەکەی دەکات.



# نادال شەشەمین نازناوی لەسەر یەکی بەدەستهێنا



لەشاری مۆناکۆی فەرەنساو لەمیانی یاری کۆتایی پاڵەوانێتی مۆنتی کارلۆ بۆتێنسی سەر زەوی، کە کۆی خەڵاتەکانی دووملیۆنو **٥٠٠**هەزار یۆرۆیە، رافائیل نادالی پاڵەوانی ئیسپانی توانی لەمێژووی ژیانی وەرزش خۆیداو بۆ شەشەمین جار لەسەریەک نازناوی پاڵەوانێتییەکە بۆ خۆی مسۆگەر بکات، ئەوەش دوای ئەوەی رووبەڕوی فرناندۆ فیرداسکۆی هاونیشتمانی بووەوە، توانی بەئاسانیو بەدوو کومەڵەی بێبەرامبەر یارییەکەی لەبەرژەوەندی خۆی کۆتایی پێهێنا، خاڵی کۆمەڵەکانیش بریتیی بوون لە**٦-٠**و **٦-١**، بەو ئەنجامەش نادال بووە خاوەنی **٣٧** نازناو کە لەژیانی وەرزشیداو لەبواری تێنسی سەر زەویدا بەدەستیهێناوە.

# باتستوتا ... زیاد لەنازناوێک



گابرێل عومەر باتستوتا، هێرشبەری ناوداری هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئەرژەنتین کە نازناوی باتی گۆڵو مەدفەعچی پێبەخشرا بوو، لە**١٩٦٩/٢/١** لەشاری ئەفیلانیدای ئەرژەنتین لەدایکبووە، وەک خۆی ئاماژەی پێداوە سەرەتا عاشقی یاری باسکە بووە، بەڵام کاتێک هەڵبژاردەی ئەرژەنتین جامی جیهانی **١٩٧٨**ی بەدەستهێنا، بڕیاریدا ببێتە یاریزانی تۆپی پێ. ئەوەی ئەم یاریزانە لەسەرجەم یاریزانەکانی دیکەی جیهان جیادەکاتەوە ئەوەیە کە لەکاتی یاریکردنیدا لەگەڵ چەند تیپێکی میلليو دەرکەوتنی تواناو بەهرەکانی، بەبێ ئەوەی لەخولی پلە سێ یان پلە دوو یاری بکات، ساڵی **١٩٨٨** گوازرایەوە ریزی یاریزانانی پلە یەکی یانەی نیوز ئۆلد بۆیزی ئەرژەنتین کە ئەوەش سەرەتای دەستپێکردنی یاری باتستوتا بووەو توانیویەتی **٢٤** یاری لەخولی پلە یەکدا لەگەڵ ئەم یانەیە ئەنجام بداتو حەوت گۆڵ تۆمار بکات.

لەساڵی **١٩٨٩** مەدفەعچی بەپێی بۆندێک روو دەکاتە یانەی ریڤەرپلەیتی ئەرژەنتینو لەگەڵ ئەم یانەیەشدا **٢١** یاری ئەنجامداوەو **١٧**گۆڵی تۆمار کردووە، بەڵام بەهۆی بوونی ناکۆکی لەگەڵ راهێنەری ئەو کاتەی یانەکە، لەساڵی **١٩٩٠**و هەر لەئەرژەنتین روو دەکاتە یانەی بۆکاجۆنیۆز، کە تەنها ساڵێک لەگەڵ ئەم یانەیەشدا یاریکردووەو توانیویەتی لە**٢٤**یاریدا **١٣**گۆڵ تۆمار بکات.

بۆبەشداریکردن لەپاڵەوانێتی کوبا ئەمریکای **١٩٩١** باتستوتا بانگهێشتی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین کراو توانی بەتۆمارکردنی شەش گۆڵ ببێتە گۆڵکاری پاڵەوانێتییەکەو نازناوەکەش بۆئەرژەنتین بەدەستبهێنێت. هەر لەو ساڵەدا باتی گۆڵ یانەی بۆکاجۆنیۆزی بەجێهێشتو پەیوەندی بەیانەی فیۆرەنتینای ئیتاڵییەوە کرد.

لەیەکەم وەرزی یاریکردنیدا لەگەڵ ئەو یانەیە **١٣**گۆڵی تۆمار کرد، بەڵام یانەکەی بۆخولی پلە دووی ئیتاڵیا دابەزی، لەدووەم ساڵی یاریکردن لەخولی پلە دوو، یانەکەی پلەی یەکەمی مسۆگەرکردو باتستوتاش **١٦**گۆڵی تۆمارکردو یانەکەی گەڕاندەوە بۆخولی پلە یەک، لێرەوە ناوو ناوبانگی ئەو یاریزانە یاری دوای یاری رووی لەزیادبوون دەرکرد.

لەساڵی **١٩٩٣** لەگەڵ یاریزانانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بەشداریکرد لەپاڵەوانێتی کوبا ئەمریکاو توانیان بۆجاری دووەم لەسەریەک پاڵەوانێتییەکە بەدەستبهێنن، پاشان لەگەڵ هەڵبژاردەکەیدا بەشداری یارییەکانی جامی جیهانی **١٩٩٤**ی کرد، هەرچەندە ئەرژەنتین لەقۆناغی شانزەی ئەو جامەدا پاڵەوانێتیەکەی بەجێهێشت، بەڵام باتستوتا لەسێ یاریدا بەشداری کردو چوار گۆڵی تۆمارکرد کە لەیەریەکیاندا هاتریکی تۆمارکرد، واتە سێ گۆڵ لەیەک یاریدا.

دوای جامی جیهانی **١٩٩٤** باتستوتا گەڕایەوە ریزی یانەی فیۆرەنتیناو لەوەرزی **١٩٩٤ - ١٩٩٥** بەتۆمارکردنی **٢٦**گۆڵ، بووە گۆڵکاری خولی ئیتاڵیو هەر لەو وەرزەشدا ژمارەیەکی پێوانەیی جیهانی نوێی تۆمارکرد، کە ئەویش تۆمارکردنی **١١**گۆڵ بوو لە**١٠** یاری یەک لەدوای یەکداو چەندین نازاناوی دیکەشی لەگەڵ فیۆرەنتینا بەدەستهێنا لەوانە: جامی ئیتاڵیا **١٩٩٥**، جامی سوپەری ئیتاڵی **١٩٩٦**.

دواتر پاسارێلای راهێنەری ئەوکاتی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لەیارییەکانی پاڵاوتن بۆجامی جیهانی **١٩٩٨** بەهۆی بوونی ناکۆکی نێوانیان بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی پێنەبەست، بەڵام دوای سەرکەوتنی ئەرژەنتین بۆمۆندیالی **١٩٩٨** بانگهێشتی هەڵبژاردەکە کراو پێنج گۆڵی تۆمارکرد، کە لەیارییەکەی بەرامبەر هەڵبژاردەی جامایکادا، هاتریکی تۆمار کرد، بەوەش بووە یەکەم یاریزان لەمێژوودا کە لەدوو جامی جیهانیدا هاتریکی تۆمار کردبێت.

دوای ئەوەی **٢٦٩** یاری بۆ یانەی فیۆرەنتینا ئەنجامداو **١٦٨** گۆڵی تۆمارکرد، ئەم هێرشبەرە ناودارەی تۆپی پێ، لەساڵی **٢٠٠٠**دا بەپێی بۆندێکو بەبڕی **٣٥**ملیۆن دۆلار چووە یانەی رۆمای ئیتاڵی، ماوەی دوو وەزر لەگەڵ ئەو یانەیەدا یاری کردو توانی لەکۆی **٦٣** یاری **٣٠**گۆڵ تۆمار بکاتو خولی ئیتاڵی **٢٠٠٠**و جامی سوپەری ئیتاڵی **٢٠٠١**یشی لەگەڵ ئەم یانەیە بەدەستهێنا. پاشان لەساڵی **٢٠٠٢** بەشداری یارییەکانی جامی جیهانی کرد، کە ئەو جامە هەڵبژاردەی ئەرجەنتین خراپترین ئاستی پێشکەشکردو لەقۆناغی یەکەمدا کرایە دەرەوەو باتستوتاش تەنها یەک گۆڵی تۆمار کرد، دوای ئەو جامە گابرێل بڕیاریدا چیتر یاری بۆهەڵبژاردەکەی نەکات، کە تا ئەو کاتە لەکۆی **٧٨**یاری بۆئەرژەنتین **٥٦**گۆڵی تۆمارکردبوو.

لەساڵی **٢٠٠٣** باتستوتا پەیوەندی بەیانەی ئینتەرمیلانی ئیتاڵییەوە کرد، بەڵام بەهۆی پێکانەوە کەمترین بەشداری لەیارییەکاندا کردو تەنها **١٢** یاری بۆ ئەو یانەیە ئەنجامداو دوو گۆڵی تۆمارکرد، دوای ئەوەش لەساڵی **٢٠٠٤** پەیوەندی بەیانی ئەلعەرەبی قەتەرییەوە کردو توانی لەکۆی **١٨**یاری **٢٥**گۆڵ تۆماربکاتو ببێتە گۆڵکاری خولی قەتەری، کە ئەوەش ژمارەیەکی پێوانەیی بوو، هاوکات خەڵاتی تۆپی ئاڵتونی وەک باشترین گۆڵکاری سەرجەم خولە عەرەبییەکان پێبەخشرا.

دوای **١٧**ساڵ یاریکردنو تەمەنێکی وەرزشی پڕ لەنازناوو خەڵاتو تۆمارکردنی ژمارەی پێوانەیی، گابریل عومەر باتستوتا لە**٢٠٠٥/٣/١٤** لەتەمەنی **٣٦**ساڵیو بەشێوەیەکی ڕەسمی ماڵئاوایی




# فرۆشتنی درێسی رۆناڵدۆ لەپارەی گرێبەستەکەی زیاترە

یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی لەبەرامبەر فرۆشتنی درێسی ژمارە نۆ، بڕی ١٠٠ملیۆن یۆرۆی قازانج کردووە، چونکە زیاتر لەیەک ملیۆن درێسی ژمارە نۆ فرۆشراوە کە نرخەکەی دەکاتە ١٠٠ملیۆن یۆرۆ، بەوەش کریستیانۆ رۆناڵدۆ توانیویەتی پارەی بۆندەکەی کە ٩٣ملیۆن یۆرۆ بوو بەزیادەوە بۆ ڕیال بەدەست بهێنێتەوە ئەم ژمارەیەش بۆ رۆناڵدۆ ژمارەیەکی پێوانەییە، چونکە پێشتر هیچ یاریزانێکی ریاڵ مەدرید لەیەک ساڵدا ئەوەندە درێسی نەفرۆشراوە.

سەبارەت بەئاستی یانەی بەرشلۆنەو لیۆنێل میسی، رۆناڵدۆ دانی بەوەدانا بەرشەلۆنە باشترین یانەی جیهانەو میسیش باشترین یاریزانە لەجیهاندا، هۆکارەکەشی بۆئەوە ئەوە گەڕاندەوە کە لەساڵی رابردوودا ئەم یانە توانی ژمارەیەکی پێوانەیی جیهانی تۆماربکاتو لەماوەی یەک وەرزدا شەش نازناو بەدەست بهێنێ‌و میسی ئەستێرەی ناوداری یانەکەش رۆڵێکی گرنگ‌و دیاری هەبووە لەبەدەستهێنانی ئەو نازناوانەداو شایەنی ئەوەش بووە کە خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهانی پێبەخشراوە، چونکە بەردەوام ئاستێکی سەرسوڕهێنەر پێشکەش دەکات، رۆناڵدۆ گەشبینی خۆشی پیشاندا بەرامبەر ئاستی یانەی ریاڵ مەدرید کە ئێستاش لەتوانایدایە کێبڕکێیەکی بەهێز بکات لەسەر بەدەستهێنانی خولی ئیسپانیا.

تایبەت بەفابیۆ کاپیلۆی ئیتاڵی‌و راهێنەری هەڵبژاردەی ئینگلتەراو ئەو هەوڵانەی یانەی ریاڵ مەدرید دەیدات تا کاپیلۆ رازی بکات کە ببێتە راهێنەری یانەکە، کریستیانۆ ڕۆناڵۆ وتی: کاپیلۆ یەکێکە لەباشترین راهێنەرەکانی جیهان‌و لەئێستاشدا لەسەر دەستی ئەو هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بەهێزییەکی تەواوی پێوە دیارەو چاوەڕوانیش دەکرێت لەمۆندیالی داهاتوودا ئەنجامی زۆرباش بەدەستبهێنێت، بۆیە هاتنی ئەو راهێنەرە یانەکە دەچێتە قۆناغێکی نوێوەو دەتوانێت کێبڕکێ لەسەر تەواوی نازناوەکان بکات.




## هەر میسی یەکەمە

دوای کۆتایهاتنی هەفتەی ٣٣ی خولی تۆپی پێی ئیسپانیا لیۆنێل میسی ئەرجەنتینی‌و هێرشبەری یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی بەتۆمارکردنی ٢٧گۆڵ لەپێشەنگی گۆڵکەرانی خولەکەدا دێتو دوابەدوای ئەویش گۆنزالۆ هیگواین هاونیشتیمانی‌و هێرشبەری یانەی ریاڵ مەدرید دێت کە خاوەنی ٢٥ گۆڵە، لەپلەکانی سێیەم‌و چوارەمیش دیڤید ڤیای یاریزانی یانەی ڤالەنسیاو کریستیانۆ رۆناڵدۆی یاریزانی یانەی ریاڵ مەدرید دێن کە ٢٠گۆڵیان لەو خولەدا تۆمارکردووە، لەپلەی پێنجەمیش دیگۆ فۆرلانی هێرشبەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید دێت.

# گرنگترین ١٠ ئاڵوگۆڕی یاریزانان لەگواستنەوەی زستانەی ئەوروپادا

ئا: هەژار جەلال

گواستنەوەی زستانەی ڕابردوو بۆ یاریزانانی تۆپی پێ کە چاودێرانی وەرزشی بەخراپترین گواستنەوەی زستانەی پێنج ساڵی ڕابردووی وەسف دەکەن، چەند یاریزانێک لەیانەیەکەوە بۆ یانەیەکی تر گواسترانەوە کە کاریگەری تەواویان هەبووە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی یانەکانیان، لێرەدا باسی گواستنەوەی ١٠ یاریزان دەکەین کە لەکاتی گواستنەوەی زستانەی ڕابردووا بەتەواوەتی ئاستی یانەکانیان بەرەو پێش بردووە.

### یەکەم: ماکسیمیلیانۆ لۆپێز



ماکسیمیلیانۆ لۆپێزی ئەرژەنتینی‌و تەمەن ٢٦ساڵ کە نازناوەکەی ماکسیە لەسەرەتای دەرکەوتنیدا شارەزایانی تۆپی پێ بەباتستوتاو کریسپۆیەکەی دیکەی ئەرژەنتینیان ناودەبرد، بەڵام پێشتر کە لەیانەکانی بەرشەلۆنەی ئیسپانی‌و گریمۆی بەرازیلی‌و ئێف سی مۆسکۆی روسی یاری دەکرد بەوشێوەیە دەرنەکەوت کە چاوەڕوان دەکرا، بەڵام لەکۆتایشدا بووە فریادڕەسی یانەی کاتانیای ئیتاڵی.

دوای ئەوەی ماکسی بەشێوەی خواستن لەیانەی گریمۆی بەرازیلیەوە چووە ریزی یانەی ئێف سی مۆسکۆی روسیەوە، ئاستێکی باشی پێشکەش نەکرد، دواتر لەوەرزی رابردوودا چووە یانەی کاتانیای ئیتاڵی، ئەوەش لەکاتێکدا بوو کە ئەو یانە ئیتاڵیە هەڕەشەی دابەزینی بۆ خولی پلە دوو لەسەر بوو، بەڵام ماکسی توانی بەرز پێشکەش بکاتو لە١٢ یاریدا حەوت گۆڵ تۆمار بکاتو یانەکە لەو هەڕشەیە رزگار بکاتو بیگەیەنێتە پلەی سانزەیەمین لەریزبەندی یانەکانی خولی ئیتاڵیادا.

### دووەم: ئادەم جۆنسۆن



رۆبێرتۆ مانسینی لەگەڵ بوونی بەڕاهێنەری یانەی مانچستەر ستی ئینگلیزی توانی بەئیمزاکردنی بۆندێک لەگەڵ ئادەم جۆنسۆن یاریزانی هێڵی بەرگری یانەی میدلەسبرەی ئینگلیزی بیسەلمێنێت کە شارەزاییەکی تەواوی لەدۆزینەوەی بەهرەی یاریزاندا هەیە، ئەوەش لەکاتێکدا کە هێڵی بەرگری یانەی مانچستەر ستی لاوازییەکی تەواوی پێوە دیاربوو، ئیمزاکردنی بۆند لەگەڵ ئادەم جۆنسۆن بەشێکی گەورەی کەلێنی هێڵی بەرگری یانەکە پڕبکاتەوە، ئاستی یانەکەش بەتایبەت ئاستی هێڵی بەرگری بەهێزبوونی بەخۆوە بینی.

### سێیەم: لۆکا تۆنی




لەگەڵ ئەوەی یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی لەم وەرزەدا ئاستێکی بەرزی پێشکەشکردووەو لەسەرجەم ئەو خولانەی بەشدارە تیایدا بەتەواوی لەسەر بەدەستهێنانی دەجەنگێ، بەڵام هەڵەیەکی گەورەی کرد کاتێک لۆکاتۆنی ئیتاڵی‌و هێرشبەری یانەکەی بەیانەی ڕۆمای ئەو وڵاتە فرۆشت، هێڵی هێرشبردنی لاوازی پێوە دیارە، لەلایەکی ترەوە لۆکا تۆنی لەگەڵ دەستپێکردنی یاریەکانی لەگەڵ یانە نوێیەکەی ئاستێکی بەرزی پێشکەشکردووەو تائێستاش بەردەوامەو بەتەواوی هێڵی هێرشبردنی رۆمای بەهێزکردووە.

### چوارەم: سۆل کامپڵ



دوای ئەوەی ئارسن فینگەری راهێنەری یانەی ئارسناڵ بینی بەهۆی زۆری پێکانەکانیەوە لەتواناکانی ولیام گالاس یاریزانی هێڵی بەرگری بێبەش دەبێتو فیرمالینی بەرگریکاریش بەهۆی هەڵەوە چەند یاریەک راگیرا، کە بەوەش هێڵی بەرگری یانەکە تووشی کێشە دەبوو، بیری لەکڕینی یاریزانێکی هێڵی بەرگری کردەوە، بۆئەوەش سەرەڕای زۆری تەمەنی، سۆل کامپڵی ئینگلیزی‌و یاریزانی پێشووتری یانکەی دەستنیشانکرد، بەوەش توانی هێڵی بەرگری یانەکە بەهێز بکاتەوەو کامپڵیش تائێستا ئاستێکی بەرزی پێشکەشکردووە کە چاوەڕوان نەدەکرا بەو شێوەیە بێت.

### پێنجەم: هۆمبێرتۆ سوازۆ



کاتێک یانەی ڕیاڵ زاراگۆزای ئیسپانی یاریزانە بەتواناکانی هێڵی هێرشبردنی یانەکەیان بەجێهێشت بۆندێکی لەگەڵ هۆمبیرتۆ سوازۆی شیلی‌و هێرشبەری یاریزانی یانەی مۆنتیراری مەکسیکی ئیمزاکردو بەوەش توانی هیڵی هێرشبردنی بەهێز بکاتەوە، کڕینی سوازۆ دوای ئەوە هات کە ئەم یاریزانە توانی لەیاریەکانی پاڵاوتنی وڵاتانی ئەمریکای باشوور بۆ مۆندیالی ئەفریقای باشوور توانی بەتۆمارکردنی ١٠گۆڵ ببێتە گۆڵکاری یاریەکانی پاڵاوتن.


### شەشەم: پابلۆ دانیال ئۆسڤاڵدۆ



کاتێک یانەی ئیسپانیۆلی ئیسپانی هەڕەشەی دابەزینی لەسەر بوو بۆ خولی پلە دووی وڵاتەکەی‌و هێڵێکی هێرشبردنی لاوازی هەبوو، بیری لەکڕینی یاریزانێک کردەوە، بۆئەو مەبەستەش بەشێوەی خواستن پابلۆ دانیال ئۆسڤالۆدی ئەرژەنتینی‌و یاریزانی یانەی بۆلۆنیای ئیتاڵی هێنایە ڕیزەکانیەوە.

ئەو یاریزانە توانی لە١٤ یاری شەش گۆڵی بۆیانەی ئیسپانیۆل تۆمار بکات کە بووە هۆی رزگارکردنی ئەو یانەیە لەمەترسی دابەزین بۆخولی پلە دووی ئیسپانیا.

### حەوتەم: کریستیان مۆلینارۆ



یانەی شتوتگارتی ئەڵمانیا وەک سەرجەم ئەو یانانەی تر کە بەهۆی لاوازی هێڵی بەرگرییەوە دەیانناڵاند، بیری لەوە کردەوە کە کریستیان مۆلینارۆی ئیتاڵی‌و یاریزانی هێڵی بەرگری یانەی یۆڤانتۆسی ئیتاڵی بهێنێتە ریزی یاریزانانی یانەکەیەوە، بردنی ئەو یاریزانەش ئاسانتر بوو بەتایبەت لەکاتێکدا بوو کە یانەی یۆڤانتۆس پشتی بەو یاریزانە نەدەبەستو لەپێکهاتەی سەرەکی دووریان خستبووەوە، لەگەڵ چوونی مۆلینارۆ بۆ یانەی شتوتگارت ئەستێکی هێندە بەرزی پێشکەشکرد، کە چاوەڕوان نەدەکرا، تەنانەت لێپرسراوانی یانەی یۆڤانتۆسیش لەرۆیشتنی ئەو یاریزانە بەشێوەی خواستن بۆ یانەی شتوتگارت پەشیمان بوونەوە.

### هەشتەم: تیاگۆ مێندز




لەگەڵ ئەوەی یانەی یۆڤانتۆس ئاستێکی ئێجگار خراپی پێشکەش دەکرد، بەردەوامیش بوو لەسەر دەستبەرداربوون لەیاریزانەکانی بۆیانەکانی دیکە بەتایبەت بەشێوەی خواستن، کە چەند یارێزانێکی یانەکە بەو شێوەیە یانەکەیان بەجێهێشتو رویان لەیانەکانی دیکەی ئەوروپا دەکرد. تیاگۆ مێندزی پرتوگالی‌و یاریزانی ناوەڕاستی یانەی یۆڤانتۆس بەشێوەی خواستن چووە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی، بەشێوەیەک کە کاریگەری تەواوی هەبوو لەسەر هاوسەنگ کردنەوەی هێڵی ناوەڕاستی یانەکەو تائێستاش لەهەرسێ خولی یانە پلە یەکەکانی ئیسپانیاو جامی مەلیکی ئسپانیاو خولی یانەکانی ئەوروپا (جامی یەکێتی ئەوروپای پێشوو) بەشدارەو لەزۆربەی یاریەکانیشدا ئاستێکی بەرز پێشکەش دەکات.

### نۆیەم: گۆران باندیف



گواستنەی ئەم یاریزانەی مەقدۆنیا لەیانەی لاتزسۆی ئیتاڵیەوە بۆیانەی ئینتەر میلانی هەمان وڵات لەگواستنەوەی زستانەدا، ڕۆڵو کاریگەریەکی دیارو بەرچاوی هەبووە لەبەهێزترکردنی یانەکە بەتایبەت لەهێڵی هێرشبردندا.

### دەیەم: یونس کابول

چوونی ئەم یاریزانە لەیانەی پۆرتسمۆسی ئینگلیزییەوە بۆیانەی تۆتنهامی هەمان وڵات، بووە هۆی لاوازبوونی هێڵی بەرگری پۆرتسمۆس‌و بەهێزبوونی هێڵی بەرگری تۆتنهام، بەتایبەت لەکاتێکدا کە یانەکە یاری دوای یاری لەپلەکانی خوارەوە نزیک دەبووەوو زۆربەی یاریزانەکانی هێڵی بەرگری یانەکەش تووشی پێکان ببوون، ئێستاش ئەو یانەیە بەتەواوەتی ئاستی بەرزبۆتەوە، تەنانەت کێبڕکێی سەکەوتن دەکات بۆخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا.

**مێرمنداڵەخۆشەویستەکان**

**لەکاتی گەشتو گەڕاندا دەستی گەورەکانتان بگرنو خۆتان لێیان ون مەکەن**



# بانکی زانیاری

## ڕەش هەڵگەڕان



ئەرێ دەزانن بۆچی کاتێک تەنێک بەر لەشتان دەکەوێ، ئەو شوێنە شینو ڕەش هەڵدەگەڕێ؟

کاتێک تەنێک یاخود زەربەیەک بەر پێستی ئێوە دەکەوێ، هەندێک لەتاڵە وردەکانی ژێر پێستتان دەقرتێو خوێنەکەی بەپێکهاتەکانی دیکەی دەوروبەریدا بڵاودەبێتەوە. لەم کاتەدا پێست ڕەنگی دەگۆڕێو سوور هەڵدەگەڕێ، بەڵام کە وردە وردە خوێنەکە لەوێدا کۆن دەبێو دەمێنێتەوە، ڕەنگی ڕەش هەڵدەگەڕێ. ئەو ڕەشبوونی خوێنە لەژێر پێست بەشێوەی ڕەشو شین لەسەر پێست خۆی دەنوێنێ.

بەڵام دوای دووسێ ڕۆژو هەندێجار زیاتریش ئەو خوێنە ڕەشهەڵگەڕاوەی لەش هەڵی دەمژێو شوێنە ڕەش هەڵگەڕاوەکە کەم ڕەنگ دەبێتەوەو جێگای



زەربەکە چاک دەبێتەوە.



کاتێک زەربەیەک بەر لەشتان کەوت، بەخێرایی پارچە سەهۆڵ یان بەفرێک بخەنە سەر ئەو شوێنەی زەربەکەی بەرکەوتووە، بەم کارە زاری تاڵە خوێنییەکانتان بەسەرمای بەفرەکە دێتەوەیەکو خوێنێکی کەمتریان لەبەر دەڕوات، بەمشێوەیە جێگەی زەربەکە کەمتر ڕەش هەڵدەگەڕێ.

دوای دوو سێ ڕۆژ ئێوە دەتوانن سود لەجانتای ئاوی گەرم وەرگرن بۆئەوەی هاتووچۆی خوێن بۆ ئەو شوێنە زۆربێتو خوێنە ڕەشهەڵگەڕاوەکە زووتر لەلایەن لەشتانەوە هەڵمژێو زووتر چاک ببنەوە.

# ماڵی میوەکان



**بڕوا کامل عەتار**

### ڕۆژی وەرزش

ڕۆژێکیان هەموو میوەکان خەوتونو زەنگی کاتژمێرەکە لێدەدات خەیار هەڵدەستێتو مۆز بانگ دەکات.

مۆز ئەڵێت: باشە باشە ئێستا هەڵدەستم بەڵام بۆ ئەوانەی تر هەڵناستێنیت ئەوان لەمنیش قەڵەوترن.

خەیاریش ئەڵێت: ئەوان خۆیان وان بەڵام ئەڵیم بەشکم ڕێک بیبێتەوە فیکەکەی دەردەهێنێتو دەست بەفیکەلێدان دەکات سێوی زەرد هاوار دەکات پەنارتی خەیار خەبەری دەکاتەوەو ئەڵێت پەنارتی چی؟

سێوی زەرد دەڵێت: بۆپەنارتی نەبوو ئێستا لەخەوما یاریمان دەکرد تۆپەکەیان دامێ منیش رام کرد تاکوو لای گۆڵەکە رام کرد، بەڵام ناشرین خەبەرت کردمەوە ئەوە من هەستام ئەچم بۆ باخچەکەو مۆزیش لەگەڵ خۆم دەبەم. خەیار دەست دەکات بەفیکە لێدانو بەئاگاهێنانەوەی سێوی سوور، بەڵام خەبەری نابێتەوە شلک بەخەبەر دێتو هەڵدەستێو بەرەو لای مۆزو سێوی زەرد دەڕوات، خیاریش واز لەفیکە لێدان دەهێنێتو دەنگی رادیۆکەیان بەرز دەکاتەوە، بەڵام سوودی نییەو خەبەری نابێتەوە دواتر بەسووره دەڵێت باشە مادام تۆهەڵناستی ئەمڕۆ وەرزش ناکەینو دەڕۆین نان دەخۆین. یەکسەر سێوی سوور هەڵدەستێو دەڵێ لەگەڵ منت بوو؟ منیش دێم.

خەیار دەزانێ گاڵتەی کردووە دەڵێت مادام هەستایت ئەوا وەرزش دەکەینو دواتر نان دەخۆین. خەیارو سێووی سوور لەژووری نوستنەکەیان دێنە دەرەوەو دەچنە هۆڵەکەیان سەیر دەکەن مۆزو سێوی زەردو شلک دووبارە خەوتونەتەوە، هەربۆیە خەیار دەست دەکاتەوە بەفیکەلێدانو هەڵناستن، هەربۆیە خەیارو سێوی سور دەڕۆن وەرزش دەکەنو دێنەوە.

ئەو ڕۆژە خەیارو سێوی سوور بەباشی هەڵسوکەوت دەکەنو ئیشوکارەکانیان دەکەن، بەڵام میوەکانی تر ناتواننو لەشیان زۆر قورسەو هیچ کارێک ناکەن.

خەیار دەچێتە لایانو پێیان دەڵێت: ئەزانن ئێوە بۆ ناتوانن هیچ کارێک بکەن، چونکە ئێوە بەیانیان زوو وەرزش ناکەنو لەشتان قوورسە، ئیتر لەوە بەدوا میوەکان بڕیار دەدەن هەموو ڕۆژێ وەرزش بکەن.

لەو ڕۆژەوە هەموو میوەکان بەیانیان وەرزش دەکەنو لەشیان ساغو تەندروستیان باشە.



## خۆمانە

بۆ ئەمجارە لەگۆشەی خۆمانەدا چیرۆکێکتان بۆ دەگێڕمەوە:

ڕۆژێک مامۆستایەک لەدەسپێکی وانەگوتنەوەی ئەوڕۆژەی، پەرداخێکی ئاوی بەدەستەوە گرتو بەرزی کردەوە بۆئەوەی هەمووان بیبینن، دوایی لەقوتابیەکانی پرسی: بەبڕوای ئێوە کێشی ئەم پەرداخە ئاوە چەند دەبێ؟

قوتابیەکان وەڵامیان دایەوە: ٥٠گرام، ١٠٠گرام، ١٥٠گرام!؟

مامۆستا گوتی: منیش بەبێ کێشانی نازانم ڕێک کێشی چەندە، بەڵام پرسیاری من لەئێوە ئەوەیە: ئەگەر من ئەم پەرداخە ئاوە چەند خولەکێک ڕابگرم چی ڕوودەدات؟

قوتابیەکان گوتیان: هیچ شتێک ڕوونادات!

مامۆستاکە پرسی: ئەی ئەگەر یەک کاتژمێری تەواو هەروا ڕایبگرم چی ڕوو ئەدات؟

یەکێک لەقوتابییەکان گوتی: دەستت بەرە بەرە وەژان دەکەوێ.

مامۆستا گوتی: ڕاست دەکەی، ئەی ئەگەر یەک ڕۆژ هەروا ڕایبگرم چی ڕوودەدات؟

قوتابییەکی تر گوتی: دەستت بێ هەست دەبێ. ماسولکەکانت بەرێژەیەکی زۆر دەچێتە ژێر گوشارەوەو گۆجو ئیفلیج دەبنو بەدڵنیاییەوە لەنەخۆشخانە خۆت دەبینییەوە.

هەموو قوتابییەکان پێدەکەنن.

مامۆستا گوتی: زۆرباشە، ئەی لەم ماوەیەدا کێشی پەرداخەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت؟

قوتابییەکان وەڵامیان داوە: نەخێر!

مامۆستا گوتی: کەواتە ئەوە چییە کە ژانو ئازار دەگەیەنێتە جەستەو ماسولکەکان؟ ئەی دەبێ من چی بکەم؟

قوتابییەکان سەریان لێ شێوابوو. یەکێک لەقوتابییەکان گوتی: دەبێ پەرداخەکە دانێیە خوارەوە.

مامۆستا گوتی: هەر بژی، کێشەکانی ژیانیش ڕێک وەک ئەمە وایە.

ئەگەر کێشەکان بۆ چەند چرکە لەزەینو مێشکتان دا ڕابگرن، هیچ ڕوونادات، ئەگەر بڕێک زیاتری ڕابگرنو بیریان لێ بکەنەوە، ئازارو ژان دەست پێدەکات. ئەگەر زیاتر لەوەش ڕایبگرن، گۆجو ئیفیلجتان دەکاتو ئیتر توانای هیچ کارێکتان نامێنێ.

بیرکردنەوە لەکێشەکانی ژیان زۆر گرنگە، بەڵام گرنگتر لەویش ئەوەیە لەکۆتایی هەموو ڕۆژێکو پێش خەو، داینێنە خوارەوە واتە وەلای بنێن. بەم شێوەیە ناچنە ژێر گوشارەوەو هەموو بەیانییەک بەخۆشحاڵیو کەیفخۆشیو بەهێزەوە لەخەو هەڵدەستنو فێردەبن لەبەرامبەر هەر کێشەو موشکیلەیەک کە بۆتان دێتە پێشەوە ڕابوەستنو لەسەر ڕێی خۆتانی لابدەن.

هاوڕێکانی من، لەبیرتان نەچێ پەرداخە ئاوەکە هەر ئێستا دابنێنو وەلای بنێن.

ئەمەیە ژیان!

"ئەم چیرۆکە دیاری هاوڕێمان ڕێباز فەلاحییە کە لەئینترنێتەوە وەریگرتبوو و بەزمانی فارسی بۆی ناردبووین".

**ناسر فەتحی**
**ئامادەکاری**
**لاپەڕەکانی منداڵانو مێرمنداڵانی نم نم**
**naser_fathi2004@yahoo.com**

# تویژبەندی نوێی بەکارهێنەرانی facebook

بەمدواییانە فەیس بوک کۆمەڵێک ماڵپەری کۆمەڵایەتی وەرێخستووە کە بەکارهێنەران لەسەر بنەمای ئەو شتانەی کە حەزی پێدەکەن تۆێژبەندی دەکاتو رەنگە ئەوەش ئامانجێک بێت بۆئەو کۆمپانیاو رێکخراوانەی کە دەیانەوێت لەو سایتەدا ریکلام بکەن.

فەیس بوک لەسەر بنەمای حەزەکانی کە خودی بەکارهێنەرانی ئەو تۆرە کۆمەڵایەتییە باسیان لێوەکردووە، خەریکی دروستکردنی ماڵپەری تایبەت بەو بابەتو تەوەری وەک موزیکو چێشتلێنان یان یۆگایە.

بەوتەی یەکێک لەئەندازیارانی فەیس بوک ئەو بەکارهێنەرانەی حەز بەتەوەرێک دەکەن سایتێکی تایبەت بەخۆیان دەبێت. لاپەرە کۆمەڵایەتییەکان Community Pages، جۆرێکی نوێی لەلاپەڕەکانی فەیس بوکن کە تایبەت بەتەوەر یان ئەزمونێک دەبنو بەگشتی بەسایتو لایەنەکانی ئەو بوارەوە پەیوەند دەبێت کە پەیوەستە بەتەوەرەکەیەوە، بۆنمونە پەیوەندی دەبێت لەگەڵ رێکخراو، کۆمپانیاو کەسایەتییەکانی ئەو بوارەو ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئەواندا حەزێکی هاوبەشیان هەیە.

بەپێی راگەیاندنی فەیس بوک لاپەڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆبەشدارانی بیروڕا، ئەزموونو تێڕوانینەکان سەبارەت بەتەوەرەکان دەبێت.

ئەو لاپەڕانە بەپێی کۆمەڵێک زانیاریی کە بەگشتی لەسەرچاوە ئۆنلاینەکان وەک ویکیپێدیا بەدەستهاتوون دەست بەکاردەکەن، بەڵام فەیس بوک بەهیوایە حەزی خەڵک بۆ تەوەرەکان بەمەبەستی بەشداری زیاتریان تۆێژبەندی بکات.



## فێربوونی بەرنامەی Photoshop CS

ئەحمەدبەرزنجی
دبلۆمی باڵا لەکۆمپیوتەر
Ahmedsh974@yahoo.com

### پێکهاتەکانی بەرنامەی Photo shop CS

لەم بەشەدا زانیاری وەردەگرین لەبارەی پەنجەرە سەرەکییەکانو پەنجەرە لاوەکییەکان لەبەرنامەی Photo shop CS و هەروەها واجیهەی بەرنامەکە بە شێوەیەکی گشتی:

1. شریتی ناونیشان: بۆ کۆنترۆڵکردنی قەبارەی شاشەی بەرنامەکە (داخستنی کاتی minimize، گەڕانەوەی شاشەکە پاش داخستنی کاتی restore، داخستنی بەرنامەکە close).


2. شریتی فەرمانەکان menu bar: پێکدێ لەکومەڵێک فەرمانی جۆراوجۆر لەبەرنامەی Photo shop CS.

3. شریتی ئامرازی هەڵبژاردنەکان option tool bar: هەر ئامرازێک لەئامرازەکان بەرنامەی Photo shop CS هەڵبژاردنەکانی تایبەتی خۆی هەیەو لەم لیستەدا بەدیاردەکەوێ لەکاتی هەڵبژاردنی ئامرازی پیوێست.

4. سندوقی ئامرازەکان Tool BoX: کۆمەڵێک ئامرازی جۆراوجۆرە، ئەمەش لەبابەتەکانی داهاتوودا بەدرێژی باسیدەکەین.

5. پەنجەرە لاوەکییەکان: پێکدێ لەمانەی خوارەوە:

- (Navigator win.) بەکاردێ بۆ گۆڕینی شوێنی سەیرکردنی وێنەکە پاش زوومکردنی وێنەکە.
- (Inf Win.) زانیاری وێنەکە دەربارەی سیستمی رەنگ (RGB)و (CMYK)و شوێنی جێگیربوونی ماوسەکە لەسەر وێنەکە (X،Y).
- (Option win.) یارمەتیمان دەدا بۆدیاریکردنی هەڵبژاردنەکان، هەر ئامرازێک لەئامرازەکانی (Tool Box).
- (Color win) بەکاردێ بۆدیاریکردنی رەنگی (Foreground color)و (Back-ground color) بەئارەزووی خۆمان.
- (Swatches win) بەکار دێ بۆ هەڵبژاردنی ڕەنگی (Foreground color) بە شێوەی ڕاستەوخۆ.
- (Style win.) کۆمەڵێک لە(شێوازی) ئامادەکراو لەسەر وێنە جێبەجێ دەکرێ.
- (History win.) بەکاردێ بۆتۆمارکردنی هەر کارێک ئێمە بیکەین لەبەرنامەی Photo shop CS دا.
- (Actions win.) چەند کاریگەرییەکی ئامادەکراوی تێدایەو ئەم کاریگەریانە لەسەر نووسین بەکاردێنو دەتوانین ئێمە (action)ی تایبەت دروست بکەین.
- (Brushes win.) بەکاردێ بۆ هەڵبژاردنی قەبارەو رووبەری ئەو ئامرازەی کە بەکاریدەهێنین.
- (Layer win.) بەکاردێ بۆدابەشکردنی کارەکانمان لەسەر وێنەکە بەهۆی دروستکردنی (چین)ی تایبەت بە هەر کارێک، دەتوانین ئەم کارە لادەین بەشێوەیەکی کاتی بەهۆی داگرتنی هێمای چاوەکە لەتەنیشت (چینی) تایبەت بەکارەکە.
- (Channels win.) بەکاردێ بۆ دیاریکردنی کەناڵەکانی رەنگ بۆ وێنەکە، ئەگەر وێنەکە بەسیستمی (RGB) بێ سی کەناڵی رەنگمان بۆ دیاردەکەوێت، ئەگەر وێنەکە بە سیستمی (CMYK) بێ چوار کەناڵی رەنگ بەدیار دەکەوێت، ئەگەر وێنەکە بەسیستمی (Gary scale) بێ یەک کەناڵی رەنگ بەدیار دەکەوێت.
- (Path win.) لەکاتی داگرتنی ئەم ئەمرازە ڕێچکەی وێنەکەمان بۆ دەردەچێت کە بە pen tool دروستکراوە.




## وێنە گرتن لەپەنجەرەیەکی کراوەوە

یەکێک لەئاسانترین کارەکانی کە لەویندەوزەدا زۆربەی هەرە زۆری بەکارهێنەران ئەنجامی دەدەن وێنەگرتنە لەشاشە بەهۆی کلیلی PrtScr و Pasteکردنی لەبەرنامەیەکدا وەک paintی ویندەوز، بەڵام ئەگەر بەهیوای لەبری وێنەگرتن لەهەموو شاشەکە تەنیا وێنەی پەنجەرەیەکی کراوە لەناو ویندەوزدا بگری ڕێگەیەکی سادە هەیە کە لەخوارەوەدا باسی لێوە دەکەم، بۆ ئەم مەبەستە:
تەنیا پێویستە کلیلی Alt بگرن، ئێستا کلیلی Print Screen لەسەر کیبۆردەکە لێبدەن (لەهەندێک لەکیبۆردەکاندا کلیلی Print Screen بەشێوەی PrtScr دەردەکەوێت).
دوای ئەو بەرنامەیەکی وەکPaintی ویندەوز یان Adobe Pho-toshop یان تەنانەت Microsoft Word بکەنەوەو وێنە خەزنکراوەکە بەهۆی لێدانی بژاردەی Paste یان کلیلەکانی Ctrl+V وێنەکە بخەنە ناو بەرنامەکەوەو دوای ئەو سەیڤی بکەن. ئێستا دەبینن کە لەبری تەواوی شاشەکە، تەنیا وێنەی پەنجەرە کراوەکە خەزن دەکرێت. ئەو کارە لەتەواوی ڤێرژنەکانی ویندەوزدا ئەنجام دەدرێت.

# بازاڕی کۆمپیوتەر لە ساڵی 2010دا دەژێتەوە

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی دامەزراوەکانی گارتنێرو IDC نیشانی دەدات فرۆشی کۆمپیوتەرە تاکەکەسییەکان لەسێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا زیاتر لە 20% گەشەی دەبێتو ئەو هێمایەکی پۆزەتیڤە بۆگەڕانەوەی تواناکانی ئەو بازاڕە لەم ساڵدا.

بەپێی هەواڵێکی سایتی Macitynet، دوای قەیرانە داراییەکەی ساڵی 2008 کە بووە هۆی سستی بازاڕی جیهانی کۆمپیوتەری تاکەکەسیو دوای گەشەی زۆر کەمی ئەو بازاڕە لەساڵی رابردوودا ئێستا پێدەچێت فرۆشی کۆمپیوتەر ئەو توانایەی کە پێشتر لەدەستی دابوو بەدەستی بهێنێتەوە. بەو جۆرە کە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی دامەزراوەکانی گارتنێرو IDC نیشانی دەدات، رێژەی فرۆشی کۆمپیوتەر لەسێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا زیاتر لە 20% گەشەی کردووە. لێکۆڵینەوەکانی گارتنێر لەو ماوەیەدا نیشانی دەدات فرۆشی کۆمپیوتەری تاکەکەسی بە 84.3ملیۆن ئامێر 27% گەشەی هەبووەو ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی IDC ئەو گەشەیەی 24% نیشانداوە. IDC لەوبڕوایە دایە کە دوای ئەوەی بەهۆی قەیرانی داراییەوە پێدەچوو کۆمپیوتەرە تاکەکەسییەکان مردوون، ئێستا دەبینین کە بەیارمەنی دروستکردنی کۆمپیوتەری چەند مەبەستەو شاشەی لەمسی فرۆشی ئەو کۆمپیوتەرانە دووبارە زیندوو بووەتەوە.

لێکۆڵینەوەکانی ئەو دامەزراوەیە نیشانی دەدات کۆمپانیای "ئێچ پی" ئێستاش گەورەترین بەرهەمهێنەری جیهانەو فرۆشی بەرهەمەکانی ئەو کۆمپانیاییە لەچاو سێ مانگەی یەکەمی ئەمساڵی 20%ی هەبووە.

## پرۆجیکتۆرێک بۆ یاری



کۆمپانیای Optoma پرۆجیکتۆرێکی بۆئەو کەسانەی کە زۆر حەز بەیاری دەکەن دروستکردووە کە توانای ئەوەیان پێدەبەخشێت تا بەشاشەیەکی گەورە یاری بکەن.
بەپێی هەواڵێکی گیزمۆدو، پرۆجیکتۆری GT720 توانای یاری کردن لەسەر شاشەیەکی گەورەتر بەکواڵیتی زیاتر بۆ بەکارهێنەران دەخاتە بەردەست. ئەو پرۆجیکتۆرە کە بۆ دوو ئامێری Xbox 360 و PS3 دروستکراوەو دەتوانێت وێنەکان بەقەبارەی 300ئینچو ریزۆلیشنی 1200×600 پیکسل نمایش بکات.
رەهەندەکانی ئەو پرۆجیکتۆرە 13×14×9 ئینجەو پشتیوانی لەفۆرماتەکانی S <VGA، HDMIو RS-232 دەکات، هەروەها ئەو پرۆجیکتۆرانە جوتێک سپیکەری پێنج واتی لەسەرە. نرخی پرۆجیکتۆری GT720 بۆ فرۆش 800دۆلار راگەێنراوە، بەڵام لەکاتی خستنە بەردەستی ئەو بەرهەمە نوێیە هێشتا دیاری نەکراوە.

## بزنەکان بۆ گووگڵ گەڕانەوە!

کۆمپانیای گووگڵ ئەو بزنانەی ساڵی رابردوو بۆ کورتکردنەوەی چیمەنی نزیک ئۆفیسی ئەو کۆمپانیایە بەکارهێنابوو، دووبارە گەڕاندەوە تا نیشانی بدات کە تا چ رادەیەک گرنگی بەژینگە دەدات.
گووگڵ ساڵی رابردوو بۆ کەمکردنەوەی بڵاوبوونەوەی دی ئۆکسایدی کاربۆن رێگەیەکی سەیرو سەمەرەی هەڵبژرادو زیاتر لە 200بزنی لەکۆمپانیای Califor-nia Grazing بەکرێ گرت تا سوود لەمەکینەی کورتکردنەوەی چیمەن وەرنەگرێتو کەمتر گازی دی ئۆکسایدی کاربۆن بڵاوبکاتەوە. ئێستا گووگڵ لەوێبلۆگەکەیدا رایگەیاندووە ئەو بزنانە دووبارە بۆماوەی یەک هەفتە دەگەڕێنەویە بۆ ئۆفیسی کۆمپانیاکەی.
بەوتەی یەکێک لەبەرێوبەرانی گووگڵ تێچووی گواستنەوەی بزنەکان بۆ ئۆفیسی گووگڵ بەرامبەرە لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵێک کەس بۆ کورتکردنەوەی چیمەنەکان، بەڵام بەسوودتربوونی ئەو رێگەیە وەک کەمتر بڵاوبوونەوەی گازەکانی کاربۆن، کەمتربوونی دەنگو هەرا، زیندووکردنەوەی جۆرەکان رووەکو باشترکردنی باردۆخی کشتوکاڵ لەو جۆرە زەویانەدا، بەئاشکرا دیارە.

# یەکەمین وێنەکانی ئایفۆنی نەوەی چوارەم

هەندێک لەسایتەکانی تایبەت بەبواری تەکنۆلۆژیا لەئەمریکا کۆمەڵێک وێنەی تایبەت بەهاندێکی مۆبایلی ئەپڵ بڵاوکردەوە کە سوود لەتەکنۆلۆژیای نەوەی چوارەم وەردەگرێت، ئەوەش لەکاتێکدایە کە هەموان چاوەڕوانی ریۆرەسمی نمایشکردنی "ئایفۆنی نەوەی چوارەم"ن کە بڕیارە هاوینی ئەمساڵ لەلایەن ستیف جۆبزەوە ئەنجام بدرێت.
سایتەکانیGizmodo و Engad-getهەندێک وێنەیان لەژێر ناونیشانی "نمونەی تاقیکردنەوەی ئایفۆنی نەوەی چوارەم" بڵاوکردوەتەوەو پێدەچێت ئەو هاندە نوێیە لەکۆفی شۆپێک لەسەن خۆزەی کالیفۆرنیا دزرابێت.ئەو هاندە نوێیە ئۆپەریتینگ سیستمی "ئایفۆنی نەوەی چوارەم"و تەکنۆلۆژیای LTE لەسەرەو دوای ماوەیەک کارکردن بەکارهێنەر دەتوانێت لەرێگەی LTE دوورەوە بیکوژێنێتەوە.

تەکنۆلۆژیای نەوەی چوارەمی مۆبایلە کە ئەمساڵ لەهەندێک لەوڵاتاندا دەستی بەکارکردووە. ئەو هاندە نوێیە کە پێدەچێت ناسکتر لەمۆدێلەکانی ئێستا بێت، شاشەیەکی چەند لەمسی بەکواڵیتی 960 لە 640پیکسلی لەسەرە.
کامێرای پێشەوەو لێنزێکی گەورەتر بۆ کامێرای دواوە کە فلاشیشی هەیە بەشێکی دیکەن لەو نوێگەرییەی کە لەمۆدێلی نوێی ئایفۆندا رووی داوە.
بەشێکی دیکە لەتایبەتمەندییەکانی ئەو هاندە نوێیەی ئەپڵ کارپێکردنی "مینی سیم"و نیوە سیمکارتەکانی ئاساییە. ئەو ئایفۆنە نوێیە توێژێکی "سرامیکی - شیشەیی" بەسەرەوەیەو دەتوانێت شەپۆلە رادیۆییەکان لەخۆی تێپەڕێنێت. ئەو ئایفۆنە نوێیە سێ گرام زیاتر لەiPhone 3Gs قورسترەو پاترییەکەی 16% گەورەترە.



## ئەری دەزانی؟

٥ . زۆربەی مارەکان شەش ریز ددانیان هەیە!!
٦ . کاتێک سەیری خۆر دەکەن لەراستی دا سەیری هەشت خولەکی لەوە پێشتریتان کردووە.
٧ . مێگۆ یانمەیگوو کە جۆرە گیانداری‌کی نێو دەریایە، دڵی لەناو سەری دایە!
٨ . قاپو نایلۆنو کەرستە پلاستیکییەکان نزیکەی ٥٠هەزار ساڵیان پێدەچێ تا لەسرووشت دا هەرس دەبنو دەگەڕێنەوە بۆ ناو پێکهاتەی سرووشت!!!



## هاوڕێیانی نمنم



زیلانو دیلان قوربانی  لە مەهاباد



ئالان قوربانی،  لە مەهاباد

## ڕەنگم بکەن



## یاری و گۆرانی

منداڵان لەدەوری یەکتر کۆدەبنەوە
و پێیەکانیان رادەکێشنو پەنجەی
پێیەکانیان بەیەکەوە دەنێن و
یەکێکیان ئەو گۆرانییەی خوارەوە
دەڵێتەوە:
حللوور بللوور تەکامە
حللوور بللوور تەکامە
زەردو سوور و شەمامە
ئایە مایە
دوو زوورنایە
زوورنا چەکێ
پێ بەلەکێ
مێخ هەڵکوتی
مێخ هەڵبەزی
دەستی چەپەم
ئەوەی گەزی.

هەرکام لەمنداڵەکان لەکۆتایی گۆرانییەکەدا "ئەوەی گەزی" بەرکەوت لەلایەن بێژەری گۆرانییەکەوە شەقەزللەیەکی سوک بەر پێیەکانی دەکەوێو دەخیچێ، واتە لەیاری دەچێتە دەرێو پێیەکانی خڕەدەکاتەوە. ئەمە تا دوایین نەفەر درێژە دەکێشێو ئاخر کەس دەبێتە گۆرانیبێژەکەو ئەمجاریان ئەو یارییەکە بەرێوە دەبات.

ـ منداڵە خۆشەویستەکان ئەم یارییە لەلای ئێوە چۆن دەکرێو شیعرەکەی بەچ شێوەیەکە بۆمان بنێرن بەناوی خۆتانەوە بڵاوی دەکەینەوە!

خەزێم یوسفی

## ینەکەی دڵ



شەم بەرهەم

## گــولـێکی جــوان

نوێکار عەبدولڕەحمان

ڕۆژێـــک لەڕۆژەکانی بەهار، گوڵێکی جوان لەناو باخێکدا دەڕوێت، ئەم گوڵە زۆر جوان دەبێت، ڕۆژانە منداڵان سەردانی دەکـــەنو ئاوی دەدەن، ڕۆژێک منداڵێکی زۆر هار گوڵەکە لێدەکاتەوەو فڕێـــی دەدات، پاش کەمێک هەندێک منداڵ دەچن بۆلای گوڵەکەو گۆزەیەک ئاویش دەبەن تا گوڵەکە ئاو بدەن دەبینن لێکراوەتەوە، بەوەش زۆر دڵتەنگ دەبن، لەناکاو منداڵە هارەکە بەو ناوەدا تێدەپەڕێت پرسیار لەمنداڵەکانی تر دەکات کە بۆچی واغەمبارن؟
ئەوانیش باسی گوڵەکەی بۆدەکەن ئەویش پەشیمان دەبێتەوەو بەڵێن دەدات جارێکی تر کاری وادووبارە نەکاتەوە، منیش لای خۆمەوە پێتان دەڵێم: گوڵی ناو باخچەکان لێ مەکەنەوە، تەنانەت کە بۆنیشـــتان کرد لێـــی مەکەنەوە، چونکە گوڵو درەختەکانو سەرجەم ڕووەکەکان دیمەنی کوردستان جوان دەکەنو بۆ تەندروستیش باشن.

**ئەو منداڵانەی هەست دەکەن جێگایەکی لەشیان دێشێ دەبێ زوو باسی بکەن، چونکە لەوانەیە نەخۆشییەکیان هەبێت کە نابێ فەرامۆشی بکەن.**

# شەم گۆرانی بۆ بووکەڵە چاوش

شەم بەرهەم، کە ئێستە تەمەنی هەشت ساڵو نیوە، یەکەمین بەرهەمی هونەریی خۆی کە پێکهاتووە لەسێ گۆرانیی منداڵان لەم رۆژانەدا بەسیدییەک بڵاودەکاتەوە.

لەلێدوانێکیدا بۆ نم نم شەم، زانیاری زیاتری لەسەر بەرهەمەکەی دەخاتەڕوو دەڵێت: "هەرسێ گۆرانییەکەم کلیپ کردووە باوکم کاری دەرهێنانی بۆکردووەو لەم رۆژانەدا پێکەوە بڵاویان دەکەمەوە".

شەم، باسی ناوەڕۆکی گۆرانییەکانی بۆخوێنەرانی لاپەڕەی منداڵانی نم نم کردو رایگەیاند کە گۆرانی یەکەمی بەسەر بووکەڵە چاوشینە جوانەکەی وتووە کە زۆری خۆشدەوێ، "حەز دەکەم منداڵانی تریش وەکو من بووکو یارییەکانی خۆیان خۆشبوێ"و گۆرانی بوکەڵەکەشی بەمشێوە دەست پێدەکات:

بووکەڵە چاوشینەکەم ... هاوڕێ قژ بەفرینەکەم
بووکەڵەی من جوانە ... دیاریی بابە گیانە

شەم بەرهەم، دایکو باوکی رۆژنامەنووسنو باس لەوە دەکات کە دوو گۆرانییەکەی تری یەکێکیان بەسەر جەژنی نەورۆزدایە بەناوی "شادیی نەورۆز"و ئەویتریان بەسەر یارییە خۆشەکانی منداڵاندایە بەناوی "یاریی ئێمە".

شەمی هاوڕێمان کە باس لەسەرەتای دەستکردن بەگۆرانی وتنی خۆی دەکات، وەک ئێوە عەیارانە دێتەگۆو دەڵێت:

"هاوینی رابردوو مێشکی باوکمم بردبوو، هەموو ئێوارەیەک کە لەکار دەگەڕایەوە، دەمگووت بابە بێتاقاتم حەزدەکەم بمنێریتە دەورەی مۆسیقا، دایکیشم زۆر حەزی دەکرد هەتا ناردمیان بۆچالاکیی قوتابخانەکانی هەولێر، لەوێ مامۆستا وشیار مەرجان زۆر هاوکاریی کردمو مامۆستا ئەڤینیش فێری مۆسیقای کردم، بەڵام هێشتا زۆرم ماوە".

شەم، ئەوەش ناشارێتەوە کە مامۆستا وشیار هانی داوە گۆرانی بڵێت، "ئەوەبوو باوکم سێ هۆنراوەی خۆشی بۆ نووسیمو مامۆستا هۆگر عەزیز ئاوازی بۆداناو دواتر هەر لەستۆدیۆی بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی قوتابخانەکانی هەولێر هەرسێکیانی بۆ تۆمارکردم، یەکێکیان بەهاوکاریی قوتابییانی قوتابخانەی شنرویێیە"،هەربۆیەبەڵێن بەگوێگرانی دەدات کە دوای کلیپکردنی هەر سێ گۆرانییەکەی، بەدیاری بیانداتە سەرجەم کەناڵە تەلەڤزۆنییەکان.

لەبارەی ئەوەی کە ئاخۆ بەنیازە گۆرانی دیکە بڵێت، شەم بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوەو وتی: قوڕم بەسەر نەبێ، تا ئەو سێ گۆرانییەم بەو حاڵە تەواوکرد هەر مردم ... جارێ وەختی خوێندنو تاقیکردنەوەکانە، با تەواوبم قسەیەکی لێ دەکەین.

## لێکدانەوەی ناوی وڵاتان

منداڵە خنجیلەکان، لەژمارەی پێشوودا ناوی راستەقینەی هەندێ لەوڵاتمان بۆ روونکردنەوەو لەم ژمارەو ژمارەکانی داهاتوودا ئەوانی دیکەشتان بۆروون دەکەینەوە.

٦ . ئەڵمان: نیشتمانی هەموو جوامێرەکان، وشەیەکی فەرەنسی - جێرمەنییە.

٧ . ئانتیگواو باربوداو ئاندۆڕا: ماناکانیانمان دەست نەکەوتووە.

٨ . ئانگۆلا: لەوشەی نگۆلا وەرگیراوە کە یەکێک لەفەرمانڕەوا ناوچەییەکانیان بووە.

٩ . ئۆتریش: واتە شاهی شاهەکانی خۆرئاوا، وشەیەکی جێرمەنییە.

١٠ . ئێتیۆپی: نیشتمانی دەموچاو سووتاوەکان، وشەیەکی یۆنانییە.

١١ . ئۆردۆن: ماناکەی بەدەستمان نەگەیشتووە.

## مەتەڵ



١. بەسەد برایان ریخۆڵەیەکیان هەیە؟

٢. کەری شین، کەربەندی شین بەستراوەتەوە، دام کوتاوە لەمێرگی شین؟

٣ . لەئاسمانان تەبەق تەبەق، لەسەر عەرزی کوچکو کەڵەک ماندوو نەبی عەبابەڵەک؟

**سوپاس بۆ ئەم خۆشەویستانە کە وڵامی درووستیان بۆ ناردبووینەوە:**

- چاوان رەسووڵ لەکۆیە
- ژوان گۆران لەکەسنەزانی هەولێر
- فەرهاد شەنگەل لەکەمپی مەخموور
- شەوبۆ جووتیار لەسلێمانی

**وڵامی مەتەڵەکانی پێشوو:**

١ . باگردێن

٢ . ناو

٣ . کڵاو



# هامەڕ ... ئاخرو ئۆخرییەتی!!

دواجار کۆمپانیای جیزال مۆتۆرز بەشـــێوەی ڕەسمی ڕاگرتنی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلی هامەڕی ڕاگەیاند. ئەگەرچی کۆمەڵێکـــی زۆر کۆمپانیای گەورە بۆکڕینی برەندی هامەر لەهەوڵدان، بەڵام دوای شکستی کۆمپانیای ئۆتۆمبێلە قورسەکانی سیچوان تەنگجۆنگی چین لەکڕینو گواســـتنەوەی مۆڵەتی ئەو بەرهەمە، بەگشـــتی جینراڵ مۆتۆرز بڕیاریـــداوە بەرهەمهێنانی هەموو مۆدێلەکانی هامەڕ ڕابگرێت. کۆمپانیای جینراڵ مۆتۆرز ڕایگەیاندووە دوای ئەوەی حکومەتی چین پشـــتیوانی لەگرێبەســـتی گواســـتنەوەی برەندی هامەڕ نەکرد، ئەو کۆمپانیایە بڕیاریداوە ئەو برەندە نەداتە هیچ کۆمپانیایەکی دیکە. ئێستا 220 ئامێری ئۆتۆمبێلی هامەڕ لەبازاڕدا هەیە، هەربۆیـــە جینراڵ مۆتۆرز ڕایگەیانـــدووە هەرچەندە بڕیاری ڕاگرتنی بەرهەمهێنانی هامەڕ یەکجارییە، بەڵام هێڵی بەرهەمهێنانی هامەڕ بەردەوام دەبێت لەدروستکردنی کەلو پەلی پێویستی ئەو ئۆتۆمبێلەو خستنەبەردەستی خزمەتگوزارییەکانی دوای فرۆشی ئەو ئۆتۆمبێلە.

جینراڵ مۆتۆرز دوای ئەوەی ئیفلاســـی خۆی ڕاگەیاند لەساڵی 2009دا بڕیاریدا فرۆشی ئەو برەندەی دەرکرد.

ئۆتۆمبێلی مۆدێلی h1ی هامەڕ بۆمەبەستی ســـەربازیی دروســـتکرا، بەڵام دواتر مۆدێلە بچوکترەکانـــی h2 و h3 ش بۆشـــۆفێری لەشەقامەکانی شاردا دروستکرا.

# بەرهەمێنانی هۆندا سیویك رادەگیرێت



کۆمپانیـــای هۆنـــدا ڕایگەیاند تـــا کۆتایـــی مانگی هەشـــت بەرهەمێهنانی ئۆتۆمبێلی سیویک مۆدێلی Rی کە ڤێرژنی سپۆرتی سیویکی سیدانە، ڕادەگرێت.

هۆندا ڕایگەیانـــدووە هەرچەندە ئۆتۆمبێلی ســـیویکی مۆدێلی R لەبازاڕدا زۆر ســـەرکەوتوو بووە، بەڵام بەرهەمهێنانی ئەو ئۆتۆمبێلە لەناوەڕاســـتەکانی ئەمســـاڵدا ڕادەگیرێن. ئەو کۆمپانیایە تائێستا هۆکارێکـــی دیاریکـــراوی بۆ ئەنجامدانیئەو کارەرانەگەیاندووە. سیدان سیویکی مۆدێلی R ئێستا تەنیـــا مۆدێلی دیـــارو بەرچاوی کۆمپانیای هۆندایە لەبازاڕەکانی وڵاتـــی ژاپۆندا. ئـــەو ئۆتۆمبێلە بۆیەکەمجـــار لەســـاڵی 1997دا بەرهەمیهێناوەو نـــەوەی دووەمی لەمســـاڵدا کەوتە بازاڕەوەو نەوەی ســـێیەمی ئەو ئۆتۆمبێلە لەساڵی 2007دا بەرهەمهێنراوە، هەروەها هۆندا ڕایگەیانـــدووە بەخێرایی بەرهەمهێنانی هۆندا ســـیویکی دوو دەرگاو هاچ بەک لەکارگەی بەرهەمهێنانی خۆی لەبەریتانیای دەست پێدەکات.

# داهێنانێکی رینۆڵت لەکوشنی ئۆتۆمبێلدا

کۆمپانیایەکیئۆتۆمبێلیفەرەنسا کوشنێکی بۆبەرهەمێکی نوێی خۆی دروستکردووە کە بەرەو لای دوو دەرگا دەسووڕێت.

بەپێی هەواڵێکی سایتی وۆرد نیـــوز، کۆمپانیـــای ڕینۆڵت بەرهەمێکینوێیبەناوی"ڕینۆڵت کلیۆ" خســـتووەتە بەردەست. ئـــەو ئۆتۆمبێلـــە کۆمەڵێکی زۆر داهێنانی وەک کوشـــنی ســـوڕاوی تێدا بەکارهاتووە. ئەو جۆرە کوشنە بۆیەکەمجار لەئۆتۆمبێلێکـــی ئەروپییـــدا بەکارهاتووەو لەداهاتووی نزیک لەئۆتۆمبێلە ژاپۆنییەکانیشـــدا بەکاردەهێنرێت.

لەئۆتۆمبێلی "کلیۆ"دا کوشنی لای ڕاســـت بەگۆشەی 75پلە بـــەرەو دەرەوە دەســـوڕێتو بەمشێوەیە کەســـێک کە لەناو ئۆتۆمبێلەکە دانیشتووە بەئاسانی زیاتر پیاســـە دابەزێت. بەهۆی قاچێکی سوڕاو کە ڕاستەوخۆ لەسەر شوێنی دابەستنی کوشنە دانراوە، تەواوی سیستمەکان بێ کێشە کاردەکەنو تەنیا خودی کوشنەکە دەسوڕێت.

سیســـتمی ئەو کوشنە سوڕاوە لانی زۆر 130کیلۆگرام کێشی هەیەو دەتوانێت بۆ کەمئەندامان زۆر بەســـوود بێت. ئۆپشینی کوشنی سوڕاو لەحەوتی ئاپریلی 2010 لەمۆدێلەکانی ڕینۆڵت کلیۆ 3و 5 دەرگاییدا دەخرێتە بەردەست.



# 90هەزار مەزدای سێ کۆدەکرێنەوە







کۆمپانیـــای بەناوبانگی مەزدای ژاپـــۆن هەواڵـــی کۆکردنەوەی نزیکەی 90هـــەزار ئۆتۆمبێلی خۆی کە لەبازاڕی ژاپۆنو چیندا فرۆشراون، بڵاوکردەوە.

ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لەجانویەی 2006 تا مارچی 2009 لەهێڵی بەرهمهێنانی ئـــەو کۆمپانیایەوە دەرچـــوون، ئەگەری ڕشـــتنی ڕۆنیان هەیەو ئەگەر چارەســـەر نەکرێن تووشی سووتانی مەکینە ببن. بەڕێوەبەرانـــی کۆمپانیای مـــەزدا ڕایانگەیانـــد نزیکەی 54هەزار ئۆتۆمبێل کە گومانیان لێدەکرێت ئەو حاڵەتەیان هەبێت لەچینو 35هەزاری دیکە تایبەت بەبازاڕی ناوخۆی ژاپۆنن.

هەموو ئەو مۆدێلانە تایبەت بەمەزدا 3و هۆکارەکەشی نزیکەی بۆری گواســـتنەوەی ڕۆن لەتیغێکـــی ڕادیاتەرەکەیەتـــی. واپێدەچێت بەهۆی ڕووداو یان تاســـەیەکی گەورە ئـــەو بۆرییـــە لەتیغەکە بکەوێتو ببڕدرێت، هەڵبەت هێشتا ئەو کێشەیە نەبۆتە هۆی ڕوودانی هیـــچ ڕووداوێکی هاتوچۆ، بەڵام مـــەزدا لەهەوڵدایە بەخێرایی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە جێگەی گومانن کۆبکاتەوەو کێشەکەیان چارەسەر بکات.

## هیچ کێشەیەک بەر بەتۆیۆتا ناگرێت

کۆمپانیـــای تۆیۆتـــا هەواڵـــی زیادبوونی %50.7ی فرۆشـــی خۆی لەژاپـــۆن لەمانگی مارچی 2010دا بڵاوکردەوە.

هەرچەندە گەورەترین کۆمپاینای ئۆتۆمبێلی ژاپۆنو جیهان لەماوەی ئەو چەنـــد مانگـــەی دواییدا تووشی ئەو قەیرانە هاتبوو، بەڵام ئامارەکان نیشـــانی دا فرۆشی تۆیۆتا لەسێیەمین مانگی ئەمساڵدا لەبازاڕی ناوخۆی ژاپۆن بەگەشەی %50.7 گەیشتووەتە 204هەزراو 504ئۆتۆمبێل،ئەوەشلەکاتێکدایە کە لەمارچی 2009دا ئەو ژمارەیە 135هەزارو 700ئامێر بووە.

هەر لەو مانگەدا فرۆشی برەندی لۆکســـی تۆیۆتا واتە لەکسیس لەبازاڕی ژاپۆن ســـێ بەرامبەر بووەو گەیشتووەتە چوار هەزارو 19ئۆتۆمبێل.

بەپێیهەواڵێکی سایتی بلۆمبێرگ، فرۆشی تۆیۆتا لەژاپۆن لەمارچی 2010دا لەچاو مانگی پێشـــوو واتە فوریە زیادبوونی هەبووە.

# گەشەی سۆناتا بەردەوامە

کۆمپانیای هیونـــدا مۆتۆرز کە بەگەورەتریـــن ئۆتۆمبێلســـازی کوریای باشـــور دەناســـرێت ڕایگەیاندووەبەهۆیدروستکردنی مۆدێلی هایبریدیو تۆربۆ لەنەوەی نوێی ســـۆناتادا ناچارە ڕێژەی بەرهەمێهنانی ئەو بەرهەمە گەشە پێبدات.

بەپێیلێکدانەوەکانیبەڕێوەبەرانی هیوندای، نەوەی نوێی ســـۆناتا توانیویەتـــی گروپێکـــی نوێ لەمشـــتەرییەکان بـــەلای ئـــەو کۆمپانیایـــەدا ڕابکێشـــێتو دەبێـــت چاوەڕێـــی زیادبوونی فرۆشی گشتی هیوندای بکەین. بەرهەمهێنانـــی تۆربۆچارجەری ســـۆناتا لەئەمریـــکاش دەبێتە هـــۆی زیادبوونـــی بەرچاوی مشتەرییەکانیئەو مۆدێلە، هەربۆیە پێدەچێت بەرنامەکانی هیوندای لەبەرهەمهێنانی سۆناتایNوێ زۆر سەرکەوتوو بووبێت.


کۆمپانیای هیوندای بەمدواییانە ڕایگەیانـــدووە لەگەڵ هەندێک لەبەرهەمەکانیدا ئامێرێکی نوێی کۆمپیوتەری ipadی ئەپڵیش بەدیاری دەبەخشێتە کڕیارەکانی.




## ناسا لیکۆڵینەوە لەسەر پارچەکانی تۆیۆتا دەکات

بەرپرســـانی ئاسایشـــی ئۆتۆمبێلی ئەمریکی بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر کێشـــەی تەکنیکی لەبەرهەمەکانی تۆیۆتادا، داوای هاوکاریان لەپسپۆڕانی ناســـا کردووەو بڕیاروایە پسپۆڕانی ئاژانسی بۆشـــایی ئاسمانی ئەمریکا (ناســـا) پارچە خراپەکانی بەرهەمە ئەلکترۆنیکییەکانـــی تۆیۆتـــا بخەنە ژێر لیکۆڵینەوەوە. بەشـــێوەی جیاواز پســـپۆڕانی ئاکادیمیـــای نەتەوەیی شـــارەزایانی ئەمریکا لەسەر پارچە خراپەکانی تۆیۆتا لیکۆڵینەوە دەکەن.

بەپێـــی هەواڵێکی ڕۆیتـــەرز، تۆیۆتا لەماوەی شـــەش مانگـــدا زیاتر لە 8.5ملیۆن ئۆتۆمبێلی لەبەرهەمەکانی خۆی بەهۆی کێشـــەی تەکنیکییەوە لەبازارەجیهانییەکاندا کۆکردووەتەوە.



## تۆیۆتا زیانلێکەوتووان لەبیر ناکات

کۆمپانیـــای تۆیۆتا پاداشـــت دەداتە زیانلێکەوتوانـــی چینـــی کە بەهۆی کۆکردنـــەوەی ئۆتۆمبێلەکانـــی ئەو کۆمپانیایە زیانیان لێکەتووە.

بەپێی هەواڵەکان تۆیۆتا بەڵێنی داوەتە خاوەنەکانـــی ئۆتۆمبێلەکانـــی ئەو کۆمپانیایە لەپارێزگای ژیجیانگی چین کە بەهۆی ئەو کێشەی تۆیۆتاوە زیانیان لێکەوتووە، تا پاداشتیان بداتیو ئەوەش بۆیەکەمجارە تۆیۆتـــا بەڵێنی پێدانی پاداشتی داوەتە خاوەنی ئۆتۆمبێلەکانی بەرهەمی خۆی، ئەوەش بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵی شینخوا، هەڵبەت هێشتا بڕی ئەو پاداشـــتەی تۆیۆتاو شێوازی پێدانەکەی بەخاوەنی ئەو ئۆتۆمبێلانە دیاری نەکراوە.

## فرۆشی تۆیۆتا لەهەڵکشاندایە

فرۆشی تۆیۆتا لەسێیەمین مانگی ئەمساڵدا لەچاو ماوەی هاوشێوەی خۆی لەســـاڵی ڕابردوودا زیادی کردووە.

بەپێـــی هەواڵـــەکان گەورەترین کۆمپانیا ئۆتۆمبێلی جیهان لەمانگی مارچی 2010دا %40 گەشـــەی لەبازارە جیهانییەکاندا هەبووە.

بەپێی هەواڵێکی ئاسۆشەیتد پرێس، هۆکاری سەرەکی ئەو گەشەکردنە پێدانی هەندێک هاندەرە بۆکڕینی بەرهەمەکانـــی ئـــەو کۆمپانیایە بەکڕیارەکان بووە.

هەڵبەت پێدانـــی ئەو هاندەرانە تا ڕۆژی پێنجـــی ئاپریلی ئەمســـاڵ درێژەی دەبێت.

# پێکەنین

😊 دەوەن: دیبە بۆچی لەسەر زەوی خەوتووی! ئەی تۆ تازە سیسەمت نەکڕیوە!
دیبە: ئاخر هەمووجار دایکم بەمن دەڵێت تۆ خەوت قورسە، بۆیە منیش دەترسم سیسەمەکەم بشکێت.

😊 نەفەرێك قەڵەمەکەی تەواو دەبێ، واز لەخوێندن دێنێ!

😊 باوك: کوڕەم لەو کوڕەی دراوسێمان فێربە، ڕێك بەقەدەر یەکن، بەڵام ئەو هەمیشە یەکەمە!
کوڕ: بابەگیان جا تۆش ڕێك بەقەدەر خاڵمی ئەی بۆچی وەك ئەو نەبووی بەدکتۆر؟!

😊 دزێك چووە ماڵێك، چونکە هیچی بۆ دزین نەدۆزییەوە، تووڕەبوو و لەداخان دایبی منداڵەکیانی دڕاند!

😊 مامۆستا: بەهێزترین کەسێك کە دەیناسی کێیە؟
قوتابی: خاوەن ماڵەکەمان...!!!



# بەسەرهاتەکانی دوورگە

**بەسەرهاتی حەوتەم:**

دوورگە لەدواو دواوەی پاسەکە دانیشتووە، لەماڵی دایە گەورەی دەگەڕێتەوە.
دوورگە ئاوڕدەداتەوە دواوەو لەپەنجەرەکەوە چاو دەبڕێتە جاددەکە.
دوورگە دەست بە بیرکردنەوە دەکات:
ئێمـــە لە ماڵی نەنکم بووین، کاتێـــک دەچووین بۆ ماڵی ئەوان، جاددەکان بەرەو ڕووومان دەهاتن، وەک بابەگەورەم دەیگوت: بەرەو پیرمان دەهاتن! یانی هەرچی پاسەکە خێراتر بچووبایەتە پێشێ، جاددەکەش بەهەمان خێرایی بەرەو ڕووومان دەهاتو لەپڕ دەچووە بن تگەرەکانی پاسەکەمانەوە و بەجێماندەهێشت.
من، کاتێک دەچووین بۆ ماڵی نەنکم، لەپێشی پێشەوە دانیشتبووم، بەڵام ئێســـتا کە خەریکین دەگەڕێینەوە ماڵی خۆمان، لە دواوەی دواوە دانیشتووم.
کاتێک لە پێشـــێ دانیشتبووم، بیرم لەوە دەکردەوە، کە تۆ بڵێی کەی بێتە ئێـــوارەو لەماڵی نەنکم بگەڕێینەوەو بچینەوە بۆ ماڵی خۆمـــان؟! ئاخر حەزم دەکرد لەگەڕانـــەوەدا بچمە دواوەو بزانم کاتێک جاددەکە دێتە بن تگەر (تایە)ی پاســـەکەمان و بەجێی دێڵین چی لێ بەســـەر دێت؟! یانی حەزم ئەکرد بزانم کاتێک جاددە بە جێ دەهێڵین چۆن چۆنییە؟!
ئێســـتا لە پشت پشتەوەی پاسەکە (می نی بۆسەکە) دانیشتووم، لە ماڵی نەنکم دەگەڕێینەوە، باپیرم لەماڵ نەبوو، نەنکیشم تاقەتی قســـەی خۆشـــی نەبوو، ئاخر قسەی خۆشـــمان بێ، ئەو وەک بابەگەورەم قسەخۆشیش نییە، ئەوە بۆیە!
جاددەکە زۆر سەیرە! ئێستا کە لە پشتەوە دانیشتووم و خەریکم چاو لەو جاددەیە دەکەم، هەســـتیکی زۆر سەیرم بۆ ساز بووە، یانی هەست دەکەم، ئەو جاددەیەی کە پاسەکەمان بەجێی دەهێڵێ، تا دوو ســـێ چرکە بەدواماندا ڕادەکات، بەڵام کە دەزانێ پێمان ناگاتەوە، ڕادەوەستێ!
تۆ بڵێی وابێ؟! یانی من هەست دەکەم:
کاتێک پاســـێک، یان هەر سەیارەیەک، دەچێتە سەر جاددەیەک و دەیەوێ بەســـەریدا تێپەڕ بێت، جاددەکە یەکەمجار وا هەست دەکات کە پاسەکە لەبەر ئەو هاتۆتە سەر جەستە قیراوییەکەیەوە و پێـــی وا دەبێت کە بەرەو پیری ئەو دەچێت، هەر بۆیە ئەویش بە خێرایی بەرەو پیری پاســـەکە دەڕوات و دەیەوێ پاسەکە لە ئامێزی خۆی بگرێت و بەخێرهاتنی بکات، بەڵام کاتێک دەگاتە بن تگەرەکانی پاسەکە و کە دەبینێ پاسەکەش بەبێ ئەوەی ئاوڕی لێ بداتەوە بەجێی دەهێڵێ، تازە بۆی دەردەکەوێ کە ئەو پاسەش وەک ئەو پاس و ســـەیارانەی پێشـــوو وایە و تەنیا هەر ئەوەندە دەزانێ کە وەک ئەوانی تر بەجێ بهێڵێت.
یانی هەست دەکەم، کاتێک سەیارەکە بەجێی دێڵتت، سەرەتا پێی وا دەبێت کە پاسەکە لەبەر خێرایی نەیتوانیوە ڕابوەستێت، هەر بۆیە بەدڵخۆشیەوە بڕێکی وەدوا دەکەوێت، تا بەڵکو بیگاتێ، بەڵام کاتێک دڵنیا دەبێ کە پاســـەکە بەبێ ئەوەی بۆی گرنگ بێت، بەجێی هشـــتووەو ئیتر نایگاتێ، واز لەو سەیارەیەش دێنێت و ڕادەوەستێت و چاوەڕوانی سەیارەیەکی تر دەبێت، تا بەڵکو ئەوی دیکەیان وەک ئەوەکەی پێشوو نەبێت و بتوانێت بۆ یەکەمجار، لە هەموو تەمەنی دا، سەیارەیەکی ڕێبورار، لە ئامێز بگرێ و ماچی بکات!
دوورگـــە دەڵێ: خۆزگـــە جاددە دڵپاکەکـــە بیزانیایە، کە هیچ سەیارەیەکی ڕێبوار، لەبەر ئامانجی خۆی، ناتوانێ چاو لەبەر پێی خۆی بکات و هیچ ســـەییارەیەکی ڕێبواریش، بۆئەوەیە نابێ کە جاددەیەکی دڵپاک، دڵی خۆی پێخۆش بکات!

**خۆزگە جاددە دڵپاکەکە بیزانیایە!**
**خۆزگە!**

# پەیامی ئێمە بۆ ئێوە



## پەیامی هەژدەیەم:

ژیان لەگەڵ بنەماڵە بۆ گەشەو بژێوی و چاودێریکردنی منداڵ زۆر گرنگە، ئێوەی دایـــکو باوک هەردووکتان ئەرکی سەرشـــانتانە ئێمە پەروەردە بکەنو ئاگادارمان بن. دەسەڵاتیش دەبێ لـــەم پێوەندییـــەدا یارمەتی دایکـو باوکمان بدات.

## پەیامی نۆزدەیەم:

دەســـەڵات نابێ ڕێگەبدات دایکـو باوک یـــان هـــەر ڕاهێنەرێکی تر بەدڕەوشـــتی لەگەڵ منداڵان بکات، بۆئەوەی منداڵان بەلاڕێدا نەبردێن دەبێت لەڕاگەیاندنەکانو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دا ئیشی پێویست بۆئەم بابەتە بکات.

## بیرەوەری

### شانۆگەری

منو هاوڕێیەکم بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی پەڕتووکخانەی قوتابخانەکەمانەوە، شانۆیەکمان ئامادە کردبوو، بۆ ئەم شانۆیەش نزیک مانگێک خۆمان ماندووکرد. شانۆکەمان ٢٠خولەکی ماوە دەویستو کاتی نمایشکردنەکەی هات. ئێمە هێشتا بەهەموویەوە پێنج خولەکی نمایشەکەمان پێشکەش نەکردبوو کە کوتووپڕ بەڕێوبەری قوتابخانەکەمان لایەکی پەردەکەی لاداو لەپشت پەردەکەوە پرسی: ئەرێ نمایشەکەتان تەواوبوو؟



هاوڕێکەم سەری لێ شێواو لەخۆیەوە وتی: بەڵێ!
بەڕێوەبەریش وتی: دەی باشە زووکەن بڕۆنە خوارێ، چونکە کاتمان کەم ماوە!
ئێمەش ناچاربووین بڕۆینو شانۆکەمان بەنیوەچڵی بەجێ بهێڵین. ئیتر هیچ کات نەمانتوانی ئەو شانۆیە بەتەواوی بەڕێوە ببەینەوە.

میران ئاراس لەهەولێر

# رۆڵی پیاوان لەکاتی سکپڕیی ژنان چییە؟

ئا: چنوور قادری

دەورانی دووگیانی، دەورانێکی کە نەتەنیا بۆ ژنان، بەڵکو بۆ پیاوانیش خاوەن هەندێ تایبەتمەندیی بەرچاوە. لەماوەی نۆ مانگ دووگیانبوونی هاوسەرانیان، پیاوان پێویستییان بەخۆئامادەکردن هەیە.

لەهەندێ شوێنی جیهاندا، گرووپی وەکو "گرووپی پیاوان" پێکهاتوونو هەن کە ئەو کەسانەی بڕیارە بەزوویی ببن بەباوک، ناونووسین دەکەنو لەگەڵ مەسەلە زانستییەکانی پەیوەندیدار بەشێوازو چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هاوسەرەکانیان لەماوە پێشو دوای دووگیانیداو هەروەها شێوازی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان ئاشنا دەکرێن، بەڵام لەهەندێ شوێنی جیهاندا کە کۆمەڵگەو خێزانەکانی پێکهاتەیەکی نەریتیان هەیەو پیاوساری تێدا زاڵە، پیاوان کەمتر ئەو رۆڵەی پێویستەی خۆیان دەگێڕن.

## لەدەورانی دووگیانی ژندا، پیاو چ رۆڵێکی هەیە؟

ئەوان لەنگەرگەی گەمییەکنو دەبێ متمانەو ئاسایش بدەن بەهاوسەرانیان. پیاوان دەبێ یارمەتیی بدات بەهاوسەرەکەی کە تەواوی سەرنجی داوەتە سەر خۆیو کۆرپەی ناو سکی، تاوەکو بتوانێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوروبەر بپارێزێت. رێزگرتن، سەبرو تاقەتکردنو بوونی هەمیشەیی باشترین هەلو دەرفەتە کە هەر پیاوێک لەماوەی دەورانی دووگیانبووندا دەتوانێ بداتە هاوسەری.

لەماوەی دووگیانی، زەیسانیو هاوکات لەگەڵ هاتنی منداڵ بۆ ماڵ، پێویستە پیاو ئاگای لەهاوسەری بێ. لەوانەیە تەنیا شتێک کە لەماوەی ساڵانی رابردوودا گۆڕاوە، سەرقاڵی بێ رادەی پیاوان لەدونیای کارو ئاوڕنەدانەوە بەپەروەردەی منداڵەکانە. داوی ئەوە کە ژن منداڵەکەی بوو، هاوسەر عادەتی جارانی ڕەچاو دەکاتو هیچ گۆڕانێک لەکاژێرەکانی کاری خۆیدا پێک ناهێنێ، ئەوان گومان دەکەن تەنیا دایک ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵە لەئەستۆدایە! بەڵام بۆ ئەوەی منداڵێکی سالمو تەندرووستمان بێت، لەبواری دەروونی پێویستی بەهەردووکیان هەیە، هەم دایکو هەمیش باوک. دەبێ منداڵ بەباشی هەست بەرۆڵی دایکو باوک لەژیانی خۆیدا بکات.

بابەتێک کە لەماوەی دەورانی دووگیانبوونی هاوسەر، هەستی بوون بەباوک پیاوان تووشی ترس دەکات تێنەگەیشتن لەژن لەماوەی دەورانی دووگیانبووندا،پێکهاتنیپەیوەندییەکی سێلایەنە دەبێتە هۆی ترسو دڵەراوکێ لەپیاواندا. ئەوان نازانن ئەو منداڵەی دێتە دونیا، چ پێگەیەکی دەبێ لەژیانی هاوسەرگیری ئەواندا؟ تێگەیشتن لەم بابەتە کە هاوسەریان، دایکی منداڵێکە کەمێک بۆیان دژوارە، ئەم هەستە وا دەکات زۆر جار دوای تەواوبوونی دەورانی دووگیانبوون ژن، زۆر پیاو لەپەیوەندییەکانی هاوسەری بەگومانن. ئەو تێگەشتنە زۆربە لەو پیاوانەدا دەدیترێت کە بۆ یەکەمین جار دەبنە باوکو کەم ئەزموونن.

## ئەرکەکانی پیاو لەدەورانی زەیسانی

بوونی هاوسەر لەتەنیشت ژنێکی دووگیان، هەست بەئارامیو ئاسایشو دڵنیابوونی پێدەدات. دەروونناسان دەڵێن لەم کاتانەدا پیاو بۆ ژن هێزو پشتیوانێکی گەورەیە. ژن دەزانێ کەسێکە هەیە کە دوای زەیسانی چاوەڕوانی بێ، وشەی خۆشەویسانەو دڵدارانەی پێی بڵێتو قسەی خۆشو بەباوەشگرتنی هاوسەر لەبواری دەروونی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ژنێکی دووگیان.

## رۆڵی پیاو لەدەورانی شیردانی دایک

پیاو بەبوونی خۆی لەکاتەکانی شیردان، خەواندنو ...تد، دەتوانێ هەست بەئارامیو ئاسایش بداتە هاوسەر خۆی. نابێ ژن بەهۆی ژنبوونی تەواوی ئەرکەکانی وەئەستۆ بگرێت. لەم دەورانەدا پیاو دەتوانێ پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ هاوسەرەکەی بێنێتە ئاراوە.

## ئایا کەسێک دەتوانێ جێگای پیاو بۆ ژنا لەدەورانی دووگیانیدا پڕ بکاتەوە؟

دەروونناسان دەڵێن، هیچ کەسو تەنانەت کەسوکاریش ناتوانن ئەو هەست بەئارامیو ئاسایشەی کە پیاوێک بەبوونی خۆی دەتوانێ بداتە هاوسەری، بگێڕن.

## ئایا پیاوان بەشێوەی زاتی تواناییان هەیە ئاگایان لەمنداڵەکانیان بێت؟

ژنو پیاو هەردووکیان بە شێوەی زاتی دەتوانن منداڵەکانیان گەورە بکەن، بەڵام لەدرێژای ژیان ئەم ئەرکە تەنیا بۆ ژنان تەرخان کراوە، کاتێ کە پیاو ناچار دەبێ، بەباشی ئەم ئەرکە بەڕێوە دەبات. پیاوان دەبێ ئەم خاڵانەو زۆر خاڵی دیکەی زانستی لەتەواوی دەورانی دووگیانبوونی ژندا ڕەچاو بکات. کاراکتێری پیاو بۆ هاوسەر لەم دەورانە هەستیارەی ژیاندا زۆر پێویستو گرنگە. پێویستە پیاوانی کوردیش بەدوور لەکولتووری پیاوسالارانە مامەڵە لەگەڵ ئەم رووداوەی ژیانیاندا بکەنو لەپێناو بەختەوەریو ئاسایشی خێزانەکەیان بەشێوەیەکی زانستیو مودێرن بیربکەنەوەو هەنگاو بنێن، نەوەکو نەریتیو پیاوسالارانە.



# پێش سکپڕیی ئاگاداری یانزە خاڵ بن؟!

دئەدیبە ئیسماعیل
پسپۆڕی نەخۆشیەکانی منداڵان

پێش بڕیاردان بۆلەدایکبوونی منداڵی لەشساغ دایکو باوک ئەبێت زانیاریی تەندروستیی تەواوییان هەبێتو ئافرەت ئەبێت لەشساغو تەندروست بێت، بەباشی چاوێریی تەندروستیی خۆی کردبێتو ئەندامانی خێزان ئەبێت ئەم زانیارییانەیان‌هەبێت:

١ . جگەرەکێشانی دایک لەکاتی سکپڕییدا:

ا. جگەرەکێشان کێشی کۆرپەلە (بەتایبەتیی کۆرپەلەی پێش کاتی لەدایکبوون) کەم ئەکاتەوە، چونکە جگەرەکێشان زۆر ترسناکەو رۆژانە دایک تا جگەرە زۆرتر بکێشێت زیاتر کێشی کورپەلە کەم دەبێتەوە.

ب.ئافرەتی سکپڕی جگەرەکێش منداڵی لەبارەچێت یان منداڵەکەی بەمردوویی لەدایک ئەبێت.

ج. هەندێجار جگەرەکێشانی دایک ئەبێتە هۆی کتوپڕ گیان لەدەستدانی منداڵ.

د. جگەرەکێشانی دایک ئەبێتە هۆی تێکچوونی هێلکەدانی هەندێ منداڵ.

٢. دەرمان:

لەئافرەتی سکپڕدا بەکارهێنانی دەرمان ئەبێ قەدەغە بکرێت، چونکە دەرمان کاری لاوەکییو خراپی بۆسەر کۆرپەلە ئەبێت.

٣. مەیخوارنەوەو دەرمانی بێهۆشیی: کاریگەریی زۆر خراپییان بۆ کۆرپەلە هەیە.

٤. کوتان دژی نەخۆشیی سورێژەی ئەڵمانی:

ا. ئافرەت لەهەردوو کاتی سکپڕییو پێش شووکردندا ئەبێت دژی نەخۆشیی سورێژەی ئەڵمانیی بکوترێت.

ب. منداڵ بۆ تووشنەبوون بەنەخۆشیی سورێژەی ئەڵمانیی لەتەمەنی ١٥ مانگییدا بەکوتانی سیانەیی دژی: سورێژەی ئەڵمانی، سورێژەو ملەخڕێ :MMR Mump, Measles and Rubella ئەبێت بکوترێ.

٥. نەخۆشیی پشیلە یان تۆکسۆپلازمۆسس Toxoplasmosis:

ئەگەر نەخۆشیی پشیلە واتە تۆکسۆپلازمۆسس، تووشی ئافرەتی سکپڕ ببێت لەوانەیە سک لەباربچێت یاخود کۆرپەلە تووشی نەخۆشیی زگماکیی ببێت، بۆیە ئەبێت ئافرەتی سکپڕ لەپشیلە دوور بکەوێتەوە یاپشیلە لەناو ماڵەکەیدا دووربخرێتەوەو ئەگەر دەستی لەپشیلەدا ئەبێت دەستکێش بەکاربهێنێتو خواردنی گۆشتی نەکوڵاو نەخوات.

٦ .شیر، ماست و پەنیری پاستۆرنەکراو: بۆ ئەوەی میکرۆبی لیستریا وەرنەگرێت ئەبێت ئافرەتی سکپڕ، شیرو ماستو پەنیری پاستۆرنەکراو نەخوات.

٧. حەبی فۆلیک ئەسید Folic acid tablets:

بۆکەمکردنەوەی ئەگەریی تووشبوون بەنەخۆشیی زگماکی بڕبڕەی پشت Neural Tube defectsی کۆرپە ئەبێت هەموو ئافرەتێک بەرێژەیەکی کەم رۆژانە حەبی فۆلیک ئەسید لەپێشو لەکاتی سکپڕییدا بخوات.

٨. چارەسەرکردنی بەرزەپەستانی خوێن: بۆلەبارنەچوونی کورپەلە یاخود بۆئەوەی کۆرپەلە پێش کات لەدایک نەبێت، ئەبێت ئافرەتی تووشبوو بەبەرزە پەستانی خوێن پێش سکپڕکردن چارەسەر وەربگرێت.

٩. قەڵەویی:

ئافرەتی قەڵەو ئەبێت کێشی دابەزێنێ، چونکە ئافرەتی قەڵەوی سکپڕ لەوانەیە توشی نەخۆشی شەکرە بێت، سکپڕیی ئافرەت لەو ماوەیەدا ئەگەری توشبونی ئەو نەخۆشیانەی هەیە.

١٠. نەخۆشیی بۆماوەیی:

پێش پرۆسەی هاوسەرگیریی بەتاقیکردنەوەو پشکنین ژنو مێرد ئەبێ دڵنیابن کە دوورن لەنەخۆشیی بۆماوەیی وەکو نەخۆشیی تالا سیمیا.

١١. تەمەن و نەخۆشیی زگماکو بۆماوەیی:


کۆرپەلەی ناکام (ناتەواو) لەم کاتانەدا روودەدات:

ا.نەخۆشیی مۆنگۆلیزم Mongolism: کاتێک ئافرەتی سکپڕ تەمەنی لە ٣٥ساڵ بەرەوژوورتر بێت، لەوانەیە کۆرپەلەکەی بەنەخۆشیی مۆنگۆلیزمەوە لەدایک ببێت.

ب. کاتێک لەرابووردوودا ژنو مێرد نەخۆشیی زگماکییان هەبووبێت.

ج. کاتێک ژنو پیاو هەڵگری نەخۆشیی بۆماوەیی وەکو نەخۆشیی تالاسیمابن.






# فێری باشترین شێوازی کارکردن بە

کاردۆخ محەمەد

بەهۆی گەشەی شارنشینیو شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە، زۆرینەی دانیشتوانی سەرزەوی بوونەتە موچەخۆرو لە دامودەزگایەکدا کاردەکەن کە ڕەنگە زۆربەی کارەکانیان لە پشت مێزو لە چوارچێوەی ژوورێکدا بێت، ئەم نەجوڵانە لە ڕوانگەی تەندروستییەوە زیانی زۆری هەیەو زۆربەی موچەخۆرانیش بەهۆی دەرەنجامەکانی ئەم جۆرە کارکردنانەوە بەدەست چەندین نەخۆشی دەروونیو جەستەییەوە دەناڵێنن. بۆ پاراستی تەندروستی جەستەت لە کاتی کارکردن لە دامودەزگایەکدا، هەوڵ بدە ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکەیت.

## شوێنی دانیشتن

یەکێک لەو هۆکارانەی دەبێتەمایەی نائاسودەییو نەخۆشی جۆراوجۆری کارمەندانی دامودەزگاکان، خراپی ئەو کورسی یاخود ئەو شوێنەیە کە لەسەری دادەنیشن، بەومانایەی زۆرینەی کارەکانی کارمەندان هەر لەسەر کورسی ئەنجامی دەدەنو بوونی کورسی یاخود شوێنی ئاسودەو گونجاو بۆ دانیشتن، گرنگییەکی تەندروستی گەورەی بۆ کارمەندان هەیە تاوەکو لە نەخۆشییەکانی فەقەرات، ملو... دووری بخاتەوە. واپێویستە کورسی کارمەندان ئەم مەرجانەی تێدا بێت: توانای بەرزییو نزمی، دەسک بۆ پشودانی دەستەکان، نەرمو شلو لە جۆری بزواو بێت، شوێنی بۆ پشودانی مل هەبێت.

## مێزی بەردەم کورسی

ئەو مێزەی کارمەندان بۆ ڕاپەراندنی کارەکانیان بەکاریدەهێنن، دەبێ بە باشی سەرجەم شتەکانی کارمەندی تیادا جێگە ببێتەوە، بۆ خاوێن کردنەوە ئاسان بێت، ڕووەکەی تەخت بێت تاوەکو بواری تیشکدانەوەی نەبێت کە کار بکاتەسەر چاو و پێستی کارمەندان، بەرزییو ڕووبەرەکەی گونجاو بێت، لایەنی کەم (٧٠-٧٥سم) بەرز بێت واتا بەجۆرێک بێت کە نەبێتەمایەی دروستبوونی پشت ئێشەو ئازارەکانیتر لە کارمەنداندا.

## شوێنی گونجاو

شوێنی ژینگەی کارکردنی کارمەندان گرنگییەکی تایبەتی هەیە، واباشترە ڕووناکی ئەو شوێنە بەجۆرێک بێت کە هەموو شتێ بە تەواوەتی ببینرێت، سەرچاوە ڕووناکییەکانی ئەو شوێنە نەبێتەهۆی دروستبوونی ڕووناکی زیانگەیەنەر یاخود تاریکییەک کە ترس، دڵەڕاوکێو ژینگەیەکی خەمۆکو نائارام بۆ کارمەندان دروست بکات. ڕووناکی گونجاو بۆ شوێنی کارمەندان دەبێ وزەکەی نزیکەی (٤٠٠) لۆکس بێتو واباشتریشە سەرچاوەڕووناکییەکان‌سەرچاوەیەکی سروشتی بن، ئەگەر سودیشت لە ڕووناکی دەستکرد وەرگرت ئەوا گڵۆپی سپیو زەردباو بەکاربهێنە، چونکەبەپێیلێکۆڵینەوەپزیشکییەکان ئەم دوو ڕەنگە دەبنەمایەی بزواندنی زیاتری کارمەندان بۆ کارکردن.

## ڕەنگی شوێنی کارکردن

ئەو ڕەنگانەی لە شوێنی کارکردنی کارمەنداندا بەکاردەهێنرێت، ڕۆڵی لە دابینکردنی ڕووناکی گونجاو و بزواندنی کارمەند بۆ کارکردن هەیە. بۆنمونە دەبێ دیوارەکانی شوێنی کارکردن بەلایەنی کەمەوە بەڕێژەی (٨٠٪)ی تیشکە وەرگرتووەکان بداتەوە هەربۆیەشە ڕەنگی سپی باشترین ڕەنگە.

*هەوای نوێو خاوێن: بوونی هەوای پاکو خاوێن لە شوێنی کارکردندا، لە ڕووی دەروونییەوە دەبێتەمایەی زیادبوونی تەکیزو کەمبوونەوەی ماندووبوونی کارمەندانو لەڕووی تەندروستییەوە کارمەندان لە زۆر نەخۆشی جۆراوجۆر دوور دەخاتەوە. بوونی هەوای نوێو دابینکردنی ئۆکسجین لە شوێنی کارکردندا دەبێ ڕێژەکەی (٥٪-١٠٪) مەتربێت لەماوەی یەک چرکەدا، هەروەها دەبێ ساردیو گەرمی شوێنی کارکردن یەک ڕێژە بێت.

## ڕووبەری شوێنی کارکردن

شوێنی کارکردنی کارمەندان، دەبێ هێندە بەرفراوان بێت کە هاتوچۆ بەشێوەیەکی گونجاو ئەنجام بدرێتو بەشێوازێکی ئەندازەیی کورسی، مێزو پێداویستییەکانیتریتیادارێکخرابێت کە کارمەند بەهۆی شێوازی ڕێکخستنی ژوورەکەوە هەست بە ئاسودەیی بکات. بەپێی ستاندارده پزیشکییەکان، هەر کارمەندێک (١٠) مەتر چوارگۆشەی پێویستە.

سەرچاوە:
www.tahrannews.com

# نەوت خواردنی منداڵان لەبەهارو هاوین دا زیاتر دەبێت

## ٦٦ منداڵ بەهۆی "کەمتەرخەمی" دایکو باوکیانەوە، لەبری ئاو نەوتیان خواردووەتەوە

**بەپێی نوێترین ئاماری بەڕێوبەرایەتی نەخۆشخانەی منداڵانی سلێمانی، تەنیا لەسێ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا ٦٦ منداڵ بەهۆی نەوت خواردنەوە ڕەوانەی نەخۆشخانە کراونو لەو ڕێژەیەش ٤٥یان کوڕو ٢١یان کچن.**

**بێستون فەتاح لەسلێمانی**

د.ئیخلاص نیعمەت بەڕێوبەری نەخۆشخانە منداڵانی سلێمانی ڕەخنە لەمیانی نوێترین دیمانەیدا لەگەڵ نم نم، ڕەخنە لەکەمتەرخەمی دایکو باوکی ئەو منداڵانە دەگرێت کە نەوت دەکەنە دەبەی ئاو خواردنەوەو هۆشیاری ئەوەش دەداتە دایبابەکان کە ئەو مادانە لەشوێنێکدا هەڵبگرن کە دەستی منداڵی پێنەگات، چونکە کاریگەری درێژخایەنیان لەسەر منداڵەکانیان دەبێت.

**بێستون: حاڵەتی نەوت خواردنەوەی منداڵان لەهەموو ساڵێکدا هەبووە؟**

**د.ئیخلاص:** سالانی پێشووش لەنێو منداڵاندا هەبووە، بەڵام ئەمساڵ زیادی کردووە. بەزۆری لەوەرزی بەهارو هاویندا ئەم حاڵەتە زیاد دەبێ، چونکە منداڵ توانیویەتیو تێشناگات کامە ئاوە؟ دایکانو باوکانیش کردویانەتە خوییەکی خراپ کە نەوت یان بەنزین دەکەنە دەبەو پەرداخو جامی ئاو خواردنەوەوە، بۆنمونە دایکەکە نان دەکات لەتەنیشت خۆیەوە نەوتەکە دەکاتە جامێکەوە منداڵەکەش کە تونیویەتی بەبێ پرس لەتوینیتیدا نەوتەکە دەخواتەوە، بەهەمان شێوە لەکاتی سەیرانو گەشتکردندا نەوت دەکەنە دەبەو کەلوپەل.

**بێستون: ئەو حاڵەتە تەنها نەوتە یان ماددەی تریشی تێدایە؟**

**د.ئیخلاص:** جاری وایە منداڵ دێنن بۆنەخۆشخانەکەمان تێزابی خواردووەتەوە، گوایە باوکی خەریکی پاتری ئۆتۆمبیلەکەی بووەو لەتەنیشت خۆیەوە داینا‌وەو منداڵەکە خواردویەتییەوە یان منداڵ دێنن فاستو مەوادی تری پاککردنەوەی خواردووەتەوە، حاڵەتی تریش هەبووە کە منداڵەکە زانیویەتی نەوتە، بەڵام بەسۆندە هەڵی مژیوە تاوەکو نەوت دەربهێنێ، لەو کاتەدا نەوتەکەی قوت داوەو پەڕیوەتە بۆری هەناسەیەوە.

**بێستون: تەمەنی ئەو منداڵانە چەندە؟**

**د.ئیخلاص:** تەمەنی جیاوازیان تیایە، هەیانە زۆر منداڵەو باوەڕناکەین بەو منداڵییە چۆن دەستی گەیشتۆتە ئەو نەوتە.

**بێستون: کاریگەرییەتەندروستییەکانی ئەو نەوتە چی دەبێت لەسەر منداڵەکە؟**

**د.ئیخلاص:** بەشێوەیەکی گشتی ماکی درێژخایەنیان نییە، زۆرترینیان ئەو ماوەیە توشی هەوکردنی سنگ دەبن، یان لەوانەیە بۆ ماوەیەک ئازاری سکیان هەبێت، یان ئەو ماوەیە منداڵەکە قەبز دەبێتو بێتاقەت دەبێت، یاخود ڕەنگە دەنگی هەناسەدانی بگۆڕێتو دەنگێکی تری هەبێت کە لەدەنگی نەخۆش بچێت، بەڵام ئەوانەی مادەکانی تر دەخۆنەوە وەک کلۆرو فاستو تێزابو جۆری تر ئەو ماددانە ماکی درێژخایەنیان هەیە، بۆیە دەبێت چیتر دایکان ئاگاداری ئەوەبن ئەو کەلوپەلانە بۆ نەوت هەڵگرتن بەکار نەهێنن کە منداڵ بەئاوی بزانێتو بیخواتەوە.



# هەنگاوەکانی سەرنجڕاکێشانی ڕەگەزی بەرامبەر

**کوردۆ محەمەد**

دروستکردنی پەیوەندیو ژیانی هاوسەرێتی لەدەستپێکی ئەم سەدەیەوە، بەرەو ئاڵۆزییەکی زیاتر ڕۆیشتووە. کۆمەڵێک ڕێبازی زانستیانە هەن کە دێنە بەردەمی زۆربەمان تا بتوانین پەیوەندییەکی تەندروست لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا دروست بکەین، بەڵام ئەم هەنگاوانەی خوارەوە یارمەتییەکی بەرچاوت دەدا تاوەکو هاوسەرێکی دڵخواز پەیدا بکەیتو پەیوەندییەکی سەرکەوتووانەش لەگەڵیدا بپارێزیت.

١. پەیوەندی دروست بکە: شانازی بەوەوە بکە لەقۆناغی پێگەیشتندایت، بەباشی پەی بەوە دەبەیت کە پێویستیت بەهاوسەرێک هەیە کە ژیانی لەگەڵدا ببەیتەسەر.

٢. پەیوەندییەکانی ڕابردوو فەرامۆش بکە: هەوڵ بدە ئەو پەیوەندییەکانی ڕابردووت کە بەشکست کۆتاییان هاتووە، فەرامۆشی بکەیت، ئەگەر کەمتەرخەمییەکە لەلایەن تۆوە بووە هەوڵ بدە داوای لێبوردن بکەیت. هەمیشە تۆ دەستپێشخەریی کارە باشەکان بکە، لەهەموانیش گرنگتر ڕووبەڕوو گفتوگۆ بسازێنەو پەند لەئەزموونەکانی ڕابردووت وەربگرە.

٣. ڕاهێنانی دەروونیو جەستەیی بکە: لەسەر پارچە کاغەزێک بنوسە "من خۆشحاڵم کە خاوەنی ئەم خۆشەویستییەمو لەڕووی دەروونیو جەستەییەوە شایستەی ئەوەم"، پاشان لایەنە باشو خراپەکانی خۆت بنوسەو بەوردیی کێشەکانی پەیوەندییەکانت دیاری بکەو دواتر چارەسەریان بۆ بدۆزرەوەو هەنگاو بەرەو سەرکەوتن بنێ.

٤. باوەڕ بەوە بکە کە کێشکردنی ڕەگەزی بەرامبەر کارێکی سروشتییە: ئەگەر لەپێناو بەدەستهێنانی شتێکدا، زیاد لەسنور هەوڵ بدەیت، واباشترە بەتەواوەتی بەشێوەیەکی سروشتیانە ئەنجامی بدەیت، لەبەرئەوەی سروشت ئەوەی کە پێویست بێت ئەنجامی دەدات!

٥. ئەو ڕەفتارە بکە کە حەز دەکەیت لەگەڵ تۆدا وا ڕەفتار بکرێت: ئەو سیفاتە باشانەی حەز دەکەیت لەڕەگەزی بەرامبەرتدا هەبێت، هەوڵ بدە سەرەتا لەکەسایەتی خۆتدا بەرجەستەیان بکەیت.

٦. ڕێگای جۆراوجۆر ئەزموون بکە: واز لەو سنورو هێڵە سورانە بهێنە کە بەچواردەوری خۆتدا کێشاوتە، ئەگەر لەڕێگایەکدا سەرکەوتوو نەبوویت هەوڵ بدە ڕێگاکانیتریش ئەزموون بکەیت، چونکە بەرنامەی کارکردن هێندەی هەنگاوەکان گرنگن.

٧. وەک کارێکی پیرۆز بنۆڕە سێکسی هاوسەرێتی: سێکس نیشانەی پیرۆزیی عەشقێکی ڕاستەقینەی هاوسەرێتییە، پەیوەندییەکانت لەڕووی جەستەییو ڕۆحییەوە بەهاوسەرەکەتەوە پتەوتر دەکات.

٨. شەپۆلە نەستییەکان کۆنترۆڵ بکە: زۆربەی ئەو شەپۆلە نەستییانەی لەقوڵایی دەروونتەوە دێنەدەرەوە، ئەگەر پۆزەتیڤ بوون ئەوا سودیان لێوەربگرەو بەپێچەوانەشەوە.

٩. ڕێز بنوێنە: ڕێزگرتن سەرەتای پەیوەندییەکانو پتەوکردنیانە، تاوەکو ڕێزدارتربن ئەوا دروێنەی ڕێزیشتان زیاتر دەبێت.

١٠. بەڕوویەکی کراوە پێشوازی لەژیان بکە: بەشێوەیەکی بەردەوام هەوڵ بدە بەگەشبینییەوە پێشوازی لەڕووداوەکانی ژیان بکەیت، چونکە زۆربەی ڕووداوە ناخۆشەکانیش بەکراوەیی تۆ دەبنە مایەی بەختەوەرییو دەرەنجامێکی باشیان لێدەکەوێتەوە. هاوڕێیەتی کەسانی گەشبینو پەرتوکەکانی تایبەت بەبەختەوەریی بکە. پێویستە هەنگاو بەهەنگاو بەرەو سەرنجڕاکێشانی ڕەگەزی بەرامبەرو هەموو شتەکانیتر بڕۆیت.

# داراو زارا دەپرسن

**داراوزارا: بڕیارمانداوە هەرکاتێک پرسیارێکمان هەبوو لەبارەی ئەرکە: بایۆلۆژیی، دەروونییو سێکسییەکانی خۆمان، بەبێ هیچ ترسو شەرمو خۆخواردنەوەیەک بیخەینە بەردەم کلینیکی نم نم، تاوەکو بەڕاوێژ لەگەڵ کەسانی پسپۆڕو پشتبەست بەسەرچاوەی زانستیی، وەڵامی پرسیارەکان وەرگرینەوەو گومانەکانمان نەهێڵینو ببینە خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی زانستیی دروست لەبارەی ڕۆحو جەستەی خۆمان، ئێوەی خوێنەریش دەتوانن بەشدارو هاوکارمان بن لەرێی ناونیشانەکانی ڕۆژنامەکەمانەوە.**

nmnmpress@yahoo.com

**زارا: تەمەنم ١٨ساڵە باوکم زۆر توڕەو خراپە لەگەڵم، چۆن بتوانم خۆمی لێ نزیک بکەمەوە؟**

**نم نم:** یەکێک لەو کێشە گەورانەی ڕووبەڕوی خێزان ئەبێتەوە نەبوونی هۆشیاری پەروەردەکردنە، زۆرن ئەو باوکانەی کەبەشێوەیەکی ڕەقو نادروست مامەڵەی کچ ئەکەن. دەرهاویشتەی مانەوەی پەروەردەی سەقەت، هەڵبەت خۆ نزیککردنەوەو ڕاکێشانی سەرنجی باوک لەڕێگەی سەرکەوتن لەبواری خوێندنو گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانی زیاتر ئەو دیوارە ئەڕوخێنێت کە لەنێوان منداڵو باوکدا دروست ئەبێت، خۆ هەندێجار خۆشەویستی زۆرو ترسی باوک لەچارەنووسی منداڵ کچ بەتایبەت، هۆکارێکە، جگەلەوەی زۆر لەباوکان خۆشەویستیو سۆزی خۆیان دەرنابڕنو منداڵ پێیوایە کە خۆشیان ناوێن، هەندێ باوکیش هەن کێشەی تایبەت یان ئابوری یان نەخۆشییەکیان هەیەو ئەوە هۆکارێکە بۆ بیرکردنەوەو سەرقاڵییان زیاترو لەو حاڵەتەدا منداڵ پێیوایە باوکی بایەخی پێنادات‌و خۆشی ناوێت. دەشێ بەو کارانەی باوکت دڵخۆش دەکەن، زیاتر سەرنجی رابکێشیتو وابکەیت زیاتر ببیتە جێی سەرنجو بایەخپێدانی، ئەوەش لەشەوو ڕۆژێکدا ناکرێو پێویستی بەپشودرێژیو دان بەخۆداگرتن هەیە.

**دارا: ژنەکەم ماوەیەکە وەک جاران نییەو ئارەزووی کەمبۆتەوە؟ هۆکارەکەی چی بێتو چۆن چارەسەری بکەم؟**

**نم نم:** ئەو هۆکارانەی ئەبنە هۆی ساردبوونەوەی ئارەزووی ژن لەگەڵ پیاو بەو مەبەستەی ئارەزووی جوتبونیان کەم ئەکات زۆرن وەک: ماندووبون، هەستکردن بەپەراوێزخستن، نەبوونی ورۆژاندن، کەمبونەوەی متمانەو هەستکردن بەو گۆڕانکارییانەی بەسەر جەستەدا دێن لەگەڵ نەخۆشی جۆربەجۆرو ... تد.

کاتێک ژن هەست بەبوونی تواناو ئارەزوو ئەکات کە لەلایەن هاوسەرەکەی هاوکاری بکرێت چ لەبەڕێوەبردنی ماڵو منداڵ یان کەمکردنەوەی پەستانی دەروونی، بایەخدان، دەربڕینی بەردەوامی سۆزو خۆشەویستی، وێڕای ئەوەی شکاندنو ساردبوونەوەی پیاوو ڕەخنەگرتن لەژن زیاتر کەسایەتیو باوەڕی ژن بەخۆی لاواز ئەکات.

**زارا: مێردەکەم بایەخ بەکۆمپیوتەرەکەی زیاتر دەدات لەمن، چیبکەم تا زیاتر گرنگی بەمن بدات؟**

**نم نم:** کەمپیوتەر بۆتە کیشەیەکی هەنوکەییو کەسانێکی زۆر پێوەی گیرۆدەبوون ئەویش دەرئەنجامی زۆر بەکارهێنانییەتی کە ئەبێتە هۆی توشبوون بەئیدمان، بۆ ڕێگرتن لەتوشبوون بەو نەخۆشییە دەروونییە پێویستە سەرەتا کەسی بەکارهێنەر هەوڵی دوورکەوتنەوە بدات، دواتر ژن ئەتوانێ بەڕاکێشانی سەرنجی پیاو وەک: چوونەدەرەوە، دوورکەوتنەوە بۆماوەیەک، داخستنو لابردنی کۆمپیوتەر یاخود هەندێجار پێویست بەسەردانی پزیشک ئەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بەڕێگەیەکی زانستی پێش ئەوەی کاریگەری سلبی بکاتە سەر تاکو خێزانو پەیوەندی نێوان ژنو پیاو.

# چۆن لای هاوسەرەکەت خۆت خۆشەویست دەکەیت؟

**لەنیا ئیبراهیم**

ئەگەر دەتەوێت لای هاوسەرەکەت خۆشەویست بیت، ئەوا پێڕەوەی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بکە تا لێی سودمەند بیت:

١. هەوڵبدە بزانیت هاوسەرەکەت حەزی لەچ میوزکێکە بەبێ ئەوەی خۆی بزانێت، ئەو میوزکە بدۆزەرەوە کە حەزی لێدەکات پاشان ئەو میوزیکە بخەسەرو پێکەوە گوێی لێبگرن.

٢. گۆرانی بۆیەکتر بڵێن بەتایبەت ئەگەر ناتوانیت گۆرانی بڵێیت، کاتێک بەتەنیایت گوێ لەو میوزیکانە بگرە کە ئاوازەکەی یاخود وشەکانی ئەوت بەبیردەهێننەوە، بەبێ مۆسیقا ئەو گۆرانیانەی بۆبڵێ کە حەزی لێیە ئەمەش وەکو خەڵات وایە.

٣. کاتێک کە هاوسەرەکەت دەگری سەیری ناوچاوی بکەو سەرنجی فرمێسکەکانی بدە.

٤. ئەو جلانە لەبەر بکە کە خۆشەویستەکەت حەزی لێدەکات، هەوڵی دۆزینەوەی ئەو شتانە بدە کە ئەو پێیخۆشە بۆنمونە ئەو خواردنانە بکڕە یاخود ئەو خواردنانە دروست بکە کە هاوسەرەکەت حەزی لێدەکات.

٥. کاتی پشوو پێکەوە سەردانی ئەو شوێنانە بکەن کە هاوسەرەکەت واتە نیوەکەی ترت حەزی لێدەکات.

٦. وتووێژەکانت ڕێکخەو مەیخەرە دڵەڕاوکێوە، کارە پێویستەکانی ناوماڵ پێکەوە بکەنو هاوکاری یەکتر بکەن.

٧. بۆ هەرکارێکی باش سوپاسی بکە بەتایبەت لەبەردەم کەسانی تردا ستایشی بکە.

٨. ئەو شتانە بۆیەکتر باس بکەن کە حەزتان لێیە لەگەڵ باسکردنی ئەو هەڵسوکەوتانەی یەکتر کە بەدڵتانە، هەموو ڕۆژێک ئەمە دوبارە بکەنەوە.

٩. هەوڵ بدەن نامەی خۆشەویستیو ڕۆمانسی بۆیەکتر بنوسن، ئەمەش بکەنە پیشەیەکی ڕۆژانە.

١٠. چیرۆکو شیعری خۆشەویستانەو ئەڤیندارانە بنوسن یان بخوێننەوە وە چیرۆکی خۆشەویستی بۆیەک باس بکەن، هەروەها سەیری فیلمو گۆرانی ڕۆمانسیو ئەڤیندارانە بکەن.

١١. بەستنی بۆینباخو لەمل کردنی ملوانکە بۆیەکتر هۆکاری خۆشەویست بوونە لای یەکتر.

١٢. ئامادەکردنی ژەمە خواردنەکان پێکەوەو تامکردنی لەکاتی ئامادەبوونیدا لەگەڵ ستایشکردنی یەکتر بەو کارەی کردوتانە بۆئامادەکردنی ئەو خواردنە بەتامە.

١٣. سەیری خۆرهەڵهاتنو خۆرئاوابوون بکەن پێکەوە، سەیری مانگ بکەن کاتێک وێنەی لەئاودا دەردەکەوێت هەروەها پێکەوە سەیری ئەستێرەکان بکەن.

١٤. ئەم ڕستانە بۆیەکتر دوبارە بکەنەوە: خۆشمدەوێی، پێویستم پێتە، تۆم دەوێت.

١٥. وشەی خۆشەویستی بەگوێی یەکتردا بچرپێنن.

١٦. پێویستە هەندێک ڕۆژی گرنگی وەکو ڕۆژی هاوسەرگیریتانت لەبیرنەچێت.

١٧. خێزانەکەت پشتگوێ مەخە تا ئەتوانیت هیچ شتێک مەخە پێش هاوسەرەکەتەوە.



# هەڕەشەی خۆکوشتنو خۆسوتاندنی خوێندکاران سەرهەڵدەداتەوە

## "ئەگەر داخڵ نەکرێم، ناچارم خۆم بسوتێنمو چیتر ئازاری ئەو قسە سوکانە نەچێژم کە بەرامبەرم دەکرێن"

**چەندان خوێندکار بەهۆی دەرنەچوونیان لەزیاد لەسێ وانە، بەشداری تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریای قۆناغی دوانزەی ئامادەیی ئەمساڵ ناکەنو بەوتەی خوێندکارانیش، داخڵنەبوونیان ژیانو ئایندەیان روبەڕووی هەڕەشەو تورەیی خێزانەکانیان دەکاتەوە، توێژەرانی کۆمەڵایەتیش پاساوی خوێندکاران بەبەهانەیەک دەزانن بۆئەوەی داخڵ بکرێنو بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئاسانکارییەکی زۆر بۆخوێندکارانی دوانزەی ئامادەیی کراوە.**

شیلانو سالم

لەسەروبەندی کۆتایی ساڵی خوێندنی ٢٠٠٩ - ٢٠١٠داو لەگەڵ وادەی دیاریکردنی ناوی خوێندکارانی پۆلی دوانزەیەمی ئامادەیی، بۆ بەشداریکردنیان لەتاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ، چەندین خوێندکار بەهۆی دەرنەچوونیان لەزیاد لەسێ مادده لەتاقیکردنەوە گشتییەکان بێبەشکراون، هاوکات ئەو خوێندکارانەی ناتوانن بەشداری بکەن باس لەچەندین کێشەی کۆمەڵایەتی دەکەن کە لەئەگەری داخڵنەبوونیان لەلایەن خێزانەکانیانەوە روبەڕوویان دەبێتەوە.

### باوکم دەمخاتە بیرەوە

بێستون خدر، خوێندکارێکی پۆلی دوانزەیەمی وێژەییەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە باوکی تەڵاقی لێخواردووە کە ئەگەر ئەمساڵ دەرنەچێت دەیخاتە بیرەوە، "دوای ئەوەی پار داخڵی ئیمتیحانی بەکالۆریا نەبووم بەڵێنم دایە باوکم کە ئەمساڵ هەوڵ بدەم، بەڵام لەکۆتایی ئەمساڵدا باوکم کە زانی وەزعی دەرەجەکانم خراپە تەڵاقی لێخواردووم ئەگەر داخڵی تاقیکردنەوەکان نەبم دەمخاتە بیرەوە".

بەشێکی تر لەو خوێندکارانەی ناچنە تاقیکردنەوەکانی بەکالۆرییەوە هەڕەشەی مەترسیدار لەسەر ژیانی خۆیان دەکەنو باس لەوە دەکەن ئەگەر داخڵ نەکرێن کۆتایی بەژیانی خۆیان دەهێنن.

دالیا عەلی، خوێندکارێکی شەشەمی زانستییەو ئاماژە بەوە دەدات ئەگەر داخڵ نەکرێت خۆی دەسوتێنێت، چونکە "هیچ وەڵامێکم پێ نییە بۆ کەسوکارم بۆئەوەی داخڵ نەکراوم، ناچارم خۆم بسوتێنمو چیتر ئامادەنییم ئازاری هەموو ئەو قسە سوکانە بچێژم کە بەرامبەرم دەکرێت".

لەلایەکی تریشەوە بەشێکی تر لەخوێندکارەکان باس لەوە دەکەن کە ناکرێت خوێندکارێک هیچ هەوڵ نەداتو دواتریش وەک هەموو خوێندکارێکی تر داخڵی تاقیکردنەوەکان بکرێت، ئەوەتا سایە نەوزاد، ئاماژە بەوە دەدا، کە خوێندکار هەیە لەسەرەتای دەوامەوە هەوڵ دەدات بۆئەوەی داخڵ بکرێت، هەندێکیشیان هیچ هەوڵیان نەداوەو "خۆ دەبێت جیاوازییەک هەبێت".

### پێویستە فلتەر بۆ داخڵ بوون هەبێت

جەمیل قادر مامۆستایەکی ئامادەییەو باس لەوە دەکات کە داخڵکردنی خوێندکاران بۆ تاقیکردنەوەی بەکالۆریا فلتەرێکە پێویستە خوێندکار پێیدا تێپەڕ ببێت، "ئەو فلتەرە بۆ کەمکردنەوەی ئەو فشارە زۆرەیە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانی پەروەردە کە ئەو هەموو خوێندکارە بەشداری تاقیکردنەوەکان نەکەن، بەڵام لەسەرووی ئەوانەوە بەشێکی زۆری بەرپرسیارێتیە کە دەکەوێتە ئەستۆی خوێندکار خۆی، چونکە لەماوەی ساڵێکداو لەکۆی حەوت مادده خوێندکار نەتوانێت لەچوار مادەیداو لە١٠٠نمرە ٥٠نمرە نەهێنێت ئەوا بێبەش دەبێت لەداخڵکردن".

لەلایەکی دیکەوە ئیسماعیل حەمە وەک مامۆستایەکی ئامادەیی، پێویستی مانەوەی سیستمی داخڵکردن دوپات دەکاتەوەو ئاماژە بەوە دەدات کە ئەگەر ئەو داخڵکردنە نەمێنێتو خوێندکاران هەموویان بچنە تاقیکردنەوەکانەوە، ئەوا خوێندکاران تا ئەو مانگەی بۆ سەعیکردن دەنێردرێنەوە وانەکانیان فەرامۆش دەکەن، "دەکرێت شێوازی داخڵکردنی خوێندکار گۆڕانکاری بەسەردا بکرێت، بەڵام هەر دەبێت فلتەرێک بوونی هەبێت".




### خوێندکاران بۆ بەهانە دەگەڕێن

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی پێیوایە ئەو قسانەی خوێندکاران دەیکەن بۆئەو مەبەستەیە کە گوشار بخەنە سەر خوێندنگەکانیانو داخڵیان بکەن.

زانا ئەحمەد توێژەرێکی کۆمەڵایەتییەو باس لەوە دەکات کە گوشاری خێزانەکان لەسەر رۆڵەکانیان لەسەروبەندی داخڵبوونیان بۆتاقیکردنەوە گشتییەکان، لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە بەشێکی زۆریان لەڕابردوودا چانسی تەواوکردنی خوێندنیان بۆ نەڕەخساوەو بەهۆی ئەو گوشارانەوە دەیانەوێت ڕۆڵەکانیان درێژە بەخوێندن بدەن، "ئەگەر ئەو هەڕەشانەی خوێندکاران باسی دەکەن ڕاست بێت پێویستە حسابیان بۆ بکرێت".

### خوێندکاران ئاسانکارییەکی زۆریان بۆ کراوە

کەمال نوری بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی، ئاماژە بەوە دەدا کە ئەمساڵ ئاسانکارییەکی زۆر بۆ خوێندکارانی دوانزەی ئامادەیی کراوە، چونکە پێشتر خوێندکار ئەگەر لەدوو وانە بکەوتایە بەشداری تاقیکردنەوەکانی نەدەکرد، بەڵام ئێستا ئەگەر لە سێ ماددەشدا دەرنەچێت ئەوا هەر دەتوانێت بەشداری تاقیکردنەوەکان بکات، "ئەگەر خوێندکارێک لەزیاد لەسێ مادده بکەوێت، بۆی قورس دەبێت لەتاقیکردنەوەی بەکالۆری نمرەی باش بەدەست بهێنێت".

## قسەکردن مێشکی منداڵان بەهێزتر دەکات

ئا: باران

زاناکان لەو بڕوایەدان کە ئەو دایکو باوکانەی لەگەڵ منداڵە ساواکانیان قسە دەکەن، یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەهێزبوونو گەشەکردنی مێشکیان.

بەپێی توێژینەوەیەک کە لەلایەن زانکۆی نورس ویسترن لەئیلینویز ئەنجامدراوە، ئەوە دەرکەوتووە کە ئەو منداڵانەی وشەیان بیستووە، توانایی ئەوەیان هەیە ئەو وشانە دواتر پۆلێنکاری بکەن، بەڵام ئەو منداڵانەی کە تەنیا دەنگی سادەو ئاسایی دەبیسن، توانایی پۆلێنبەندییان نییە.

لێکۆڵینەوەکە دەریخستووە، بۆ منداڵانی سێ مانگە وشەکان زیاتر لەهەموو دەنگێکی دیکە دەتوانن لەچوارچێوەی بیرکردنەوەیان کاریگەر بێت.

بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم بابەتە، توێژەران لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر ٥٠منداڵی سێ مانگە ئەنجامدا.

د.سۆزان هیسیۆس مامۆستای دەروونناسی ئەو زانکۆیەیەو یەکێک لەنووسەرانی ئەو لێکۆڵینەوەیە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەرئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە بۆ ئەوان زۆر سەرنجڕاکێش بووە، "ئێمە تاقیکردنەوەمان لەسەر دوو گرووپی منداڵی سێ مانگە ئەنجامدا، ئەوانەی لەگەڵ وێنە وشەو دەنگیان بۆبڵاوکرایەوە، لەبەرامبەر ئەوانەی تەنیا وێنەیان پیشاندرا، زۆر جیاوازی هەبوو. ئەو منداڵانەی دەنگەیان بیستبوو، توانایی ئەوەیان هەبوو بەبینینی دووبارەی وێنەکە، پۆلێنکاری بکەن".

بەپێی ئەو توێژینەوەیە، وشەکان کاریگەری زۆریان لەسەر منداڵانی ساوا هەیە کە بتوانن شتەکان لەمێشکی خۆیاندا پۆلێنکاری بکەنو وەکو گرووپی جیاواز لێکیان بکەنەوە

---

## هەموو منداڵێک زەین تیژە بەمەرجێک...



ئامادەکردنی: ناسر فەتحی

# لە حەفتەی بیستەمەوە تا حەفتەی بیست و هەشتەم

**حەفتەی بیستەم :** منداڵەکەتان لەم تەمەنەدا یاری کردن، بەتایبەت یاری کردن بەئاو لەحەمام پێخۆشە. بەتێڕامانو لێی وردبوونەوەی زیاتر لەکەرەستەکانی دەوربووبەری نیشانی دەدات کە تەرکیزی زیاتر بووە. لەئاوێنەدا بەخۆی پێدەکەنێ، سەری بەرەو دەنگ وەردەسووڕێنێ، دەستو پێیەکانی بۆراکێشانی سەنجی کەسانی دەورووبەری دەجووڵێنێتەوە، هەروەها مەمکەمژەی شیرەکەی خۆشدەوێو بەسۆزو میهرەبانیەوە لەناو پەنجەکانیو لەباوەشی دا رایدەگرێ.

**چۆنێتی یارمەتیدانی:**

- بۆ ئەوەی منداڵەکەتان فێربێت کە بەداخوازییەکانی وڵام دەدرێتەوەو ئێوەی دایکو باوک سەرچاوەی ئاسایشو ئەرخایەنیی ئەون، کاتێک کە هەوڵ دەدات سەرنجتان رابکێشێت، بەدەنگ، بەسووڕاندنەوەی لەشتان، درووستکردنی پێوەندی چاوەکی یان چاو لەچاو، جووڵە بەرەو ئەو بەداخوازیو داواکارییەکانی وڵام بدەنەوە.
- کەسانی نامۆو غەریبە یان تازە بەمنداڵەکەتان بناسێننو پێی بڵێن کە ئەوە کێیەو ئەویتر کێیە.
- تا ئەو جێگایەی دەتوانن بەناو بانگی بکەن.

بەکورتی: بەیاری کردن، ختوکەدانیو بە چاو لەچاوکردنیو پێکەنین لەگەڵی دەتوانن چێژێکی زۆر بەمنداڵەکەتان بگەیەنن. تا ئەو جێگایەی دەتوانن هاوکات لەگەڵ پێکەنینی منداڵەکەتان ئێوەش پێبکەنن.

**حەفتەی بیست و چوارم:** منداڵەکەتان لەم تەمەنەدا بەدەرهێنانی دەنگی جۆراوجۆر لەخۆی خوێی دەنوێنێ، کاتێک گوێی لەدەنگی پێی کەسێک دەبێ تامەزرۆییو بێقەراری لەخۆی نیشان دەداتو بۆ ئەوەی لەباوەشی بکەن دەستەکانی بەرزدەکاتەوە. بەرە بەرە لەگەڵ وێنەی خۆی لەئاوێنەدا بەوڕێنە وا نیشان دەدات کە خەریکە قسەی لەگەڵ دەکاتو خەندەو بزەی بۆ لێ دەداتو بەزاری تۆقلە هەڵدەدات. کەمە کەمە شەرم لەکەسانی غەریبەو نائاشنا شەرم دەکاتو لەوانەیە شەرمەکەی بەترسان لەو کەسانە نیشان بدات. لەم تەمەنە وا نیشان دەدات کە لەو خواردنانەی پێیدەدەن هەندێکیانی پێخۆشەو هەندێکیانی پێناخۆشە.

**چۆنێتی یارمەتیدانی:**

- یاری بڵاوکردنەوەی کەرەستەکانی لەگەڵ ئەنجام بدەن، یارییو وەرەکگرتنو دانەوە لەگەڵ بکەن، لێستاندنو پێدانەوەی بووکەڵەکانی وەک یاری لەگەڵ ئەنجام بدەن.
- بەردەوام بەناوەوە بانگی بکەن.
- بۆ ئەوەی پێی نیشان بدەن کە توانایی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕیو دەست تێوەردانی بەدەستهێناوە، ئەنجامی کارە جیاجیاکانی بۆ بخەنەڕوو و پێی نیشان بدەنەوە کەچی کردووە، بۆوێنە ئەگەر تۆپێکی لەبەر دەست بووو پاڵی پێوەناو وەجووڵەی خست بڵێن: ئەها تۆپەکەت وەجووڵە خست. یان ئەگەر خۆتان تۆپو کەرەستەکانی بەردەستیتان تەکان داو ئاڵووگۆڕتان بەسەردا هێنا راپۆرتی چۆنێتییەکەی بەمنداڵەکەتان رابگەیەنن.

بەکورتی: کاتێک هەستتان کرد منداڵەکەتان بانگتان دەکاتو دەیەوێ لەئامێزی بگرن، بەزووترین کاتو بەتامەزرۆییەوە بەرەوپیری بچنو ناوی بێننو کارێک بکەن بزانێت کە بەرەو ئەو دەچن.

**حەفتەی بیست و هەشتەم:** منداڵەکەتان لەم تەمەنەدا بەرە بەرە دەست دەکات بەقسەکردنو هەندێک دەنگی تایبەت لەخۆی دەردێنێ کە دەتوانن لێی تێبگەن. لەم تەمەنەدا ناوی خۆی دەزانێ، دەستەکانی بۆ ئەوەی لەباوەشی بگرن بۆلاتان درێژ دەکات، سەربەخۆییو تواناکانی خۆی بەوە نیشان دەدات کە هەوڵ دەدات بۆخۆی نانو خواردنەکەی بخوات، لەم تەمەنەدا دەست دەکات بەچاولێکەریو لاساییکردنەوەی زۆرێک لەکارەکانتانو چاوەڕوانی ئەوە دەبێ کە دووپاتی بکەنەوە بۆ ئەوەی لاساییتان بکاتەوە.

**چۆنێتی یارمەتیدانی:**

- وێنەی منداڵەکەتان لەئاوێنەدا نیشانی خۆی بدەنەوەو ناوی بێنن بۆ ئەوەی وێنەیەکی لەخۆی لەزەینی دا درووست ببێ. دڵنیای بکەنەوە کە ئەوە "سۆزان"ە و ئەو سۆزانەش خۆیەتی! ئەگەر وڵامەکەی نەگەتیڤو نەرێنی بوو پێی بڵێن " نا "!
- هەموو ئەو دەنگانەی منداڵەکەتان لەخۆی دەری دەبڕێ وەک "دا"، "با"، "کا"، لەگەڵی دووپات بکەنەوە.
- بەو خواردنانەی کە دەکرێ بەپەنجە بخورێن، منداڵەکەتان بەرەو سەربەخۆیی لەخواردن هان بدەن.

بەکورتی: رواڵەتی منداڵەکەتان لەئاوێنەدا بەخۆی نیشان بدەنەوە، ئاماژە بەوێنەی ناو ئاوێنەکە بکەنو ناوەکەی بەدەنگێکی تارادەیەک بەرز بەسەرزارتان بێننو بانگی بکەنو تا ئەو جێگایەی دەتوانن ئەم کارە ئەنجام بدەن، بۆئەوەی منداڵەکەتان خۆی لە ئاوێنەدا بناسێتەوە.



# خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران هەژمارکردنی ٢٥نمرەکەی ڕاگرت؟

## "هەڵپەساردنی بڕیارەکە هەوڵو کۆششی بەشێک لەخوێندکارانی بەفیڕۆداو مایە پوچی کردن"

**دوابەدوای خۆپیشاندانەکانی هەفتەی پێشووی خوێندکارانی ئامادەییەکان بۆ هەژمار نەکردنی ٢٥نمرەی پۆلی دەو یانزە بۆسەر پۆلی دوانزە، وەزارەتی پەروەردە "ناچار کرا" بۆماوەیەکی نادیار بڕیارەکەی هەڵپەسێرێتو کاری پێنەکرێت تا لەهاوێنی ئەمساڵدا پێداچوونەوەی بۆبکرێت، ئەوەش بوویە مایەی نیگەرانی هەندێک لەمامۆستایانو وەزیری پەروەردەی پێشوش "دڵنیا"یە لەوەی هەڵپەساردنی بڕیارەکە لەدەرئەنجامی هەڕەشەی خۆپیشاندانەکانی خوێندکارانەوە بڕیاری لەسەردراوەو وەزیری ئێستای پەروەردەش ئەوە ڕەتدەکاتەوە.**

پێشەوا محەمەد لەسلێمانی

ڕۆژی ٤/١٢ خوێندکارانی بەشێک لەئامادەییەکان، بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین سەبارت بەو بڕیارەی کە لەقۆناغی دەی ئامادەییدا ١٠نمرەو لەقۆناغی یانزەشدا ١٥نمرەیان بۆقۆناغی دوانزە بۆ کۆبکرێتەوە، ڕژانە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانیو هیچ وەڵامێکیان نەدرایەوە، پاشتر ڕۆژی ٤/١٧ جارێکی تر تەواوی خوێندکارانی خوێندنگە ئامادەییەکانی سلێمانی چوونەوە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو بیناکەیان هێلکە، تەماتە، بەردباران کرد، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ڕۆژی ٢٠ی ئەم مانگە وەزارەتی پەروەردە کۆبوونەوەیەک لەسەر داواکارییەکانی خوێندکاران بکاتو لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری هەڵپەساردنی ئەو بڕیارە بۆ ماوەیەکی کاتیی بدات.

### بڕیارەکە خوێندکاران مایەپووچ دەکات

کۆمەڵێک مامۆستای ئامادەیی ڕایدەگەیەنن کە بڕیاری هەڵپەساردنی ئەژمارکردنی نمرەی پۆلەکانی دەو یانزە بۆ پۆلی دوانزەی ئامادەیی کەموکوڕیو کێشەی تەکنیکی گەورە بەسیستمی تاقیکردنەوەکان دەگەیەنێت.

یاسین تەها، مامۆستای ئامادەیی ئاماژە بەوە دەدا کە وەزارەت ئەو بڕیارەی هەڵپەساردنەی بەپەلە داوەو کێشەی تەکنیکی گەورەی لێدەکەوێتەوە، "ئەگەر ئەو بڕیارە لەسەرەتای کۆرسی یەکەمەوە بووایە هێشتا باشتربوو، بەڵام لەئێستادا بەشێکی زۆری خوێندکاران بەشی ئەوە نمرەیان کۆکردووەتەوە کە پێویستییان بەکۆرسەکانی تر نەبێتو لەئێستاوە دەرچوون، بۆیە ئەو بڕیارە وا لەخوێندکار دەکات کۆشش نەکەن".

ئەو مامۆستایە ئەوەشی نەشاردەوە کە ئەو بڕیارە خوێندکاران توشی سەرلێشێواوی دەکات، چونکە "چەند بۆ ئەو خوێندکارانە باشە کە نەیانتوانیوە نمرە بێنن، هێندەو زیاتریش ئەو خوێندکارانە توشی شۆک دەکات کە هەوڵو کۆششیان کردووەو نمرەی باشیان بەدەستهێناوە، بەڵام ئێستا خۆیان بەمایەپوچ دەزانن".

### خوێندکاران دەبن بەدوو بەرەی جیاوازەوە

بڕیاری هەڵپەساردنی ئەژمارکردنی ٢٥نمرەکە، خوێندکارانی ئامادەییەکانیشی کردووە بەدوو بەرەی جیاوازەوەو لەوبارەیەوە بۆچوونو ڕوانینی جیایان لەسەری هەیە.

ماکوان عەلی، خوێندکارێکی ئامادەییەو ئاماژە بەوە دەدات کە هەڵپەساردنی بڕیارەکە زۆر لەجێی خۆیدایەو سودی تەواوی لێدەبینن، "ئێستا ئێمە وەکو جارانمان لێهاتووە، پێویستناکات سێ ساڵ خۆمان بەسەعییەوە بکوژین، هیوادارم هاوین بڕیاری لابردنی یەکجارەکی بۆئەو بڕیارە دەربچێت".

بەڵام بەشێکی تر لەخوێندکاران پێیانوایە هەڵپەساردنی بڕیارەکە لەئێستاداو دوای جێبەجێکردنی، زۆرێک لەخوێندکاران لێی زەرەرمەند دەبن، ئەوەتا هیوا ڕەئوف، باس لەوە دەکات کە ئەو خوێندکارانەی کۆششێکی زۆریان کردووەو نمرەیان بەدەستهێناوە جیاوازیان نامێنێت، "بۆیە لەوەزارەت دەپرسم ئەی چۆنو چی لەکۆششەکانی ئێمە دەکات، ئێمەش بچینە سەر شەقامو بیناکان بەردباران کەین؟".



هەڵپەساردنی بڕیارەکە بەشێک لەخوێندکارانی دڵخۆش کردو هەندێکیشیانی پەستو تووڕە

فۆتۆ: ئاکام شێخ هادی

### هەڵپەساردنی بڕیارەکە پەیوەندی بەخۆپیشاندانەکانەوە نەبوو

سەفین دزەیی، وەزیری پەروەردە، لەلێدوانێکی تایبەت بۆ نم نم ئاماژەی بەوەدا ئەوکاتەی کۆنگرە بەستراوەو سیستمی نوێ پەسەندکراوە، بڕیاربووە کە دوای ماوەیەک کارپێکردن بەسیستمی نوێ پێداچوونەوە بۆسیستمەکە بکرێتو لەکوێدا چاکسازی پێویستبێت بکرێت، "بەهیچ شێوەیەک ئێمە لەژێر گوشاری خۆپیشاندانەکاندا ئەو بڕیارەمان دەرنەکردووە، بەڵکو دە ڕۆژ پێش خۆپیشاندانەکان ئێمە لەشەقڵاوە کۆبووینەوەو بڕیاری پێداچوونەوەی ئەو بڕیارەمان دا".

وەزیری پەروەردە جەخت لەوەش دەکاتەوە کە خوێندکارو مامۆستا پێویستە پابەندی ئەرکەکانیان بن، "خوێندکار ئەو نمرانەی بۆ ئەژمار بکرێن یاخود نا هەر دەبێت دەوامو تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ بکات، پێویستە مامۆستاکانیش ئەرکی خۆیان بزانن کە پەروەردەو فێرکردنە، ئەو مامۆستایانەی ئێستا دژی بڕیاری هەڵپەساردنن، هەر ئەوانیش بوون پێشتر دەیانوت با سیستمی هەژمارکردنی نمرە نەمێنێت".

### هەڵپەساردنی بڕیارەکە لەژێر هەڕەشەی خۆپیشاندانەکان دەرکرا

لەبەرئەوەی سیستمی نوێ لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمدا بڕیاری جێبەجێکردنی دراوەو ئەوکاتەش د.دڵشاد عەبدولڕەحمان وەزیری پەروەردەبووە، بۆیە بەشێک لەئۆباڵەکە دەکەوێتە سەر ئەو وەزارەتە.

لەو بارەیەوە، د.دڵشاد عەبدولڕەحمان، لەلێدوانێکیدا بۆ نم نم ئاماژەی بەوە دا کە وەزارەت کاتی خۆی ئەو بڕیارەی دەرکردووە بەسەدان ڕاپۆرتو گەڕانو لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر کراوەو دڵنیابوون لەوەی ئەو بڕیارە لەهەموو لایەکەوە سود بەخوێندکار دەگەیەنێت، "ڕاستە لەکۆنگرەدا بڕیاری پێداچوونەوەی هەموو سیستمی نوێ دراوە، بەڵام پێداچوونەوە جیایەو هەڵوەشانەوەش شتێکی تر".

د.دڵشاد باس لەوە دەکات کە وەزارەتی پەروەردە بەتەواوەتی نەیتوانیوە ناوەڕۆکی ئەو بڕیارە بەمامۆستایانو خوێندکاران بگەیەنێت، "من دڵنیام هەڵپەساردنی ئەو بڕیارە لەژێر هەڕەشەی خۆپیشاندانەکانی خوێندکاراندا بڕیاری لەسەردراوە".

# مۆلەتێن دایکینیێ ... مەزنترین ئاریشەیێ پەروەردەیا دهۆکێ

## "هندەک قوتابخانا سێ مامۆستا پێکڤە یێن ئێک وانە مۆلەتا دایکینیێ وەردگرن"

**قوتابخانەکا جڤاکیو پەروەردەیی ل دهۆکێ نها د چێکرنێ دا یەو دبیت هەتا دوماهیا ئەڤ سالە قوتابخانە ب دووماهی بهێت. ئەڤ قوتابخانە دێ قوتابیان ژ باخچێ زارۆکان هەتا قۆناغێن بنەرەتیو ئامادەیی تێ د پەرن ڤەگریت. ڕێڤەبەرێ پەروەردا قەزا دهۆکێ دیار کر، ١٠١هزارو ٦٢٤قوتابی ل سنوورێ پارێزگەها دهۆکێ هەنە.**

جەمال حسێن ل بادینان

وەیسی سلێمان ڕێڤەبەرێ پەروەردا قەزا دهۆکێ ئاماژە دا وێ چەندێ کو ٨٧٣٠ مامۆستا ل دهۆکێ سەر ب پەروەردەیا قەزا دهۆکێ ڤەنە دگەل ١٨٢٤فەرمانبەرانو ب ڕێکا ڤان مامۆستایان وانە بۆ ١٠١هزار قوتابیان دهێنە گۆتن، "ئاریشا سەرەکی یا میلاکێ مە تێک ددەت




ئەوە کو مامۆستایێن کچ گەلەک مۆلەتێن دایکینییێ وەردگرنو ساڵانە ل پتریا قوتابخانان ئەم تووشی ڤێ ئاریشێ دبین و ڤالاتی د میلاکێ قوتابخانان دا دروست دبیتو ئەم نەشێین چ چارەسەریان بۆ ببینین. ژبەرکو هندەک قوتابخانا سێ مامۆستا پێکڤە یێن ئێک وانە مۆلەتا دایکینییێ وەردگرنو مە دامەزراندن نینە وان ڤالاتیان پربکەین".

ناڤبری، ئەو ژی نە ڤەشارت کو دئەڤ ساڵە دا وان داخوازا ٤٠٠مامۆستایان کربوو کو ڤالاتیێن وان پێ پڕببن لێ هەتا نها بەرسڤا نڤیسینا وان نەهاتیە دانو چ مامۆستا نەهاتینە دامەزراندن.

### قوتابخانێن سێ دەوامی ژی هەنە

ئێک ژ ئاریشێن دی یێن قوتابخانان ل دهۆکێ ئەوە، کو د هندەک قوتابخانان دا سێ دەوام دهێنە کرنو د هندەک پۆلان دا نێزیکی ٥٠قوتابیان تێدا دخوینن، ئەڤ چەندە ژی کارتێکرنەکا مەزن دکەتە سەر تێگەهشتنا قوتابایێن بۆ وانا خواندنێ و قوتابی نەشێن ب دروستی وانێ تێبگەهن.

وەیسی سلێمان ئاشکراکر کو حکومەتا هەرێما کوردستانێ د ساڵێ دا پارەکێ گەلەک مەزن ل قوتابیان د مەزێخنو ناهێنە هژمارتن و قوتابی ژی ڤێ چەندێ ل پێش چاڤ نا وەرگرنو هەر وەکی حکومەت بۆ وان چ ناکەت، "د پلانا مە دایە ١٤ قوتابخانێن ١٨ پۆلیو نەە قوتابخانێن نەە پۆلیو د گەل حەفت باخچێن زارۆیان بهێنە ئاڤاکرنو هەروەسا هەڕفاندنو ئاڤاکرنا ١٠ قوتابخانێن ل سەر دەمێ ڕژێمێ هاتینە ئاڤاکرن".

### قوتابخانەکا سویدی دهێتە ئاڤاکرن

ژلایەکێ دی ڤە، ل دۆر ڤەبوونا ئێکەم قوتابخانا نامۆ کو ب سیستەمێ سویدی کاردکەت، ڕێڤەبەرێ پەروەردا قەزا دهۆکێ دیارکر، ئەڤ پرۆژە ل دویڤ سیستەمەکێ ئەورۆپیو سویدی تێتە ئاڤاکرنو کۆژمێ ١٩ملیون دۆلاران بۆ چێکرنا پرۆژەی هاتینە تەرخانکرن.

وەیسی ئاماژە دا وێ چەندێ کو یا ب زەحمەتە بۆ وەرزێ خواندنا ساڵا ٢٠١٠-٢٠١١ قوتابی د ڤێ بنگەهی دا بخوینن لێ دبیت بۆ وەرزێ ب دویڤ را ب کەلو پەل ڤە ئامادەببیت، "هەتا نها ب دروستی ئاشکرا نەبوویە کا ئەڤ بنگەهە دێ بۆ کیش جۆرێ خواندنێ هێتە ب کارئینان، پشتی ب دووماهی دهێت دێ ئەڤ بڕیارە ژی دەرچیت".

ناڤبری، نەڤەشارت کو قوتابی دێ ژ قۆناغا باخچێن زارۆکان هێنە وەرگرتنو دێ هەمی پێکڤە خوینن هەتا دگەهنە پۆلا شەشێ ئامادەیيو پاشی دێ قوتابی بەرەڤ کولیژو زانکۆو پەیمانگەها چن.

### قوتابخانە ب پارێن خێرخوازی دهێتە ئاڤاکرن

سەرۆکێ لژنا سەرپەرشتیارێن پرۆژەی ئەندازیار محەمەد جەمیل ئاشکرا کر، پرۆژە ژ ٣٠ پۆلان پێک دهێت دگەل باخچەکێ زارۆکانو ماوێ پرۆژەی ساڵەکو شەش هەیڤن، پێدڤی یە ل هەیڤا ١٢ ژ ئەڤ ساڵە پرۆژە ب هەمی پێک هات ڤە ب دووماهیک بهێت.

تشتێ سەیر د پرۆژەی دا ژلایێ حکومەتێو چ حزبان ڤە نەهاتیە بجئینان بەلکو ب پارێن هندەک کەسێن خێرخواز دهێت ب جهئینان، د ڤی دەربارەی دا ئەندازیار محەمەدی ڕاگەهاند: پرۆژە ب پارێن خێرخوازاو گازا عیراقێ دهێتە چێکرنو پارێزگارێ دهۆکێ خەمەکا مەزن ژ ڤی پرۆژە خواری یە، دیسان هەکە ب دروستی بایە پێدڤی بوو ئەڤ پرۆژە ل هەولێرێ هاتبایە چێکرن لێ ب خەمخۆریا پارێزگاری پرۆژە ل دهۆکێ هاتە ئەنجامدان.

ڕێڤەبەرێ پەروەردا قەزا دهۆکێ ڕاگەهاند ئەڤ پرۆژە دێ ڕویەکێ گەش دەتە دهۆکێو دێ هەمی قوتابیان بەرەڤ وی پرۆژەی ڕاکێشیت، پرۆژە چەندین باخچەو داینگەهو ژوورێن تایبەت ژی تێدا هەنە.

ئەندازیار جەمیل ئەو ژی دیار کر کو ئەڤە ئێکەمین قوتابخانەیە ل کوردستانێو ژ گەلەک پشکان پێک دهێت، ئاڤاهی سێ قاتان بخۆڤە دگریت دگەل ٣٠ پۆلانو خواندن دبیت ژ سپێدێ هەتا ئێڤاری بیت، چونکو هەتا جهێن خوارنێ ژی لێ هاتینە دروستکرن، "بەشێ وەرزشێو هۆلێن گرتی دگەل کافیتریایەکێو هۆلەکا کۆمبوونا یا مەزنو گۆرەپانەکا مەزن یا دەرەجکریو هندەک باخچێن بهێنڤەدانێو تاقیگەهێن زانستیو زمانیو گەلەک تشتێن دی پێک دهێت".




# ئەردۆغان دکتۆرای فەخری پێدەبەخشرێت

وەک رێزلێنانێک لەهەوڵو کۆششەکانی بۆ پشتگیریکردنی کێشەی فەلەستینو زانکۆی ئیسلامیی غەززە، شاندێکی زانکۆی ناوبراو کە لەجەمال خزر سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمینداران‌و کەمالەین شەعس سەرۆکی زانکۆ پێکهاتبوون، بڕوانامەی دکتۆرای فەخرییان پێشکەش بەرەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک وەزیرانی تورکیا کرد. مەراسیمەکە لەکۆشکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیا لەئەنقەرە بەرێوەچوو. خزری دەقی بڕیارەکەی خوێندەوە کە تیایدا هاتبوو: بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بەماف‌و ئیمتیازەکانییەوە بەپلەی شەرەف بەخشرایە دەوڵەتی سەرۆک وەزیرانی تورکیا، وەک رێزلێنانێک بەرامبەر کۆششە گەورەو بەردەوامەکانی لەپشتیوانیکردنی گەلی فەلەستینی‌و کێشە رەواکەی. خزری دووپاتیکردەوە کە ئەو بڕوانامەیە شایانی ئەردۆغانەو زانکۆی ئیسلامیی غەززەیش شانازی بەو کارەیەوە دەکات. گەلی فەلەستین هەڵوێستە بوێرانەو پیاوانەو نیشتمانییە بەردەوامەکانی ناوبراوو خۆڕاگرییەکانی بەرز دەنرخێنێت.

# وەزیرێکی فەرەنسی دادگایی دەکرێت

بەتۆمەتی هەبوونی گەندەڵی لەوەزارەتەکەیدا، چارل باسکوا کەسایەتی دیاری راستڕەوو وەزیری پێشووی ناوخۆی فەرەنسا لەماوەی ساڵانی ١٩٩٣ — ١٩٩٥ دادگایی دەکرێت.

لەرۆژی دووشەممەی رابردووەوە لەدادگای دادی کۆماریی فەرەنسا دادگاییکردنەکە دەستپێکردووە کە ماوەی دووهەفتە دەخایەنێت. باسکوای تەمەن ٨٣ساڵ کە بەیەکێک لەسیاسەتمەدارە لێهاتووەکانی فەرەنسا دادەنرێت، بەتۆمەتی ئەوە دادگایی دەکرێت کە لەو ماوەیەی وەزیری ناوخۆ بووە رێگەی بەکەسە نزیکەکانی خۆی داوە لەپێناو بەرژەوەندیی تایبەتی‌و حزبیدا دەزگاکانی وەزارەتەکەی بەکاربهێنن. هەروەها ساڵی ١٩٩٤ رێگەی کارکردنی داوە بەکۆمپانیایەکی بازرگانی‌و لەبەرامبەریشدا کەسێکی نزیک لەباسکوا بەرتیلی وەرگرتووە، جگەلەوەش تۆمەتبارە بەوەرگرتنی بەرتیل لەکۆمپانیایەکی تری هەناردەکردنی کەرەستەی سەربازیی سەر بەوەزارەتی ناوخۆ.

# ئەستێرەی بەخت

دەتوانیت لەکاتی رووداوە چاوەڕوان نەکراوەکان لەکەسە نزیکەکانت یان لەهاوڕێکانت سود وەربگریت. هاوسەرەکەت پێیخۆشە لەنزیک تۆبێتو هاوکارت بێت.

وزەو تواناو پەرۆشیت هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆت. هێشتا لەبیری بڕیاردانی لەسەر کارێک کە لەکوێوە دەست پێبکەیت. بەزووی رێگەیەک دەدۆزیتەوە وابیر نەکەیتەوە کە بێتوانانیت.

ئەگەر کەسێکی نزیکت هەڵەیەکی کردوەو دەیشارێتەوە، تۆ مافی ئەوەتی نیە کە ئەوانی تری لێ ئاگاداربکەیت. بەجێگەی ئەوە بیر لەهەڵەکانی خۆت بکەرەوە

رووبەڕیووی کەسێک دەبیتەوە کە زۆربڵی‌و کەسێکی لەخۆبایەو حەز دەکات تەواوی کارەکانی بۆجێبەجێ بکەیت، ئەمەش تۆ بێزار دەکات.

وەک شێرێکی لەخۆبایی، حەزدەکەیت لێپرسراوی تەواوی کارەکانی ژیانی خۆت بیت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تۆ حەقی ئەوانی ترت هەبێتو لەسەر ئەوان هەمان یاسا پەیڕەو بکەیت

هەوڵبدە خۆت بەدوور بگری لەوتوووێژکردن لەبارەی بابەتی سیاسی یان مەزهەبی، چونکە کاردانەوەی باشی نابێت.

باشترین کار کە دەبێت بیکەیت ئەوەیە کە بۆچونو هەڵسوکەوتەکانت بەباشی‌و ئاشکرا دەرببڕیت، چونکە کەسانی دەوروبەرت هەموو کات تێناگەن کە تۆ چ مەبەستێکت هەیە.

حەزدەکەیت کە ئیتر ئەو حەقە بەخۆت بدەیت ئیتر زیاتر گرنگی بەکارەکانی خۆت بدەیت، بەڵام هەوڵبدە ئەمە نەبێتە هۆی بچڕانی پەیوەندی نێوان تۆو هاوڕێکانت.

کەس نەیوتوە دەست لە لێپرسراویتیەکان هەڵبگریت، بەڵام هیچ خراپ نییە ئەگەر کەمێک بەگەشبینیەوە کارەکانت ئەنجام بدەیتو ئەزمونە ناخۆشەکانی پێشووت لەبیربکەیت.

زیاتر لەدایک بوانی ئەم بوورجە چێژوەرگرتن لە نێوان کارو لێپرسراوێتەکانیان نازانن. کەس نەی وتوە دەست لە لێپرسراوێتیەکان هەڵبگریت، بەڵام هیچ خراپنیە ئەگەر کەمێک بەشۆخیەوە کارەکانت ئەنجام بدەیت،

تا دەتوانیت کارەکانت دابەش بکە بەسەر کاتەکانتداو هیلاکیەکانی رۆژانی رابووردووت لەبیر بکەو رۆژێکی نوێ دەست پێبکە.

ئەم هەفتەیە باشترین کاتە بۆتۆو ئەوانەی دەورووبەرت. ئەو کارانەی بۆتان هەڵکەوتووە لەدەستی مەدەن. گرنگترین مەرجەکانتان دیاری بکەنو باسو لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە بکە.

# پوتین هەڵدەکوتێتە سەر دەرمانخانەیەک



لەسەردانێکی کتوپڕدا کە کارمەندانی دەرمانخانەکەی تووشی سەرسامی کرد، ڤلادیمێر پوتن سەرۆک وەزیرانی روسیا هەڵیکوتایە سەر دەرمانخانەیەک لەباکوری روسیا بۆدڵنیابوون لەپابەندبوونی دەرمانخانەکە بەو نرخانەی کە حکومەت بۆهەندێک دەرمان دیارییکردوون.

بەگوێرەی هەواڵێکی ئینتەرفاکس، لەمیانەی بەسەرکردنەوەی کارگەیەکی لەقوتوونانی ماسیدا لەناوچەی مۆرمانسک، پوتن لەناکاو داوای لەئۆتۆمبیلەکانی کردووە لەبەردەم دەرمانخانەی ٦ ,٣٦ی سەر بەدەزگای دەرمانخانەکان بووەستن کە حکومەت هاوکارییان دەکات بۆ کەمکردنەوەی نرخی داوودەرمان.

پۆتن کە خۆی پسپۆڕی بواری دەرمانخانەیە لەگەڵ ژمارەیەک رۆژنامەونووسدا خۆیکرد بەدەرمانخانەکەداو پرسیاری نرخی دەرمانی دژە ئەنفلۆنزای لێکردنو وتی: کڕیارەکانتان سکاڵاتان لێناکەن؟ ئەی رێز لەیاسای دەرمانە پێویستەکان دەگرن؟ کوا لیستی نرخی دەرمانەکانتانم پیشان بدەن کە حکومەت دیارییکردوون.

فەرمانبەرێک بە پەشۆکاوییەوە کەوتە گەڕان بەدوای لیستەکەداو وتی: هەست بە پەشۆکان دەکەم، هەموو رۆژێک کڕیاری وامان نییە.

پۆتنیش وتی: کێشە نییە، خۆ هیچ پەلەمان نییە.

لەکۆتاییدا فەرمانبەرەکە لیستەکەی دۆزییەوەو کاتێک پۆتن تەماشای کرد بۆی دەرکەوت نرخەکە زۆر لەوە کەمترە کە حکومەت دیارییکردووە!!!

# SMS

**سەرنجو تێبینییەکانی ئەمجارەی sms دەربڕی بۆچوونی هەندێ لەرۆژنامەنووسانن کە لەمیانی گەشتێکدا ئاراستەی سەرنوسەرو ستافی نم نم کراو لێرەدا پوختەیەکی هەندێ لەو سەرنجانە بەبێ ناوهێنانیان دەخەینەڕوو:**

لەگەڵ دەستخۆشی بۆ رۆژنامەکەتان، بەڵام بەراستی دیزاینی لاپەڕەکانتان سەرنجڕاکێش نییە، لەگەڵ ئەوەی رۆژنامەکەتان رۆژنامەیەکی گەنجانەیەدەبێت رەنگاورەنگیەکی زۆری تێدابێت.

نم نم جیاوازە لەهەموو رۆژنامەکانی تر بەهیوای بەرەو پێشبرچوونی، بەڵام بەگشتی مانشێتی بابەتەکان زەعیفە، هەروەها ئەو فۆنتەی کە مانشێتی لاپەڕە یەکی پێدەنوسرێت زۆر زەقە لەبەرئەوەی ئێوە رۆژنامەکەتان زیاتر کار بۆ گەنج دەکات، پێویستە فۆنتێکی سەرنجڕاکێش‌و نەرم بەکار بهێنرێت.

گۆشەی داراو زارا ئەگەر لاببرێت یان بکرێت بەدوو هەفتە جارێک باشترە، بابەتێکی بەسوودتر لەجێگەی دابنرێت.

لاپەڕەی وەرزشی ئەو بابەتانەی کە تێیدادەنرێت بەگشتی کۆنە ئەو کەسانەی کە خولیای وەرزشن ناتوانن چاوەڕێی ئەوە بکەن تا رۆژی یەکشەمان رۆژنامەکەی ئێوەی دەردەچێت، بۆ زانینی هەواڵ و زانیاری سەرچاوەی تر هەیە پەنای بۆبەرن، لەبەر ئەوە لابردنی یان کردنی بەیەک لاپەڕە باشترە.

بەگشتی ئەو فۆتۆیانەی کە دادەنرێت زۆربەی لەئینتەرنێتەوە وەرگیراوەو فۆتۆی خۆمانەی کەمتر تێدایە، هەوڵبدەن زیاتر سوود لەفۆتۆگرافەرەکانی خۆمان وەربگرن.

راستە ئامانجی کارکردن لەرۆژنامەی نم نم کارکردنە لەبواری گەنجانو خێزان، بەڵام پێویستە تەمەنەکان دیاری بکرێتو لاپەڕکان دابەش بکرێت بەسەر تەمەنەکانداو هەر لاپەڕەی دابنرێت بۆبابەتێک پەیوەست بەتەمەنێک، واتە بابەتەکانی هەمەرەنگ بن کە هەموو ئەندامی خێزان بیخوێننەوە.

# شازادە ریکلام دەکات

لەهەنگاوێکدا کە بەڕای چاودێران بۆنزیکبوونەوەی بنەماڵەی شاهانەی دەسەڵاتدارە لەخەڵک، کوڕەزایەکی شا عەبدوڵڵا بن عەبدولعەزیز بەشداریی ریکلامێکی تەلەڤزیۆنیی کرد.

شاعەبدوڵڵا بن موتعەب ئەو ریکلامەی بۆ دووەمین گەورە کۆمپانیای مۆبایل دەکات لەسعودیە، بەوەش مشتومڕێکی زۆری لەنێوان دیپلۆماتکارانی ناو سعودیەدا دروستکردووەو لەوبارەیەوە دیپلۆماتێکی خۆرئاوایی رایگەیاند: بۆچی ئەمیرێک ئەو ریکلامە دەکات، ئەی بۆ کەسێکی تر نییە؟

شیکەرەوەیەکی سعودییش رایگەیاند: راستە موتعەب لەبنەماڵەی شاهانەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا وەرزشکارێکی پیشەگەری ئەسپسوارییشە، بۆیە وەک پاڵەوانێکی وەرزشیی ریکلامەکەی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا نیشانەی کرانەوەی بنەماڵەی فەرمانڕەوایە بەڕووی خەڵکو ژیانی گشتیدا، "نەوەکانی بنەماڵەی زۆرترن لەباوانیان، نەوەکان کراوترنو جیاوازن لەباوانیان کە بیرێکی بۆرژوازانەیان هەیە".

# میشل ئۆباما لە کچەکانی دەترسی



میشال ئۆباما خانمی یەکەمی ئەمریکا ئاشکرایکرد کە بەردەوام لەگەڵ ساشاو مالیای کچیدا قسە دەکات سەبارەت بەچۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کۆمپیوتەرو مۆبایل‌و تەلەڤزیۆندا، "لەبارەی مەترسییەکانی فەیس بووکەوە زۆر قسەیان بۆ دەکەم، چونکە مەترسییەکی زۆری هەیە بۆسەر خێزانەکەمان، جگەلە کۆمەڵێک وێبسایتی کۆمەڵایەتی ترسناکی دیکە".

ئەو قسانەی میشال دوای ئەوە دێن کە دەنگۆیەکی زۆر بڵاوبوونەتەوە لەبارەی‌مەترسییەکانی‌بەکارهێنانی ئەو وێبسایتانە کە کار دەکەن لەسەر بڵاوبوونەوەی بەدڕەوشتی‌و کاری سیخوڕی لەجیهان، کە هەمان شت کۆشکی سپیشی گرتووەتەوە.

ئێستا فەیس بووک ٤٠٠ملیۆن بەشداربووی هەیەو زۆربەی بەکاربەرانیشی بۆ کاری سیخوڕی دەچنە ئەو وێبسایەتەوە.

# کوێری
# Blindness

ئا: بێساران فەیرۆز حەسەن



دەرهێنەر: فێرناندۆ میرلێس
فیلمنامە: دۆن مەک کێلەر، لەسەر بنەمای ڕۆمانی کوێری نووسینی خۆزە ساراماگۆ.
ئەکتەرەکان: جولین مۆر، مارک روفالۆ، ئالیس براگا، یوسوکە ئیسیا، دۆن مەک کێلەر و....
بەرهەمی: کەنەدا، بەرازیل، یابان-٢٠٠٨.

کورتەیەک لەچیرۆکی فیلمەکە:
لەمیانەی دیاردەیەکی کتوپڕی نامۆدا، ژمارەیەکی زۆر لەمرۆڤەکان کوێر دەبنو بەجیاواز لەنابینایانی دیکە، جیهانی دەورەوە بەڕەنگی سپی دێتە پێش چاویان. ئەم ڕووداوە لەلایەن کاربەدەستانی حکومەتەوە بەبڵاوبوونەوەی جۆرێک لەڤایرۆس دەستنیشان دەکرێتو بەوهۆیەشەوە کەسانێکی زۆر لەجێگەیەکی تایبەتدا بەند دەکرێن. بەندکراوەکان پاش ماوەیەک بۆ بەدەستهێنانی خواردەمەنی ڕووبەڕووی گرفت دەبن، بەتایبەتی لەڕووی بەدەستهێنانی خۆراکەوە قەیرانیان بەسەردا دێت. دوای ماوەیەک بۆیان دەردەکەوێت تەنانەت پاسەوانەکانیش تووشی کوێری هاتوونو دەرگاکانیان بەکراوەیی بەجێهێشتووە. ئیدی ئەمانیش هەوڵی دەربازبوون دەدەنو دێنە دەرەوە... ئێستا دیاردەی کوێری باڵی بەسەر هەموو جیهاندا کێشاوەو مرۆڤەکان ڕووبەڕووی گرفتی زۆر گەورە دەبنەوە، دواجار ئەم دیاردەیە بەو شێوەیەی کە جیهانی داگیر کردبوو بەهەمان شێوە لەبەین دەچێتو هەموو بیناییان بۆ دەگەڕێتەوە.


خۆزە ساراماگۆ نووسەری پورتوگالی خاوەن خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات، بەهۆی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی بۆسەر زمانە زیندووەکانی جیهان، کەسێکی بەناوبانگو ناسراوە. فیلمی کوێری باشترین ڕێگەیە بۆ پەی بردن بە ناوەڕۆکی کتێبەکە. فیلمی کوێری دووەمین وەرگێڕانە لەچیرۆکەکانی ساراماگۆ، یەکەمینیان (بەلەمی بەردین) بوو کە "لۆلیزە" لەساڵی ٢٠٠٢ دا لەچوارچێوەی فیلمێکدا نمایشی کردو سەرکەوتنی باشی بەدەستهێنا.

لەم فیلمەدا بەڕواڵەت هەست بەسیحری وشەکان ناکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین ئەم فیلمە بەبەرهەمێکی سەرکەوتوو لەقەڵەم بدەین. لەبەر ئەوەی "میرلێس" توانیویەتی گیانی وتەکانی نووسەر بۆ ڕاگەیاندنێکی دیکە بەباشی بگوێزێتەوە.

فیلمی کوێری چیرۆکی ڕابەرایەتیکردنی دەورروبەرە، ئەویش بەشێوەیەکی ستەمکارانەو دیکتاتۆرانە.

فیلمی کوێری چۆنیەتی دروستبوونی ئەم جۆرە حکومەتانەو ڕاوەستان لەبەرامبەر ئەم جۆرە دەستەڵاتانەمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەم شێوەیە کە نابێت لەبەرامبەریاندا تووشی کوێرییەکی گەشبینانە (لە جۆری ڕەنگە سپییەکەی) ببین. کوێری دەشێت لەزۆر هۆکار، بەتایبەتی لەسروشتی مرۆڤ یان خواستی مرۆڤ بۆبەدەستهێنانی هێزو دەستەڵات سەرچاوە دەگرێت. کوێری لە ڕووی سیاسیو کۆمەڵایەتییەوەهەمیشەلەکەمیندایەو لەدەستدانی تەنها هەستێک دەشێت ببێتە هۆی ستەمکردنێکی دڕندانە بەرامبەر بە دەورووبەر، دڕندەییەک کە دەشێت قوربانیی زۆری لێ بکەوێتەوە، بەڵام کاتێک کە بینایی دەگەڕێتەوە، وەک قارەمانی کتێبو فیلمی کوێری تەنها شتێک کە وەبیر دێتەوە، ئەو توندو تیژییەیە کە پێشتر ڕووی داوە!

ئەم فیلمە خاوەنی دوانزە خەڵاتە، لەوانە: پێنج خەڵاتی ABC Trophy بۆباشترین دەرهێنانو باشترین سینەماتۆگرافیو باشترین ئێدیتینگو باشترین دەنگ هەڵگرتن لەمەراسیمی ئەی بی سی سینەماتۆگرافی ٢٠٠٩، چوار خەڵاتی Cinema Brazil Grand Prize لەمەراسیمی خەڵاتی گەورەی سینەما لەبەرازیل ٢٠٠٩، خەڵاتی WGC Award لەلایەن ئەنجومەنی نووسەرانی کەنەدا ٢٠٠٩، خەڵاتی بۆقی زیوینو سێزار کارلۆن لەمەراسیمی cameimage، خەڵاتی جوانترین لۆکەیشن لەفستیڤاڵی ستیگز، پاڵێوراو بۆ دارخورمای زێڕین لەفێستیڤاڵی کەنو پاڵێوراو بۆ سیانزە خەڵاتی تر.




# د. نیگار حەسیب قەرەداغی
# ئەزمونەکانی لابۆری شانۆی لالش دەکاتە وۆرکشۆپ

هونەرمەندی شانۆکار د.نیگار حەسیب قەرەداغی لەسەر بانگهێشتی وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوانی کوردستان بۆ بەئەنجامگەیاندنی چەند پرۆژەیەکی هونەریی کە لەکۆتایی ئەم مانگەوە تا ناوەڕاستی مانگی داهاتوو لەشارەکانی هەولێر سلێمانی ئەنجامیان دەدات، لەنەمساوە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

لەم سەردانەیدا هونەرمەندی ناوبراو چەند وۆرک شۆپێک لەسەر شێوەی تایبەتی لابۆری شانۆی لالش بۆ مەشقو ڕاهێنانی دەنگیو جەستەیی لەژێر میتۆدی "دەنگ وەکو سەرچاوە" بەڕێوە دەبات کە بەرئەنجامی چەندەها ساڵ ئەزموونو کارکردنی پراکتیکیو لابۆریی هەردوو ئەزموونکاری شانۆ نیگار حەسیبو شەماڵ عومەری هونەرمەندن.

هەر لەم گەڕانەوەیدا ئەزموونەکانی لابۆری شانۆی لالش لەنێوان ساڵی ٢٠٠٢ تا سەرەتای ٢٠١٠ کە لەچەندەها فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی بۆ شانۆو موزیکو پێرفۆرمانس لەوڵاتانی جیهاندا نمایشکراون، وەکو پێشانگایەکی فۆتۆگرافی شانۆیی کە بریتین لەنزیکەی ٥٠٠ وێنە بەفۆرماتی گەورە پێشکەش دەکات.

بەدەر لەوانە دوو فیلم کە یەکەمیان هەڵبژاردەی تەکنیکی تایبەتو داهێنەرانەی نیگار حەسیب لەخستنەکاری دەنگو خوڵقاندنی ئەکسیۆنی دەنگی لەپرۆژەی پێرفۆرمانسی لابۆری شانۆی لالشدا کە لەچەند وڵاتێکی جیاواز دیکۆمێنت کراون، بەتایبەتیش لەلابۆرەکەی گرۆتۆفسکی لەپۆڵۆنیا، نمایشت دەکات. دووەمیشیان فیلمێکە لەسەر بەشێک لە شێوەی ڕاهێنانو مەشقی دەنگیو جەستەیی لابۆری شانۆی لالش بەرابەر نیگار حەسیبو شەماڵ عومەر لەتەک بەشدارانی نێونەتەوەیی کە ئەمیشیان دیسانەوە لەچەند وڵاتێکی جیاواز پراکتیزەودیکۆمێنتکراون.



دیمەنی یەکێک لەنمایشەکانی د. نیگار حەسیب قەرەداغی

# بەدیعە دارتاش ڕێزی لێدەنرێت



سەربەست ساڵح

دەسپێکی وەرزی ئەمساڵی چالاکییەکانیان بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەرێزلێنان لەهونەرمەندی بەناوبانگ بەدیعە دارتاش دەستی پێکرد. خەڵاتی هەریەک لەسەرکۆماری عێراقو چەپکە گوڵی ڕێزلێنانی تیپی شانۆی سالارو ستۆدیۆی ئەکتەرو چەپکە گوڵی مامۆستایانو خوێندکارانی بەشی شانۆ پێشکەش بەبەدیعە دارتاش کرا.

بەدیعە دارتاش لەساڵی ١٩٤٦ لەشاری سلێمانی لەگەرەکی مەڵکەندی لەدایکبووەو یەکێکە لەو خانمە هونەرمەندانەی لەسەر وەختی خۆیدا ریکێکی گەورەی کردووە بەهاتنەناوەوەی بۆسەر تەختەی شانۆ، چونکە ئەوکات کۆمەڵگی کوردی خوێندنی شانۆو ڕۆڵبینینی کچانی بەکارێکی حەرامو نەشیاو دەزانی، بەڵام دارتاش بەگژ هەموو ڕێگرییەکاندا چوەو تائیستا کاری دەرهێنانی بۆ ٤٣ شانۆگەری کردوەو لەزۆربەی ئەوکارانەنەشدا ڕۆڵی بینیوە، هەروەها لەهونەری ئۆپەرێتو چەندین کورتە فلیمو زنجیرە دراما‌دا بەشداری کردووە.

دوا بەدوای بەخشینی خەڵاتی ڕێزلێنان بەخاتوو بەدیعەت دارتاش وەرزی نوێی چالاکییەکانی بەشی شانۆ دەستپێکردو شانۆیی سەربازی ون پێشکەشکرا کە لەنووسینی ناهیزە رەمەزانیو وەرگێرانی هەورامان وریا قانعو دەرهینانی توانا فەرهادو نواندنی هەریەک لە دڵشاد حەمە عەلیو کەیوان ڕەحمانو بنار نزار نمایشکرا.

بڕیارە ئەم وەرزە شانۆییە تا ڕۆژی شەممەی داهاتوو ١/٥بەردەوام بێت.

# فیلمی ئێلینا نمایش دەکرێت


ئا: کاوە حەسەن

فیلمی elina لەدەرهێنانی کلاوس هارو یەوساڵی ٢٠٠٢ لەفیلەندا بەرهەمهێنراوەو نەتالیا مینیفیکو بابی ئەندرسۆنو مەرجانە میگیلە ڕۆڵی تێدا دەبیننو ماوەکەی ٧٠خولەکە.

دەرهینەری ئەم فیلمە کە ساڵی ١٩٧١ لەوڵاتی فیلەندا لەدایک بووە، زیاتر لەسەر چەمکی ئازادیو پەیوەستبوون بەنیشتیمانەوەو مافی هاوڵاتیبوون چ لەناوەوەی ولاتو چ لەدەرەوەی وڵات دەدوێ، زۆربەی کەسایەتیەکانی مرۆڤی ستەملێکراوو هەژاری بێدەرامەتن، بەڵام لەناخەوە کەسانێکی باوەڕ قایمنو هەمیشە پشتی یەکتریی ئەگرن لەکاتی تەنگەژەدا.

سەرەتای فیلمەکە دەمانگەڕێنێتەوە بۆساڵەکانی ١٩٥٢ لەوڵاتی سوید کە بەدەنگی کچێکی منداڵ دەست پێدەکات کە لەناو گژوگیا دانیشتووەو قسە بۆ باوکی ئەکات بەبێ ئەوەی باوکی لەوێ ئامادەبێت، پاشان لەدوورەوە دەنگی دایکی دەبیستین کە بانگی ئێلینا دەکاتو پێیدەڵێت نابێت لەم زەلکاوە یاری بکەیت، چونکە ئەمە شوێنی یاری نییە، ئێلیناش پێیدەڵێت کە باوکی ڕایهێناوە چۆن یاری بکاتو نەترسێت، لەنێوان زەلکاو و باوکو دایکدا فیلمەکە بەردەوام ئەبێت تاکو ئێلینا دەچێتە قوتابخانەو لەوێ جگەلەوەی کە دەبێت بەزمانی سویدی بدوێتو نابێت بەزمانی فیلەندی قسە بکات ڕووبەڕووی بەڕێوبەرێکی دڵرەقی سیستمپەرست کە ناوی (تۆرا هۆڵم)ە ئەبێتەوە مرۆڤی ئیماندار چەند لەشەیتان ئەتۆقێت ئەوا ئەم قوتابیانەش لەم دێوەزمەیە دەترسن، بەڵام ڕووداوەکان بەم شێوەیە نامێنێتەوە، هەر بەهاتنی ئێلینا بۆ ئەم قوتابخانەیە وانەیەکی وا ئەدات بەبەڕێوەبەری قوتابخانەکە لەژیانیدا لەبیری نەچێتەوە.

ئەم فیلمە ١٢ خەڵاتی جیهانی بەدەستهێناوە لەوانە خەڵاتی: بەرلین، شیکاغۆ، ڤالانسیا، مۆنتریاڵ.




**خوێنەرانی بەڕێزی نم نم و هەر بینەرێکی دیکە دەتوانن کاژێر ٤:٣٠ی پاشنوەڕۆی شەممە ٢٠١٠/٥/١ لەگەلەری سەردەم لەسلێمانی ئەو فیلمە ببینن.**

# بۆ جاری پێنجەم:
# ریهانا پلەی یەکەمی پێشبڕکێی بیلبۆردی بەدەستهێنا

لایەن سدیق

وەک دیارە هەوڵی هەر ئەستێرەیەک بۆ گەیشتن بە لوتکەی پێشبڕکێی بیلبۆرد بوە بەکارێکی ئەستەم لەم کاتەدا، چونکە ئەوە بۆ هەفتەی پێنجەمە کە ریهانەی ئەستێرەی ئەسمەر بە گۆرانی "Rude Boy لوتکەی پێشبڕکێکەی گرتوە لە ناو ١٠٠گۆرانیبێژدا.

لەسەر ئەمەش هەریەک لە R&B ی گۆرانیبێژ بە گۆرانی 'Nothin on You"لە پلەی دوەمدا دەبێت و "Hey, Soul Sister لە پلەی سێیەمدا دەبێت.

لەلایەکی ترەوە هەردو گۆرانی "Break Your Heart"ی تایۆ کرۆزو "In My Head"ی جایسۆن دیرۆلۆ لەم هەفتەیەدا چونەتە ناو لیستی باشترین گۆرانی پێشبڕکێکە.

جێی باسە جاک جۆنسۆن بە گۆرانی "You and Your Heart" لەم هەفتەیەدا سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەستهێناو توانی بگاتە لیستی باشترین ٢٠گۆرانی.

لەلایەکی ترەوە ریهانا خۆی ئامادە دەکات بۆ گەشتی داهاتوی گورانی وتنی بەناوی Last girl on earth" کە لە ٢ی مانگی یۆلیۆ/ تەموز بە هاوبەشی لەگەڵ کیشای گۆرانیبێژ دەستی پێدەکات.



بێکاریی‌و
کاریگەرییە دەروونییەکانی
4




Reklam

نم نم
لە خەڵکەوە بۆ خەڵک
21 Nmnmpress@yahoo.com
بۆ پەیوەندی: 07710268004 - 07480151705 - 3186176
ناونیشان: سلێمانی شارێی سالم تەلاری سلێمانی مۆڵ - نهۆمی دووەم
خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای ڕووداو

# لەسێ مانگی ڕابردوودا 66 منداڵ نەوت دەخۆنەوە

17

## دانیشتوانی کەلارو هەڵەبجە مۆبایلەکانیان دەکوژێننەوە

گۆڕینی کارتی پڕکرنەوەی باڵانسی مۆبایل لەدۆلارەوە بۆ دینار، نیگەرانی هاووڵاتیانی لێدەکەوێتەوەو پێیانوایە ئەو گۆڕانکارییە بەزیانی ئەوانە، هەربۆیە داوادەکەن کۆمپانیاکانی مۆبایل ئەو کێشەیەیان بۆ چارەسەر بکەن، چونکە لەفرۆشگاکاندا کارتەکانیان گرانتر پێدەفرۆشنەوە.

کامیار سەلام،٢٧ساڵ، هاووڵاتییەکی نیشتەجێی سلێمانییەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەوکاتەوەی کارت کراوە بەدینار کارتێکی زۆرتر دەکرێت‌و بەوەش پارەیەکی زۆرتری لێدەڕوات، «پێشتر هەفتەی کارتێکی ١٠دۆلاریم بەکاردەهێنا، ئێستا کارتێکی ٢٠هەزاریش بەشم ناکات، جگەلەوەش کارتێکی پێنج هەزاری دەکڕین بە ٥٢٥٠دینار».

هەر لەدرێژەی نارەزایی هاووڵاتیان، دوێنێ کۆمەڵەی پەیامی خەڵک لەشاری هەڵەبجە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوەو تێیدا ئاماژەی بەوە داوە کە پەیوەندیکردن لەهەرێمی کوردستان پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، «لەئێستاشدا چەند کۆمپانیایەکی پەیوەندیکردنی وەک ئاسیاسێڵ‌و کۆڕەک تیلیکۆم دەستبەکاربوون‌ولەسەرەتای‌ئەژمارکردنی پەیوەندییەکانیان‌بەدۆلاری‌ئەمریکی‌بووە، بەڵام لەماوەی چەند هەفتەی پێشوودا کارکردن بەیەکەی پەیوەندیکردن لەدۆلارەوە گۆڕا بۆدیناری عیراقی، لەو گۆڕانکارییەشدا بەپێی شارەزایانی بواری ئابوری، تەنها هاووڵاتیانی بەشداربوو زەرەرمەندبوون».

لەلایەکی دیکەوەو لەسەر هەمان کێشە، دوێنێ ڕێکخراوە مەدەنیەکانی ئیدارەی گەرمیان بەیاننامەیەکیان لەدژی گرانکردنی نرخی کارت‌و گۆڕینی بۆ دینار بڵاوکردەوەو دوای بەیاننامەکەش دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان بۆماوەی یەک کاژێر مۆبایلەکانیان داخست‌و خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان لەسەر شەقامی گشتی کەلار ڕێکخست.

نم نم بۆبەدواداچوونی ئەو کێشەیە پەیوەندیکرد بەد.دیار ئەحمەد بەڕێوبەری جێبەجێکار لەکۆمپانیای ئاسیاسێڵ‌و بەهۆی داخراویی مۆبایلەکەیەوە بەردەست نەکەوت، بەڵام سەرچاوەیەک بەرپرس لەکۆمپانیای ئاسیاسێڵ کە نەیویست ناوی بهێنرێت، ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان هیچ نرخێکیان زیاد نەکردووە جگە لەنرخی مۆبایل بۆ تەلەفۆنی کورتێڵ‌و فانۆس، «پێشتر یەک خولەک تەلەفۆن بۆ کورتێڵ‌و فانۆس چوار سەنت بوو، ئێستا کراوە بەهەشت سەنت»، هاوکات هۆکاری ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ حکومەتی عێراقی کە داوای کردووە نرخی پەیوەندی بۆتەلەفۆنی نۆرماڵی هەموو عێراق یەک نرخ بێت.

سەبارەت بە گرانکردنی کارتیش، ئەو سەرچاوەیە جەختی لەوە کردەوە کە ئەوان کارتیان گران نەکردووەو لەلایەن هەندێ فرۆشیارەوە کارت گران کراوەو بەدواداچونی بۆ دەکەن.

### د. نیگار قەرەداغی
### بە چەند پرۆژەیەکی هونەرییەوە دەگەڕێتەوە

هونەرمەندی شانۆکار د.نیگار حەسیب قەرەداغی لەسەر بانگهێشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و لاوانی کوردستان بۆ بەئەنجامگەیاندنی‌چەندپرۆژەیەکی هونەریی کە لەکۆتایی ئەم مانگەوە تا ناوەڕاستی مانگی داهاتوو لەشارەکانی هەولێر سلێمانی ئەنجامیان دەدات، لەنەمساوە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

لەم سەردانەیدا هونەرمەندی ناوبراو چەند وۆرک شۆپێک لەسەر شێوەی تایبەتی لابۆری شانۆی لالش بۆ مەشق‌و ڕاهێنانی دەنگی‌و جەستەیی لەژێر میتۆدی «دەنگ وەکو سەرچاوە» بەڕێوە دەبات کە بەرئەنجامی چەندەها ساڵ ئەزموون‌و کارکردنی پراکتیکی‌و لابۆریی هەردوو ئەزموونکاری شانۆ نیگار حەسیب‌و شەماڵ عومەری هونەرمەندن.

18



Reklam

